# هزری خێڵەکی
# لەنێو
# ناوەندە سیاسییەکانی کوردستاندا

## ٢_مانیفێستی فیودالیستی کوردستان
## لە ناو
## جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانیدا

کاوه نادر قادر

٢٠٢٣

پێشکەشە بە گیانی ئەو تێکۆشەرانەی کە گیانی خۆیان بەختکرد لەپێناو پێشکەوتن وپەرەپێدانی کۆمەڵایەتی،لەسەرووی هەموویانەوە، گیانی پاکی شەهیدی بیرمەندو سەرکردەی نەمر:

## "رەئوف کامیل ئاکرەیی" .

# بۆ چوونە ناو باس

هزری سیاسی خێڵەکی باوی ئێستای نێو کۆمەڵگەی کوردستانی، ڕەهەندێکی ئابووری وکۆمەڵایەتی ورەگێکی مێژووکردی خۆی هەیەو هێمایەکە کە ئەو چینە مۆدێرنانەی لەو دوایە سەریان هەڵداوە، کاریگەریان لاواز بووە لەو نێوەندەدا وهێزە سیاسییەکانی ئەو چینە مۆدێرنانە نەیانتوانیوە لەئاستی پێویست بن و زاڵ بن بەسەر جولانەوە کۆمەڵگەیەکانی دیکەی نێو . بەتایبەتی دوای ئەوەی خێڵ وفیودالیستی کوردستانی نەیتوانیوە بە ئەرکە مێژووییەکەی خۆی لەیەکخستنی میرنشینە کوردییەکان، هەڵبستێ. بەهەر جۆرێک بێ، بتوانن جولانەوەیەکی نیشتیمانی کوردستانی ڕابەرایەتی بکا وخاک وگەل یەکخا ولە لۆکاڵیەتییەکەی دەرباز ببێ، هەر لەو جغزو بازن ونێوەندەدا، سوڕبخواتەوەو ئاوێزانی ژیانی مۆدێرن ونیشتیمانپەروەری ببێ و وابەستەیی بە هێزە دەرەکییەکان، بێباوەڕی بە داهاتووی کوردستان بخولقێنێ، تەنانەت نەیتوانیوە سنووری پانتایی ئەو لۆکاڵیتەی بکاتە خێڵستانەکەی کە خۆی ئامانجێتی و دەسەڵاتەکەی فراوانتر بکا.هەر بۆیە ئەو ڕەوشە کاریگەری نەرێنی زۆری کردۆتە سەر خەباتی نزیکە سەدەیەکی سیاسی وئاڕاستەکانی دیکەی خەباتی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی، بەتایبەتی لەبرەودان بەپارچەگەری ولۆکاڵیەت وبە مەرکەزیەتیکردنی دەسەڵات وقیتکردنەوەی سمبولێک لەو جۆری خۆیان دەیانەوێ نەک وەک ڕزگاری نیشتیمانی کوردستانی پێویستە هەیبی. بزرکردنی ناسنامەی کوردستانی و تێکەڵکردنی ئەو پێناسە نیشتیمانییە بە قەوارەکانی دەستکردی داگیرکەر، لەبنەڕەتدا بە مەبەست وئامانج بووە بۆ ئەوەی بەرژەوەندییەکانیان بپارێزرێ و سەرکردایەتی لەدەست خۆیان بمێنێتەوەو بۆیە بەبێ قیبلەنامە لەنێو فەزایەکی فەوزای بێ پلاندا، ئەو خەباتە بەڕێوە دەبن، لەوەش مەترسیدارتر، هەر ڕێچکەو ئاڕاستەیەک بەرەو چەسپاندنی ئیرادەی سەربەخۆی گەلی کوردستانی

بڕواو بەرنامەڕێژی نیشتیمانی دروست ببێ، ئەو هزرە خێڵەکییە بە چەک و توندوتیژی دوژمنداری دەکاو دەچێتە ناو بەرەی شەیتان بۆ لەناوبردنیدا.بۆیە لەبەر ئەوەی بەرنامەڕێژی وسەرکەوتنەکانی ئەو چینە فیودالیستییە بەدەستوقامەتی خۆی نەبووە، ئیرادەی سیاسی بەستراوەتەوە بە هەندێ وڵاتی هەرێمی و بگرە هێزە کاریگەرییەکانی نێودەوڵەوتی، گرەو لەسەر بلانسی ئەو هێزە کۆمەڵاتیانە دەکات کە ململانێ بەڕێوە دەبەن بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان لە سایەی هێزە دەرەکییەکان نەک هێزە نیشتیمانییەکان. دەسکەوتی ئەو هێزانەش کە لەپەراوێزی رووداوەکانی هەرێمی ولەشەپۆلی ئەو روداوانەی کە دەسکەوتی شلوشۆق و بەرژەوەندی چینێک بەدەست هاتووە نەک هەموو گەل. لەگەڵ ئەو هەموو گۆڕانکاریانەی جیهانگەرایی ولەناوچوونی جۆری بەرهەمهێنانی شوانکارەیی وکشتوکاڵی روویداوە، کەچی تا ئێستا کەلکەری ئەو هزرە خێڵەکییە هەر رەشنووسێکە بۆ پڕۆژەیەکی کۆمەڵاتییەکەی و رۆڵی لەبەرزبوونەوەدایە لە نێو . ئەو پەیوەندییە مۆڕاڵی و ویژدانی و روحییەی لەنێوایاندا ماوەو بەهێزە و سەرلەنوێ زیندووبۆتەوە کە ناچێتە نێو پەرەسەندن و تیۆری گەشەکردن، بەشێوەیەک لەشێوەکان دەسەڵاتێکی سەربەخۆیی هەیە لەنیمچە دەوڵەتی، کە دەخوازن ببنە میرنشینێکی سەربەخۆ. زیندووکردنەوەی بیروبۆچوونەکانی ئیبن خەلدونە کە "هاوکێشەی خێڵ ودەوڵەت رادەگرێ"{القبيلة و السلطة في الشرق الاوسط - حلقة في تلفزيون الجزيرة _٢٠٠٤/٤/٣}، ئێستا هزری خێڵ بۆتە ئایدۆلۆژیاو سەرداری بەڕێوەبردن وئیدارەدان لە رێگەی قۆناگر(رەچەڵەک)و خزمخزمانێ. ئەو نوسینە هەوڵێکی خاکەڕاییە بۆ ماهیەت و تێفکرینی ئەو هزرییە کە رەفتارەکانی ئەو دەسەڵات و حزبانەی لەکوردستان ئەنجامی دەدەن، لەنێو رایەڵەی ئەو تێفکرینە سیاسیانە کە گرتیتیانە بەر. بێ ئەوەی نکوڵی لەهەبوونی توخمی خێڵەکییەتی نێو کۆمەڵگەی کوردستان بکەین و

وەدەریان خەین لەشرۆڤەی هەڵوێست و رەفتارەکانیدا، دەبێ راستییەکانی ئەو رەوتە پاشڤەڕۆیە بەهەند هەڵبگیرێ.

٢٥ی تەمموزی ٢٠٢٣

هەولێر

# ناوەڕۆک

## بەشی یەکەم

_ بۆ چوونە ناو باس.
_ خێڵ وەک پێکهاتەیەکی زاڵی کۆمەڵگە .
_ هزری خێڵ.
_ خەسڵەت ورەفتارەکانی خێڵ.

## بەشی دووەم

_ پێشەکی
_ دەرکەوتە تازەکەی خێڵ لە ناو سیاسەتی کوردستانیدا.
_ ماکی فیودالیستی وخێڵەکی لەنێو رێکخستنە سیاسییەکاندا.
_ هزری خێڵەکی فیودالیستی لەنێو کایەی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستاندا.
_ بەخێڵکردنی نەتەوە یان بەنەتەوەکردنی خێڵ.
_ خێڵ وترس بوون لە ناوچووندا.
_رەشماڵ وسەرۆکی خێڵ لەدەسەڵاتی شوانکارەیدا.
_ ئەقڵیەتی پڕوپاتاڵ وپشک پشکێنە لە مومارەساتدا.
_ پەیوەندی وهاوکێشەی هێز لەنێو جەستەی کۆمەڵگەی کوردی.
_ پیرۆزکردن لەلای خێڵ

_جەستەی کورد لە نێو پەیوەندییەکانی وا بەستە بە نەتەوە سەردەستەکان.

## بەشی سێیەم

_ حزب لە خەیاڵدانی خێڵدا.

_ حزب وەک بەرهەمهێنانەوەی فێرژنێکی نوێی خێڵەکی.

_خەباتی بە فیرۆچووی شۆڕشگێڕانی کوردستان.

_ بزرکردنی ناسنامەوگۆڕینی دۆزی بە پۆست پایە ناسینەوەی ناسنامەی کوردستانییەت لەنێو فەزای پێناسەی داسەپاودا.

## بەشی چوارەم

_ خێڵ و دەوڵەتداری.

_ دەوڵەت و خێڵ دوو ئاڕاستەی بەیەک ناکۆک.

_ سۆسۆلیژیەتی گروپی دەسەڵات.

_ ئاین و دەسەڵات.

_ هێزەکان وەک موڵکی بنەماڵەکان.
_ ئارەزووکردن لە فاشیزم .

_رووی ناوەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی خێڵەکی .

_ رووی دەرەوەی دەسەڵات.

_ملکەچی بەزۆر و ملکەچی بە خوایشت.

_ کایەی هێز و پەیوەندییەکانی ناهاوسەنگی هێز.

## بەشی یەکەم

_ بۆ چوونە ناو باس.

_خێڵ وەک  پێکهاتەیەکی  زاڵی کۆمەڵگە .

_هزری خێڵ.

_خەسڵەت ورەفتارەکانی خێڵ.

## بۆ چوونە ناو باس

گومان لەوەدا نییە، کۆمەڵگەی کوردستان کۆمەڵگەیەکی رۆژهەڵاتییەو پەیوەندییە خێڵەکییەت هێشتا باوە تێدا، بەڵکوو زۆربەی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی ودابونەریتەکان و سیاسییەکانیشی تا ئێستا لەلای خۆی بەو هزرە دیل کردووە، ئەگەر بەپێی ئەدبیاتە مارکسیستەکانی کلاسیکی سەیری رەوشەکە بکەین، ئەوا واقیعی سیاسی رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵاتییە وجولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان لەپشت چیناتییەکانی ئەوکۆمەڵگەیە نەهاتۆتە ئاراوە، بەڵکوو دروستبوونی حزبەکان وشادەماری سیاسەتەکانیان لەو جۆگەڵەو بەرژەوەندی ئەو چینانە ، ئاو دەخۆنەوە، ئەو چینانە کە لە باڵادەستن یاخۆد کایەیەکی بەهێزیان هەیە، بۆ بەرژەوەندییەکانی چینیاتی تایبەت بە خۆیان، بەشداری خەباتی نیشتیمانی دەکەن، نەک خۆشەویستی بۆ ئازادی ورزگاری کوردستان لەچەنگ داگیرکەران وەک بانگەشەی بۆ دەکەن. هەر بۆیە لەسەر شۆرشگێرانی مۆدێرنی کوردستان پێویستە، کە دەستنیشانی ئەوهێزانە بکەن کە تاسەر بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ رزگاری وسەربەخۆییە وهاوێریان کەن لەگەڵ ئەوانەی کە بۆ بەرژەوەندییە چیناتییە تایبەتییەکانیان هاتوونەتە نێو شۆڕش ولە پەنای و ماسکی رزگاری نیشتیمانی و لاف لێدان بە کوردایەتی. دەرفەت بەبەزاندنی هێڵی هێزەکانی کاریگەری شۆڕش نەدەن بۆ رزگاری و سەربەخۆیی، لەگەڵ هێزەکانی دژە شۆڕش (شۆڕشی چەواشە). یاخۆد سواربوونی شەپۆلی ئازادی بۆمەرامی تەسکی چینیایەتی خۆیان، ئەو رەوشەی جولانەوەی نیشتیمانی کە بەهزری خێڵەکی وفیودالیستی رابەرایەتی دەکرێ، لەخۆبەستنەوە بەو تەوەرو جەمسەرانەی کە لەهەرێمی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کاراکتەری بەهێزن، بەهەمان شێوە داوا لەوانەی لەخۆیان بێ هێزترن دەکەن بەهەمان ستایل گرێدراوی خۆیان بن و بە هەمان ستایل سیاسەت بەڕێوە ببەن. ئەو جۆرە زهنیەتە، لەکاتی تەنگانەدا رێوی نێو دۆڵەکان، لەکاتی خۆشیشدا دابەشکردنی دەسکەوتەکانیشدا، شێری سەر تەخت و مەیدانن،"ئەگەر دەسکەوتەکان بۆ من نەبێ ناهێڵم بۆکەسی دیکە بێ"، وەک شۆڕشی چەواشە

بانگەشەی بۆ دەکا. لەهەمان کاتدا، لەپێشینەی بۆ داخوازیی وخواستەکانی خۆی دادەنێ،نەک چارەسەری بنچینەیی دۆزی کوردستان بەپێی ستراتیژییەکی گشتگرەوە کە ئاوی تەکتیکییەکانی لەجۆگەڵەی ئاشی ستراتیژییەکە بکەنەوە. بۆیە دەبینرێ سەرکردەیەک لەجیاتی هەموو کوردستانیان بیردەکاتەوەو لەسەرووی هەموو یاسایەکەو پلەیەکی ئیداری وسیاسی کوردستانی بڕیار دەدا وخزم وکەسە هەرە نزیکەکانی لەکوردستان بەرداوەو بازرگانی بەدۆزی کوردستان دەکات بۆخواست مەرامەکانی خۆیان.هەر بۆیە یەکێ لەکێشە هەرە سەرەکییەکانی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان، نەبوونی سەرکردەیەکی نیشتیمانییە کەئیش بۆ تەکامولی و یەکخستنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان بکات، بەڵکوو هەمووی خۆی بەسەرکردەی نیشتیمانی دەزانێ و چەندە حزبەکەی گەورە بێ، بەڵام ئەقڵی لەحزبەکەی وعەشیرەتەکەی وشارەکەی وبنەماڵەکەی زیاتر بڕ ناکا، سەرکردەیەک گرنگی بە بەرژەوەندی بنەماڵەکەی بدا پتر لەبەرژەوەندی میللەتەکەی وسەرکردایەتی حزبێک بکا جودایی لەنێوان دۆست ودوژمنی نەکا و بەردەوام هەست بە ئەمانەت ناکا ولەسێبەری خۆیی بە گومان بێ و بەردەوام لەلێپرسراوەتی وگیانی بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێڕی لەهەندێ وەرچەرخانی پێویستدا، بیر لەخۆیان و ماڵ ومنداڵیان دەکەنەوە و خۆ لە سەرکردایەتی وبەرپرسیایەتی دەدزنەوە"نازانن بەردی دامەن یان یاریکەرەکەن"(احمد داود ئۆغلو(٢٠٠٦)/العمق الاستراتيجي....... ص٥٤)،ناتوانێ سەرکردەی شۆڕشگێڕانی وڵاتەکەی بکات کەدەیانەوێ بۆ ناکۆکییە سەرەکییەکە کار بکەن ویەکلایی بکەنەوە بەقازانجی گەلی کوردستان بۆ رزگاری وسەربەخۆیی کوردستان، نەک خۆبەدەستەوەدان بەئەمری واقیع ساز وسەودا بە دۆزە رەواکەی گەلەکەیان بکەن، هەر بۆیە لێرەدا دۆزی کوردستان وەک پرۆژەیەکی کۆمەڵگەی سیاسی سەیر دەکرێ کە ئامانجە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکانی تیادا بەرجەستە بکرێ، نەک بەرژەوەندی چینی باڵادەستی کۆمەڵگەی کوردستانی لەفیودالستەکان و سەرۆک خێڵەکان، بۆیە دۆزەکە لەسەرتەرازووی هێزی سیاسیی یەکلاناکرێتەوە، بەڵکوو لەسەر بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی وئامانجەکانی گەلی کوردستان یەکلا دەکرێتەوە، کە رەنگە لەسەر دەستی

هێزێکی بچکۆڵە نەک بەهێز، لەدەرفەتێکی گونجاو وفەزا و فورسەتی خۆیدا بەرجەستە بکرێ،  هەر بۆیە "جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی، هەر ناو نییە بەڵکوو پڕۆژەیەکی سیاسی وکۆمەڵاتییە، لەبەرخودانی شۆڕشگێڕیی وهەر مۆدەیەک نییە، بەڵکوو ململانێیەکە لەپێناو گۆڕانکارییەکی ریشەیی کەدوا رۆژی سەربەخۆیی ورزگاری یەکجارەکی بەگەڵ دەبەخشێ"(سلامة كليلة(٢٠١٣)/ ماركسية اليوم.........ص١٩١).جولانەوەی نیشتیمانی کوردستان، بە فراوانی هزری خێڵ وفیودالیستی کوردستان پێ دزەیان کردۆتە ناوی وجومگەکانی ئەو جولانەوەیان بەچڕی کۆنترۆڵکردوە کەلەلایەن هەندێ یاخۆد یەک بنەماڵەی سەرۆک خێڵەکان وفیودالیستی کوردستانی دەستی بەسەردا گیراوە، کە"هەر بەرژەوەندییەکانی خۆی تیادا بەرجەستە ناکات بەڵکوو ئامادەیە جەوهەری دۆزەکە بەقوربانی بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات و لەپێناو ئەوەی نەوەک پێگەو پایەی بەدەستهاتووی لەدەست نەدات... "(كاوه نادر (٢٠١٠)/ دور الهوية الوطنيه في استقرار الشرق الاوسط، اطروحة ماجستير....ص٤١)، هەربۆیە دەسپێکی  بەرەنگاربوونەوەی شۆڕشگێرانی کوردستان لە ئێستادا، پێویستییەکی گرنگە بۆ بەرەنگاربوونەوەی هزری دواکەوتوو وپاشقەڕۆیی  خێڵ وفیودالیست لەنێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانیدا.

## پێناسەکردنی خێڵ

سەرەڕای بەکارهێنانی چەمکی خێڵ بە جۆرێکی فراوان لە بوارە جیاجاکاندا، بەڵام تا ئێستا یەک هێما وپێناسەی کۆگیری پێ نەبەخشراوە، بە هۆی تەماشاکردنی لەگۆشەی جوداو فرەیی ئاڕاستە فیکری ومەبەستی لێکدانەوەکان لەرووی کۆمەڵناسی ومرۆڤناسی – ئەنترۆپۆلۆژی (زانستی مرۆڤناسی) ودەروونناسی و.... هتد. هەر بۆیە هەر یەکەو بۆ ئاڕاستەی تێڕوانینەکانی خۆی کە گەرەکی بووە پێناسەی بکات، لێکی داوەتەوە. لەگەڵ ئەو هەموو مەبەستە جودایانە بۆ شیکردنەوەو پێناسەکردنی ئەو گردبوونەوەییە کۆمەڵاتییە. بەپێی

لێکدانەوەکانی لویس مۆرگانەوە گردبوونەوەی خێڵ لە دێرزەمانەوە لەسەر یەکبوونی خوێن ویەک رەچەڵەک وباب وباپیر دروست بووە، بەهەمان شێوەش ئیبن خەڵدون، بۆ یەک رەچەڵەک وقۆرتان ئاگر، ئەو گردبوونەوەیە دەگێڕێتەوە، لە دێر زەمانەوە وەک ئیبن خەلدون وڤیبەرو جاک رۆسو وکارل مارکس وفردریک ئینجلس وتۆماس هۆبز، ..... لەسەری کۆکن، کە ترسی ناوخۆیی ودەرەکی وگوزەران وباری ژیان، خێڵی یەک خستوە، هەروەها جوامێری وعەگیدی ومێرخاسی وژیری وکاریزمایی سەرۆک یاخۆد شێخی عەشیرەت یان هۆز یەکی نەخستوون زۆر جار یەک بەرژەوەندی وزۆر جاریش خراپەکاری وچەتوونی سەرۆک خێڵ وای لێکردوون یەک دابونەریت وزمان وکەلتوور بمێنەنەوە، نەوەک زەوی وگوزەرانی ژیانی هاوبەش لەدەست بدەن. هەر بۆیە دەکرێ بگوترێ: خێڵ وەک زاناکانی مرۆڤناسی (ئەنترۆپۆلۆژی) دەڵێن کە خێڵ جۆرێک لەکۆمەڵگەی سەرەتایی، مرۆڤ هاتۆتە ئاراوە پێش شارستانیەت ودەوڵەتداری تازەدا، "خێڵ درێژکراوەیەکی مێژوویی وبارودۆخێکی کۆمەڵایەتی سروشتی مرۆڤە، کە توانای گەشەسەندنی خۆی سەلماندووە، یەککگرتن وخۆگونجاندن لەگەڵ گۆڕانی ژینگەدا، وشایەنی ڕێز وپێزانینە" {فايد العليوى/ القبيلة: التكوين في سياق سياسي..... ص١٧٠/ ٥سبتيمبر ٢٠١٧ /المركز الثقافي للكتاب}. دووەمیان"قەرەباڵغییەکی مرۆڤە لەژێر سەرکردایەتییەک بە دەمارگیرییەکی خێڵەکی کە ئامانجی دەستبەسەرداگرتنی دەسەڵات وهەژموونی ناوخۆیی یان دەرەکییە"، {فايد العليوى/ هەمان سەرچاوە ..... ص١٧٠} لێرەدا دەبێت جیاوازییەکی ئەو خێڵانە بکرێت، کە وەک دامەزراوەیەکی کۆمەڵایەتی کاریگەر وبەرهەمدارن، کە لەناو پرۆسەی رزگاری نیشتمانیدا بەشداری دەکات لەپرۆژەی بنیاتنانەوەو گەشەپێدان، بەرگریکردن لەدەستکەوتەکان، وچەسپاندنی ئاسایش وسەقامگیری. لەگەڵ ئەوەی لە حاڵەتەکەدا هۆزی حزبی وتائیفی ودەمارگیری، وەک سیاسی، تاکڕەو، گۆشەگیری یان شەڕانگێز، مامەڵە دەکات. پێناسەی جودای هەیە، "نەخشێکە لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان کە سەرهەڵدەدەن بۆ ئەوەی توانای ڕووبەڕووبوونەوەی بارودۆخی سروشتی وسیاسی وکۆمەڵایەتی وئابووریدا، لە رادەبەدەری سەخت بەمرۆڤ ببەخشێت"،{ تعريف

القبيلة/ فريق  موقع بوابة علم الاجتماع/١ فنراير ٢٠٢٠}،یاخۆد دەگوترێ" یەکەیەکی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی یەکگرتووە بەسەر خۆیدا داخروە "{علي الجبلي / القبيلة و المجتمع، قراءة في أدوار القبيلة.......ص٦}، یان "گروپێکی کۆمەلایەتی و سیاسی و ئابوورییە یەکگرتووی خاوەن کەسایەتییەکی دیاریکراو کە لە گروپە مرۆییەکانی دیکەی جیای دەکاتەوە"{علي الجبلي / هەمان سەرچاوەی سەرەوە ..... ص٧}،"سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە، تاکەکانی دیدگاو چەمک ولێکدانەوەی تایبەتی خۆی هەیە سەبارەت بە دەوروبەری کۆمەلایەتی کە تیایدا دەژیت"{على الجبلي/ القبيلة والمجتمع.... ص١٤}، "ئامادەیەکی مەعنەوییە لەسەروی یاسا ودینی هەیە"{على الجبلي/ هەمان سەرچاوە .... ص٣٦}. خێڵ تەنها لۆژیک نییە، بەڵکوو ویژدانیشە لەو چوارچێوە ناسنامەیە سەربەخۆیەدا، لەبەرامبەر مەترسییەکانی دەرەکی بە وریایی دەمێنێتەوە وکاریگەریی خۆی لەسەر ژیانی ڕۆژانەی هەڵوێستەکانی تاکدا دەنێت.

بۆیە گردبوونەوەکە وەک قەوارەیەکی کۆمەڵایەتی کە لەدێر زەمانەوە  پێش دەوڵەت سەری هەڵداوە، قەوارەیەکە بەنەبوونی یاخۆ بێهێزی دەوڵەت گەشەو رەواجی دەبێ"{على الجبلى/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە ......ص٧}،  وەک مۆرگان دەڵی" گەورەترین یەکەی لێکتر نزیکبوونەوەی خزمایەتی و قۆرتان ئاگرییە لەگەڵ یەک"{فردریک انجلس(١٩٥٧)}/ اصل العائلةوالملكية الخاصة والدولة........ص٢٢}، یاخۆ "قۆناخێکە لەقۆناخەکانی مرۆڤی سەرەتایی یان دەکرێ بگوترێ قۆناخێکی خوارەوەی پەیژەی گەشەکردنی مرۆڤایەتییە"{محمد بن على المحمود/ القبيلة والوعي القبلي}، وەک "جاک ئۆگستین بیرکی" زانای کۆمەڵناسی فەرەنسی دەڵێ"هۆز نەک تەنیا لەرێگەی پەیوەندییەکانی خزمایەتی گەشە دەکات، بەڵکوو لەرێگەی ئەو گردبوونەوانەش  گەشە دەکات کە بەهۆی جولەی داگیرکەران یان هەڵهاتن وسەرگەردانی وفراوانبوون و بچووکبوونەوەی ئابووری شوانکاری و زۆربوون و تێکەڵبوونی گروپەکان، ڕوودەدات". بۆیە:

خێڵەکەیەت چەندین ئەرێنی و نەرێنی و نەخشەی ڕابردووی هەیە، هەربۆیە ئاوڕ لە دواوە دەداتەوە، نەک سەیری پێشە خۆی دەکات، جولەکانی ئەو لەسەر

بنەمای وەبیرهێنانەوەی ڕابردوو و بەکارهێنانی لە ئێستادا بەرجەستە دەکا و ئەم وەبیرهێنانەوەیە تەواو نابێت مەگەر ڕەگ و ڕیشەی لە ویژدانی گشتی و تاکەکانی دەرنەخرێت کە پیاوەکانی ڕابردوو گەورەتر و تەواوترن لە پیاوەکانی ئێستا، و ئەوەی باپیران کردویانە، مۆدێلێکە کە دەبێت پابەند بێت پێیەوە چونکە مۆدێلێکی تەواوە و بێ کەموکوڕییە، هەر لادانێک لەو ڕێبازە کۆنەدا بە نا کامڵبوون دادەنرێ لەلای ئەو ڕێبازە فکریەدا، یان لادانێکە لە بینینی ڕاستییەکان، هەربۆیە لە کۆی رەفتارەکانیدا، پێویست بە داهێنان ناکات، چونکە باوباپیران لەئەقڵدا بە کامڵتر دەزانێ بۆ هەموو دەورانەکان. هەموو ئەم تایبەتمەندیانەی کە خەیاڵی خێڵ لەسەر ڕابردووی خۆی دەیخاتە ڕوو و لەدونیای بیرکردنەوەدا ئامادەیی و هەبوونی دەبینرێ، بیرکردنەوەی بە هۆشیاریی خێڵەکە دروست بووە، بۆیە کەلتووری ئێمە بۆتە ڕەهەندێکی ڕابردوو لەقووڵایی ڕابردووی خۆیدا، بۆچوونەکان ویادەوەری باپیران پیرۆز دەکات، و بەرگریان لێدەکات لە تیری هەڵە و ڕەخنە.هەروەها لە باوک و باپیرەی بە سووکایەتی دادەنێت، وبەم شێوەیە جیهانبینی هۆزەکە لەگەڵ جیهانبینیی بیرکردنەوەدا یەکانگیر دەبێ، بۆیە میکانیزمی مامەڵەکردن دەبێتە یەک، نەک بۆ سوودی بیرکردنەوە بەڵکوو بۆ بەرژەوەندی هۆزەکە.

خێڵ زۆر تایبەتمەندی دیکەی هەیە ، پشت بە کاری دەستی وسروشت دەبەستێ وزیاتر لەبەهای ڕاستەقینەی خۆی گرنگی بە ڕوخساری دەرەوەی دەدات، بەردەوام گرنگی بە ڕواڵەتێک دەدات کە ئاماژە بۆ هێز دەکات،شکۆی کەسایەتی و خێڵەکەی لەسەروی شکۆی نیشتیمان دادەنێ و زۆر لەکارەکان ناکۆڵیتەوەو گفتوگۆی قوڵی لەسەر ناکا و بڕیاری یەکلاکەرەوەی بە خێرا دەدات، بە دوای چارەسەرییە دوورمەوداییەکان ناگەڕێ و زۆریش دەمارگیرە بۆ خۆی و بەرەباب و تیرەو هۆزەکەی وهەستیاری زۆری هەیە و قەت سوکایەتی نە لەبیر دەکا نە قەبوڵ دەکا، زۆر سۆزدارەو کاریگەری بەخێرایان لەسەرەو، ئەو تایبەتمەندیانەش شۆڕبۆتەوە ناو قولایی ئەقل و ویژدانی ئینسانی خێڵەکی و هاسان نییە تەرک بکرێ یاخۆد هەڵبوەشێنرێنتەوە بۆ راهاتن لەسەر پەیوەندییەکی تازە،

هەركاتێ تووشی تەنگاویی و مەترسی بۆوە بۆ هێزی خێڵ دەگەڕێتەوە، هەر بۆیە "خێڵ بە گەورەترین وبالاترین وبەهێزترین دامەزراوە دادەنرێ تا دروستبوونی دەوڵەت"{فردریک انجلس(١٩٥٧)/ اصل العائلة و ملكيات الخاصة والدولة ... ص٢٢}.ئەگەر خێڵ دیاردەیەکە لە دیاردەکانی کۆمەڵگە بێ، ئیتر گومان لە واقیعی بوونیدا نییە. خێڵ پێکهاتەیەکی کۆمەلایەتی کۆمەڵگە سەرەتایەکانە بەڵام پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵەکە بەپێی کات وشوێن دەگۆڕێت. لەو گوندەی کە کشتوکاڵ تیایدا زاڵە، خزمایەتی ورەچەڵەک لاواز دەبێ وپیشە وناوچەگەری دێتە پێشەوە و زاڵ دەبێ، لێرەشدا دەکرێ بڵێین کە چەمکەکە لەدابەشبوونی کار، دەستی کرد بە کارکردن ڕێگەی خۆی بۆ ناو کۆمەڵگە دیاری دەکات فۆڕمی پەیوەندییەکەی لەکۆمەڵگەی گوندەکەدا دروست دەکا، ئەمەش بە مانای کۆتایی پەیوەندی پێشوو نییە، تەنها ئەرکی بانگکردن چیتر بەردەست نییە. لەبەرامبەردا لە ناوچە غەیرە شارییەکان ودابڕاوەکاندا، بەهۆی سروشتی جوگرافییانەوە، پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی وتەحەدای باوباپیرانی مرۆڤ دروست دەبن وپێناسە دەکرێن. خێڵ بنەمای کۆمەڵگەیە، پەیکەری کۆمەلایەتیی خۆی پێکدەهێنێت ودەکرێ بڵێین زۆربەی سیماکانیشی پێکدەهێنێت وبە جۆرێک یان جۆرێکی تر دەستوەردان دەکات لە دارشتن وکێشەکانی ژیانی سیاسیدا. گومان لەوەدا نییە کە پاراستنی سیما ونەریتی ڕەسەنی خێڵەکە، هێز وشکۆ وکاریگەری خۆی لەسەر گۆڕەپانەکە پاراستووە."شێخی عەشیرەت، یان ئەنجوومەنی گەورە وگەورەکانی، بەهرەمەندە لەڕێز وگوێڕایەڵی هەمووان"، وپەیوەندی کۆمەلایەتی تۆکمەی نێوان ڕۆڵەکانی لە ئاوەدانی و ناخۆشیدا، وهاودەنگی و یەکگرتوویی لەهەموو بارودۆخە کۆمەلایەتی و سیاسییەکاندا، بۆ ئەوەی... پاراستنی یەکگرتوویی بەهێزی هۆزەکە.{محمد بن علي المحمود/ القبيلة...والوعي القبلي /جريدة الرياض- ٨- ٨/ ٢٠٢٣ } خێڵ لە چەندین تیرە و بەرەباب و کۆز کە یەک رەچەڵەکن پێک دێ، بەزۆری لەسەر بنەمای ڕەچەڵەکی و نیشتەجێبوون و زمانێکی هاوبەش پێک دێ و ئەم هاوبەشیانە وای لێکرد کە پابەندبوونیان هەبێ بەرامبەر بە یەک و پەیوەندی خزمایەتی نزیک لە نێوان ئەندامەکانیدا هەبێت

بەجۆرێک ... خێڵەکە دەبێتە تاکێک کە یەک ئەخلاقی هەبێت  بەجۆرێک کە هۆزەکە نەتوانێت تاک لە خۆی و لە خاکەکانی جیابکاتەوە، کە بۆ خێڵەکەی دابین دەکات، لە هەمان کاتدا بەرپرسیارە لەبەرامبەری  و بەردەوامی و سەقامگیری یەکێتییەکەی پێدەبەخشێت{{ تعريف القبيلة/ فريق  موقع بوابة علم الاجتماع/ ١ فنراير ٢٠٢٠}. خێڵ وەک کەسێکی مەعنەوی(مۆراڵی) چەندین ئەرکی وەک هاودەنگی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات، کە پاڵ بە ئەندامانی خێڵەکە دەنێ بۆ یارمەتیدانی ئەو ئەندامەی کە پێویستی بە یارمەتی هەیە، ئەمەش وا دەکات ئەندامەکانی هەست بە سەلامەتی وجێگیری بکەن چونکە پشتێک هەیە کە پشتگیریان دەکات وتاکە لێ قەوماوەکە پەنا دەباتە بەر بۆ ئەوەی خۆی بدزێتەوە لە ونبوون. هەندێک لە دەرکەوتەکانی ئەم هاودەنگییە بریتیە لە بەشداریکردنیان لەچالاکی سیاسی لەڕێگەی ئەنجومەنی خێڵەوە کۆکردنەوەی پارەی ژنهێنان وپرسە، تۆڵەکردنەوە یان بەرپرسیارێتی بەکۆمەڵ، ڕێکخستنی هاوسەرگیری، ڕێکخستنی چالاکیی ئابووری، لەسەر ئەو زەوییەی کە خاوەندارێتی دەکات، لەسەر ئەم بنەمایە پێناسەی خێڵی بە پێی لێکدانەوەکانی مۆرگان (لویس هە. مۆرگان ١٨٧٧ی زایینی) وەک ڕێکخراوێکی کۆمەڵایەتی وئابووری وسیاسی کۆمەڵگەکان پێناسە دەکات "خێڵ بەرزترین پەیوەندی کۆمەڵاتییە لەسەردەمی مێژووی کۆندا"، {فردريک انجلس / أصل العائلة والملكية الخاصة والدولة – ت. أحمد عزالعرب / دار الطباعة / ص٢٧} بەڵکوو "لە سەردەمێکی دیاریکراوی گەشەسەندن وئاکامی کاردابەشکردن وخزمایەتی خوێن دروست بووە"{فردريک انجلس / هەمان سەرچاوە .... ص ١٩٦} بەڵکوو گەیشتە ئەو بۆچوونەی کە" بەڕێوەبردنی ژیانی کۆمەڵگە هەمیشە کردەوەیەکی دەوڵەتی نەبووە، لەزۆر قۆناخدا بێ دەوڵەتی پێوە دیار بووە"{فردريک انجلس / هەمان سەرچاوە .... ص١٩٨}، لە کاتێکدا ڕەفتاری بەکۆمەڵی هۆزەکەی کە لەو کۆمەڵگەیانەدا زاڵە، دژایەتی دامەزراندنی دەوڵەتی مۆدێرن دەکات یان لەنێوان ئەو کۆمەڵگەیانەی کە سیستەمی کۆمەڵایەتییان پاراستووە بەبێ بوونی دەسەلاتێکی ناوەند. کۆمەڵگەی خێڵەکی بە داخستنی یەکەکانی بە سەر خۆیانەوە تایبەتمەندەیەکی خێڵەکییە، هیچ پەیوەندییەکی ڕێکخراوەیی لەگەڵ بیانییەکاندا نییە

وهیچ کۆچکردنێکی بۆ نێویدا نییە جگە لە بارودۆخی سەختی کەشوهەوا نەبێ، هەروەها گۆشەگیری ئەندامانی هۆزەکە لەشوێنە دورە دەست و سەختەکاندا وای کرد خۆیان پێ نەگۆڕێ ،بەمەش هەستێکی وای پێ بەخشین کە لە زەویکانیدا نەجولێن و بە موڵکی هۆزەکەی بزانن و کە بژێوی ژیانی خۆیانیان لێ بەدەست دەهێنێت، وهەر هەوڵێک لەلایەن هەر کەسێکی نامۆوە بدرێت، بە شەڕانگێزییەکی ڕاستەوخۆ دادەنرێت کە دەبێت بەرپەرچ بدرێتەوە (تعریف القبیلة/ هەمان سەرچاوە). خێڵ بەبڕوای ئیبن خلدون، وەک گروپێکی دیاریکراو پێناسە ناکرێ کە لەیەک رەچەڵەک (باپیرەوە) هاتبن، وەک خۆی دەڵێت "رەچەڵەک بابەتێکی خەیاڵییە کەهیچ ڕاستییەکی نییە" پەیوەندییەکی سروشتی وحوکمێکی بنەڕەتییە بۆ مرۆڤایەتی، ئیبن خالدون دەڵێت: "ڕوونە کە یەکگرتوویی وپەیوەندی لەسروشتی مرۆڤدا بوونی هەیە، تەنانەت ئەگەر بنەچەی یەک ڕەچەڵەک نەبن، بەڵکوو وەک باسمان کرد لاوازترە لەوەی لە ڕەچەڵەکدا هەیە، وئەو دەمارگیرییە لەهەندێک لەو شتانەدا ڕوودەدات کە لە ڕەچەڵەکدا ڕوودەدەن." {العبیدي الصفر/ اهمیة الرجوع ال ابن خلدون في تحلیل وتفسیر القبیلة /فیلوبریس}. دەمارگیری خێڵەکی پەیوەندییەکی کۆمەڵایەتی ودەروونی شعوری وناشعوری کە ئەندامانی گروپێک لەسەر بنەمای خزمایەتی دەبەستێتەوە، پەیوەندییەکی بەردەوام کە سەرهەڵدەدات وچڕتر دەبێتەوە کاتێک مەترسییەک هەبێت کە هەڕەشە لە تاکەکان بکات وەک تاک یان گروپێک (هەمان سەرچاوەی سەرەوە)، دەمارگیری(عصبیة) کە ئیبن خەلدون دەیکاتە بزوێنەری مێژوو، لە دڕندەترین سیستەمی خێڵەکیدا نەبێت بوونی نییە - واتە نزیکە لە سروشتی ئەو قەوارەیە. ئەوەی هێزی دەمارگیری زیاد دەکات، بە بڕوای ئیبن خەلدون، بەرکەوتنی هۆزەکەیە بە مەترسییەکی دەرەکی، وە ئەگەر فاکتەری ئایینی زیاد بکرێت بۆ دەمارگیری، ئەوا لە هێز وبەردەوامیدا زیاد دەکات ودابەشبوونەکانی ناوەوە نامێنن ئەگەر لەناوەوە بوونیان نەبێت. لەراستیدا بزووتنەوەی مێژوو بە بڕوای ئیبن خەلدون جولەیەکی بەردەوامە لە قۆناغی بەدەوییەوە بۆ قۆناغی شارستانیەت ولەو پرۆسەی گواستنەوەیەدا دەوڵەت وەک ئاسۆ وپێوانەیەکی ئەم بزووتنەوەیە رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت. ئەم کۆتاییە، تەنیا

کۆتایی دەوڵەت دەبێت، بەهۆی گەندەڵییەکەیەوە کە لە ئەنجامی حوکمڕانی بەها گرانبەهاکان وپشتبەستن بە بێمانایی دروست دەبێت، کە دڕکی دەمارگیری تا ڕادەی لەناوچوون لاواز دەکات، بیناکردنی دەوڵەت یانی لاوازبوونی خێڵ ودەمارگیری خێڵ.

## رۆڵی تاک لەناو خێڵدا

خێڵ لە گردبوونەوەیەکی خەڵکانێک پێکدێت، واش بانگەشە دەکاو خۆ نیشان دەدا، کە لەبنەچەدا بۆ یەک رەچەڵەک دەگەڕێنەوە، بەڵام رۆڵی تاک لە ئەنجامدانی کارەکانی ناوخۆیی خێڵدا زۆر لاوازە، وەک کارل مارکس بۆ دوو هۆکار دەگەڕینتەوە، لەلایەک ترس ولە لای دیکە پێویستی ژیان بەڕێوەبردن. تاکی خێڵ، لەترسی لەدەستدانی ئەو پارچە زەویەی کە لەبەر دەستیدایەو ژیانی پێ بەڕێ دەکات، ترس لەپەلامارو هەرەشەی دەرەکی کە بەتەنیایی ناتوانێ خۆی بپارێزێ، بۆیە زۆر ئەو سوکایەتی وبە نزم سەیرکردنەی قەبووڵ دەکات، بۆ ئەوەی رەوتی ژیانی بسووڕێ. لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی بەهەر رەهەند ومەودایەک، زوو درەنگ بێت، روودانێکی مسۆگەرە، کۆمەڵگە خۆی دەگۆڕێت تا مۆدێلێکی نوێتر لەژیانکردنیدا بهێنێتە دی وفۆرمێکی نوێ لەژیانکردن دەست پێ بکات، کە ئاسودەیی وخۆشگوزەرانی بۆ دابین بکات. هەموو ئەو گۆڕانە مەزنانەی کە بەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتوون، بەرهەمی ژیاری مرۆڤ بوون، لەمێژووی مرۆڤایەتیدا هەموو گۆڕانێکی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی وابەستە بووە بەو ئامێرە سادە وئاڵۆزانەی کە مرۆڤ دروستی کردون، ترس، وەک دیاردەیەکی دەروونی لەمرۆڤدا سەرهەڵدەدات، ترس لەبێتوانایی لە رووبەڕووبوونەوە، لەبرسان مردن، نەمانی جۆر، کوشتن ورفاندنی ژنانی خێڵ...هتد، سەرهەڵدەدات. هەر ئەم ترسە بوو لە ناخی مرۆڤەکانی سەرەتایی کە لاهوتییەت وئایینیشی لێ بەرهەم هات، جاڕس و وەڕس بوونی لەکارەسات و مەرگەساتەکان کە سروشت بەسەری دەهێنا لەژیاندا هانای

بۆ ئەو هێزە میتافیزکییە برد تا بی پارێزێت لەهەموو ئەو بەڵایانەی کە دیاردەکانی سروشت دەیهێنێتە ڕێی، و مرۆڤی کردە خاوەنی خواوەند پەرستی، ئیدی مرۆڤ بووە خاوەنی ماتریالیک (مادة) کە بتوانێت لە حزوریدا گوزارشت لەترسەکانی بکات، ملکەچی خۆیی نیشان بدات، ترسی مرۆڤ بوو سیستەمی دەرەبەگایەتی بەرهەمهێنا ومرۆڤی بوێری کردە دەرەبەگ و ترساوەکانیشی کردە کۆیلە. ترس، شتێکی سروشتی ناو ناخی مرۆڤ نییە، بەڵکوو لەئاکامی هەبوونی ئەوانەی خاوەنی کەرەستەی بەرەنگاربوونەوەو هێرش بوون، کە لەتوانیاندایە ئازاری مرۆڤەکانی دیکەی پێ بدەن یاخۆ لەناوی ببات، دەنا مرۆڤەکان لەقۆناخی کۆمۆنەی سەرەتای یەکتریان تەواوکردوەو لێکتر نەترساون، ئەو خاوەن کەرەستە سەربازی وهێزی ئابووری وسەربازییە زۆرینەی لەهەندێکی کەمی ترساندووەو ئیتر چەوسینەورو ئاغای بەسەریاندا زاڵ کردووەو رێگەی خۆشکردووە بۆ سیستەمی دەرەبەگی وخێڵداری. چونکە خاوەن هێز وکەرەستەو ئامێر، شایستەی ئەوەیە کە زیاتر بەدەستبهێنێ لەهەموو ئەندامەکانی تری خێڵ، هەموو ئەندامانی خێڵ مەحکومن بەوەی بترسن لەخاوەن ئامیرو هێز، چونکە خاوەن کەرەستە سەرچاوەی هێز ونانە، دەرچوون لەیاساکانی مل نەدان بۆ فەرمانەکانی، ئەنجامەکەی مەرگە، بە مانایایەکی سادەتر، خاوەنی کەرەستە وهێزە وشایستەی ئەوەیە هەموو ملکەچی بن، هەر ئەم خاوەن کەرەستەیە بووە هۆی دروستکردنی قۆناخەکانی گۆڕانکاری کۆمەلایەتی. مارکس "نەترسان وبوێری بە زەمینەسازی بۆ هۆشیاری داناوەو وهوشیاربوون بە مافەکان، بڵیسەی شۆڕش دروست دەکات، وای بۆچووە کە ترس لەدەستدانی کارو نان، مرۆڤی وا لێکردوە. کە بێ دەنگی هەڵبژێرێ لەهەندێ مافەکانی"، {فردریک انجلس/ أصل العائلة .... ص٦}. خێڵ لەحەشامەتێک کەس بونیات دەکرێ کە تاکەکانی لاوازو پەراوێزن، ناتوانن لە قەوارەی خێڵەکییەکەیدا گوزارشت لەئازادییەکانی خۆ بکاتەوە، لاوازن لەبەرامبەر سەرۆکی خێڵ، بەڵام لەبەرامبەر یەکترو کەسانی خێڵی دیکە خاوەن کەسایەتین.

خێڵەکییەت مافە سادەکانی مرۆڤ لە تاکەکانی دادەماڵێ وهەوڵ دەدا پیرۆزی سەرۆکەکان زیاد بکەن، هەر بۆیە نەزانین وکۆڵەواری لەناویان بڵاو دەکەنەوە، بۆ ئەوەی راستییەکان لەگەمژەیی وبودەڵەیی سەرۆکەکان بەدیار نەکەوێ، ئەو تۆڕە پەیوەندییەی نێوان تاکەکانی یەک خێڵ، ئەگەر چی توندڕەوی تێدایە بەڵام "بینای لەسەر سوودبەخشین بۆ هەردوولا کراوەو هەر بۆیە هەوڵ دەدا لەسەر رابردوو بژی رقی لە ئاڕاستەکانی تازەو شارستانیەتە"{فايد العليوي/ القبيلة: التكوين في السياق سياسي.. / المركز الثقافي للكتاب ... ٢٠١٨/٧/٢٧}. خێڵ ئەگەر گرنگی بە بەهرەمەندی و تواناکانی تاکەکانی خێڵ بدات و هاوبەشییەکی چالاکی تێدا هەبێ و دەرفەت بداتە خوێندەوارو روناکبیرانی کە رۆڵ ببینن لەبیناکردنەوەی خێڵ لەنێو دونیای گۆڕاودا، بەخێرا بەڕێوە چوودا و رای خۆی بخاتە روو نەک بینای لەسەر باوک و باپیران بێ و بە پێی تواناو لێوەشایی سەرۆکی هەڵبژێردرێ، ئەوا کۆمەڵگەو نیشتیمان باجی دواکەوتییەکەی نادات و خێڵ رۆڵێکی ئەرێنیانەی دەبینێ و دەبێتە هێزێکی ئەرێنیانە لەرزگاری نیشتیمانی و پەرەپێدانی ئاشتی و بەهاکانی دیموکراتی دەبینێ، کە هاوکێشەیەک دروست دەکات دەرفەت نادا سەرۆکێکی تاکڕەو لەدەسەڵات بچێتە پێش و خنکاوی نا گەندەڵی ببێ. هەر کاتێ روناکبیر وبیرمەندان رۆلیان پەراوێز خراو بێ بەها کراو راوبۆچوونی کەسانێکی کۆڵەوارو نەزان لەسەروی ئەوان دانرا، ئەوا بەدرێژایی مێژوو یەکێ لە فاکتەرەکانی شکستی ئەو دەوڵەت وخێڵانە ئەو هۆکارەیەو ویاخۆد ئەوگردبونەوەیە هەڵدەوەشێتەوە.

## گۆڕینی میکانیزمی خێڵ لەخزمایەتییەوە بۆ کارو پیشە

خێڵ دیاردەیە، ناتوانیین واقیعی بوونی بخەینە ژێر پرسیارەوە، تا ئێستاش خێڵ یەکێکە لەپێکهاتە کۆمەڵایەتییەکانی کاریگەری ناو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەڵام پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە بەپێی کات وشوێن جیاوازن. لەو گوندانەی کە کشتوکاڵ وەک پیشەیەک زاڵە، بۆمان دەردەکەوێت کە ئەو بەستنەوەی خزمایەتی ورەچەڵەک کە بنەمای چەمکی خێڵەکییە، پیشەیە، لە ئەنجامدانی ئەرکی پیشە لەو شوێنانەی کە پێویستن جێگەی

لەبری ئەو خزمایەتییەی نێو خێڵ دەگرێتەوە، بەپێچەوانەوە لەناوچە نا شارییەکان ودابڕاوەکاندا بە هۆی سروشتی جوگرافییانەوە، پەیوەندییەکان لەسەر بنەمای خزمایەتی یان پەیوەندی لەگەڵ یەک باوک وباپیردا بنیات نراوە ودیاری دەکرێت.

پەیوەندییەکانی نێوان ئەندامانی کۆمەڵگە زۆر جار پیشە وکاری دەستی دیاری دەکات، دەبێتە ناوێک کە خێزانەکان پێی دەناسرێتەوە، وەک ماڵی نانەوا، ماڵی توتنچی، ماڵی زێڕنگر، ئاسنگەر، دارتاش، قەساب، پەڕەچی ......،هەرچی جوامێری دیارو یان پێگەی کۆمەڵایەتی دیاری دەکات، ئەوە سامانە وتەنیا پەیوەندی بەخوێن وخزمایەتی نییە، لەگەڵ سەرهەڵدانی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن، هەوڵی دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی مەدەنی لەسەر بنەمای چەمکی هاولاتیبوون، هەموو مرۆڤەکان یەکسانن و جیاکاری لە نێوان ئەندامانی لەبنەڕەتدا لەسەر بنەمای دەستکەوت وشارەزایی لەبوارێکی تاک دامەزراوە، نەک تەنها لەسەر پەیوەندییەکەی خوێن. بەڵام دەبێ ئەوە بزانین کە دەوڵەت لە هەر شوێنێکدا، وەک چۆن هەوڵی چەسپاندنی چەمکی هاولاتیبوون، ولاتپارێزی دەدات، هەست بە مەترسی کێبڕکێ لەگەڵ پێکهاتە کۆمەلایەتییەکانی دیکە دەکات ودەوڵەت هەوڵ دەدا پەیوەندییەکانی پتەوتر بکا لەگەڵ ئەو پێکهاتە کۆمەلاتییە، بەمەش جۆرێک لە هاوپەیمانی لە نێوان دەوڵەت وئەو پێکهاتانەدا دروست دەکات ئامانجەکانی پاراستنی ئاشتی گشتیی وکۆمەڵگەیە وئامانجی دیکەش هەیە کە تایبەت ترن. ئەمەش دەرکەوتنی رۆحی خێڵەکی یان خێڵەکی لە هەندێك کۆمەڵگەدا لەگەڵ سیماکانی کۆمەڵگەی مەدەنیدا، یان سەرهەڵدانی ئاستەنگ وسەختی رووبەڕووی گەشەی کۆمەڵگەی مەدەنی روون دەکاتەوە. ئاماژەکان زۆرن کە هاوسەرگیری نێوان دەوڵەت-نەتەوە وگروپە خێڵەکییەکان دەبێتە هۆی دۆخی هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵگە وقووڵبوونەوەی ناکۆکی تێیدا، وەک لە سۆماڵ وڕواندا وزۆرێک لە ولاتانی ئەفریقا.

# خێڵ ودەوڵەت

خێڵ سیستەمێکی کۆمەڵایەتییە کە زیاتر لەسەر بنەمای خزمایەتی دامەزراوە ورەنگە لەکۆنترین ڕێکخراوە کۆمەڵایەتییەکان بێت، ئەو مێژووە کۆنەی کە مرۆڤایەتی دوای خێزان ناسیویەتی وسەرقاڵی کردووە، بەزۆری کۆمەڵێک بنەماڵە وخێڵ لەخۆدەگرێت، هەرچەندە خێڵ لەزۆرێک لەکۆمەڵگە هاوچەرخەکانی ئەمریکەو ئەوروپا وئاسیادا نەماوە یاخۆد بەس شوێنەواری دیارەو وەک چۆن پەیوەندییەکانی دیکە جێگەی گرتەوە بەهۆی ئەو پێشهاتانەی کە گەواهی بوو لە دونیادا، لەسەر بنەمای پەیوەندییەکانی تر جگە لەخوێن، (پیشە، بیروباوەڕ، ڕەوت، هتد....) وەک دیاردە لەزۆرێک لەکۆمەڵگاکاندا دیار نەماوە، بەڵام هێشتا لەهەندێ ناوچەی دیکەی دونیا رۆڵی گرنگی هەیەو کاریگەری لەجولەکانی سیاسی وئابووری وکۆمەڵاتییەکانی نێو دەوڵەت ماوە. لێرەوە دیاردەی خێڵ وئەو کێشانەی کە دەیوروژێنێت وەک بابەتێک وئیشکالیەتێکی بابەتی دەمێنێتەوە وشایەنی سەرنج ولێکۆڵینەوەیە، بەتایبەتی لەهەندێك کۆمەڵگەدا، لە ئەفریکاو رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا ناتوانرێت لەڕەوتی کاروباری سیاسی دووری بگری، بەتایبەتی فاکتەری خێڵەکی کە فاکتەری سەرەکی تەنیایە کە کاریگەری زۆر دەکەنە سەر کاروباری سیاسی، لە لێکدانەوە سیاسییەکاندا پەراوێزی ئەو فاکتەرە بکرێ لێکدانەوەو شرۆڤەی ناتەواو دەردەچێ. لێرەدا دەکرێ بپرسین ئایا پرسە سیاسییەکان بە تەنیا خێڵ بەڕێوەی دەبا لەو جۆرە ، یاخۆد دەوڵەت کەڵک لە خێڵ وەردەگرێ بۆ رەوایی ودرێژەدان بە دەسەڵاتی خۆی. ئەو میکانیزم ورێژەیە چەندە کە دەوڵەت وخێڵ کەلک لێکتر وەردەگرن، چ جۆرە کارلێکێکی لە نێوانیان روودەدات لەو حاڵەتانەدا ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ گرنگیی فاکتەری خێڵەکی وکاریگەری بەهێزی، کە رەنگە ببێتە رێگرێك لەرێگای بنیاتنانی پێناسەی نیشتیمانی وسەقامگیری دەوڵەتی مۆدێرن.

هەندێکی تریش بەدەست کاریگەریی خێڵەوە دەناڵێنن، وەک چۆن لە بوونیاندا جێگیر وکاریگەرییان لەسەر شێوە وئەدای دەوڵەت ماونەتەوە ویاخۆد دەوڵەت لەو ناوچانە بە شێوەی خێڵەکی بەڕێوە دەبرێت. لەو کۆمەڵگایانەی کە سروشتی

خێڵەکیان هەیە، دەوڵەت لەلایەن سەرۆک یان سەرکردەی سیاسییەوە بەڕێوەدەبرێت. بەهەمان شێوەی شێخێکی خێڵەکی عەشیرەتەکەی بەڕێوەی دەبات، وبەپێی بنەمای پیاوسالاری مومارەسەی حوکمڕانی بە شێوەی باوکسالاری یان نیوپاتریارکی لە ڕەهەندی سیاسی خۆیدا بەڕێوە دەبات، شێخی خێڵ رۆڵی شیوەی پاتریارکی دەبینێت لە خێڵەکەیدا وبەهەمان رۆڵ کە سەرۆکایەتی دەوڵەت لە کۆمەڵگە خێڵەکییەکاندا دەیگێڕێت.

سەرۆکی دەوڵەت لەو جۆرە دەوڵەتانەدا بە هەمان شێوەی سەرۆک خێڵەکەیدا مومارەساتی دەوڵەتداری دەکاو وەک خۆی ولاینگرانی بە شیاوترین وبەهێزترین کەسی بۆ ئەو پۆستە دادەنێن. ئەو مۆدێلەیە وەک ماکس ڤیبەر مۆدێلی کلاسیکی ناوزەدی کردوە "کە بە یاسا پابەند نییە وزۆر جار قارەمانیەتی بە درۆ وخەرمانەیەکی درۆینی ئەو تۆی بۆ دروست دەکرێ کە توانای سەروی سروشتی هەیە لە چارەسەرکردنی کێشەکانی وڵات"، {د، البشیرعلي الكوت/ الدور السياسي للقبيلة في ليبيا / بحث اكاديمي _ جامعة طرابلس- ليبيا / مجلة العلوم القانونية والسياسية – العدد ١٧/ سنة ٢٠١٨..... ص٩}. خێڵ ودەوڵەت بە بەردەوامی لەناکۆکیدان، لەباشترین حاڵەتی پەیوەندی نێوانیان پشت بە یەکتر بەستن وسوودی هاوبەش لێکتر وەرگرتنە، دەوڵەت ودەسەڵات رەوایی خۆی لەخێڵ بەدەست دەکەوێ وخێڵیش سوودی لە پۆست وئیمتیازەتەکانی دەوڵەت وەردەگرێ بەرامبەر بەو رەوایەدا کە دەداتە دەوڵەت. ئەگەر دەوڵەت هێزێک نەبێ لەدەرەوەی خۆیەوە بەسەر کۆمەڵگادا بسەپێندرێت {فلاديمير لينين/ الدولة والثورة .... ص٤}، بەڵام دەوڵەت بەرهەم ودەرکەوتنی دژایەتییە چینایەتییە چارەسەرنەکراوەکانە، دەوڵەت ئۆرگانێک نییە بۆ ئاشتەوایی چینەکان. بە بۆچوونی مارکس دەوڵەتێک ناتوانێ دروست بێ وبوونی هەبێ وببێتە هی هەموو چینەکان وەک مارکس دەڵێ"ئاشتکردنەوەی چینەکان مومکین نییە {فلاديمير لينين/ هەمان سەرچاوە......ص٥}، بە بوونی دەوڵەت ئەوە ناگەیەنێ کە چینەکان ئاشت دەبنەوەو رێککەوتن لەنێوانیان روودەدات، وەک هەندێک بۆی دەچن. دەوڵەت ئۆرگانێکە لەحوکمڕانیەتی چینایەتی،"ئۆرگانێکی

چەوساندنەوەی چینێکە لەلایەن چینێکی ترەوە، بریتییە لەدروستبوونی"سیستەمێک" کە ئەم نادادپەروەرییە بە رەنگی یاسا گوزارشت لەخۆی دەکا"، {فلادیمیر لینین / هەمان سەرچاوە ....... ص٥}، لەوانەیە پێویستی بە خەباتێکی درێژخایەنی هەبێت لە دژی چینە پاشڤەڕۆکانی کۆمەڵگە کە لەسەر بنەمای هۆز یان هەن"{فلادیمیر لینین/هەمان سەرچاوە .... ص٦}. بە بۆچوونی هەندێ لەسیاسەتمەدارانی رۆژئاوا، "دەوڵەت ئاشتبوونەوەی چینەکانە، نەک چەوساندنەوەی چینێک لەلایەن چینێکی دیکەوە یاخۆد شل بوونەوە لە پێکدادانی چینایەتی بە واتای ئاشتەوایی دەیناسێنن، نەک بێبەشکردنی چینە چەوساوەکان لەئامراز وکەرەستەی تایبەتی خەبات بۆ ڕووخاندنی ستەمکاران" {فلادیمیر لینین / نفس المصدر ...ص٥}. بۆیە دەوڵەت ئەگەر بە هزری فیودالیی وخێڵەکیش بەڕێوە بچێ، بەڵام خێڵ هەر لێی دڕودۆنگ دەبێ ویاساو عورفی خێڵەکییەکەی پێ رەواتر دەبێ لەیاسای دەوڵەت وسەروەری نیشتیمان.

## خێڵ وەک پێکهاتەیەکی زاڵی کۆمەڵگە

یەکێ لە بازنە مەرکەزییەکانی کە کۆمەڵگە تێیدا پرۆسەی هەڵگەڕانی پەرەگرتنی پێدا کردووە لەمێژوودا، خێڵەکییەتە، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لەپرۆسەی بەرەوپێشچوونیدا پێیدا رەت بووە و رەت دەبێ، کە یەکەیەکی کۆمەڵاتییە وبینای لەسەر یەک قۆرتان ئاگرو رەچەڵەکی نزیکی خوێن و یەک هەستی و یەک چارەنووسیدا، یەک دەگرنەوە، مرۆڤ زۆر بەتەسکی و لۆکاڵی، تەنیا دنیا لەچوارچێوەی خێڵەکەی خۆی دەبینێ "{د. محمد صبح (١٩٨٩) / مفهوم القبيلة في النظرية العالمية الثالثة /الطبعة الاولى/المركز العالمي للدراسات والابحاث العالمية / طرابلس – الجماهير الليبية...ص٨) . هەر چەندە زانایانی کۆمەڵایەتی هەورازو نشێوی زۆر لەپێناسەکردنی دەبینن، کەچی، بەپێی توێژینەوەکانی مرۆڤناسی (انترويولوجية) و زانستی کۆمەڵایەتی یەکێ لەنمونەکانی پێکهاتەی

کۆمەڵایەتی وئابووری ویەک فەرهەنگییە پێش ئەوەی شێوازی مۆدێرنیزم سەر هەڵ بدات، داب ونەریتی تایبەت  بە خێڵ ئەستەمە مل بدات بۆ دەسەڵاتی دەرەوەی خێڵەکەی وداکۆکی  لەچاکەو خراپەی خێڵەکەی دەکاو پەتریارکی و باوکانە سەرکردایەتی دەکریَ{أ.عباد محمد/ محاضرات مقیاس سوسیولوجیا الرابط الاجتماعي/ جامعة بویرا}، دیارترین سیما لەکۆمەڵگەی رۆژهەڵات کەدەبینریَ لەپەیوەندییە کۆمەڵاتییەکاندا، باوبوون و زاڵبوونی پەیوەندییە فیودالیستەکانە لەرێگەی بوونی  خێڵەکیدا، کە رەگ وریشەی خۆی داکوتاوە لەزۆربەی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسیدا، خێڵێش بریتییە لە" کۆمەڵێك کەس کە رەچەڵەکیان دەگەڕێتەوە سەر یەک لەسەر پانتایەکی زەوی دەسەڵاتیان هەیەو لەلایەن سەرۆکێک رابەراتی دەکرێن و دابونەریت و شێوەزاری یەکگرتویان هەیە و هەست بە یەک سۆز و چارەنووسی لەگەڵ یەکدا دەکەن  وهاوکاری هاریکاری یەکترن لە خۆشی و ناخۆشی لەگەڵ یەکدا دەکەن"، ئیڤا لاکوستی فەرەنسی  وا مەزەندە دەکا "خێڵ گیانی هاریکەرییە" و غوتییە - زانای فەرەنسی " گیانی هاوکاری نێوان تاکەکان یەک خێڵ، هەوێنی یەکخستنی ناوخۆیی ئەو خێڵەیە "و ئیمیل دورکهایم کە زانایەکی بواری سسیولۆژی فەرەنسییە دەڵێ" یەکەم رێکخستنی کۆمەڵاتییە کە ژیانی کۆمەڵاتی لە یەکینەیەک یەکخستووە، تیادا  هاوکاری ئۆتامتیکی وئۆرگانی یەک دەخاو دەجولێنێ بە بەراورد لەگەڵ کۆمەڵگە بەرایی و کۆنەکاندا" { أ-عباد محمد  محاضرات مقیاس سوسیولۆجیا الرابط الاجتماعي/ قسم علم الاجتماع ٢٠٢٠_ ٢٠٢١_جامعة البویرا}، تاک لەناو خێڵدا دەتاوێنتەوە و هاوکاری و یارمەتی لەگەڵ دەرەوەی خێڵەکەی ئاستەمە و مەحمەد عابدی کۆمەڵناس " سیکۆلۆژیەتی شعوری و لاشعوری  لەنێوان خەڵکێك دروست دەکا کە پەیوەندی خوێن و خزمایەتی بەیەکەوەیان گرێ دەدا "( أ-عباد محمد/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە) .

لێبرالییەکان پێکهاتەی کۆمەڵگە وەک رۆژهەڵاتییەکان لێک نادەنەوە، "فردیاند توینز" زانای بواری کۆمەڵایەتی جەرمانستان، " دەوڵەت و تاک ، بە کۆمەڵگە دەزانێ و لەلای "جۆن لۆک وتۆماس هۆبس و جان جاک روسو"  پشت بە

گرێبەستی کۆمەڵایەتی  دەبەستن بە پێی تەرازووی هێز و بەرژەوەندی یەکتر کە لەرێگەی دەوڵەت دەپارێزن"{ أ-عباد محمد  /هەمان سەرچاوەی سەرەوە} ، بەڵام لای "ئادەم سمیسی" بەریتانی کە بە باوکی ئابووری لیبڕالیەت رەتی ئەو گرێبەستەیە دەکاتەوەو پشت بەهەوەسەکانی تاکەکان دەبەستێ  و داوای ئازادی بەڕێوەبردنی دەکات، {أ-عباد محمد  / هەمان سەرچاوە سەرەوە}  "تاکە سەربەخۆکان  لە پێگەیشتنی ئابووری کۆمەڵگەکاندا بە ویستی خۆیان کۆمەڵگە پێك دەهێنن ( Auto institute"..{أ-عباد محمد / هەمان سەرچاوەی پێشوو}،لەهەمان کاتدا،  ئادەم سمیسی ئینگلیزی پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکان  بە بازاڕاوە دەبەستێ"بازاڕ وەڵامدەرەوەی ئابوورییە لەسەر پرسیارەکانی پەیوەندی کۆمەلایەتی".{أ-عباد محمد/ هەمان سەرچاوەی پێشوو}، دەبینرێ پەیوەندییە فیودالییەکانی میرانی کورد ١٨٣٧_١٨٥٢شل وخاو بوون بەهۆی کۆنتاککردنیان لەگەڵ بازاڕەکانی دونیای سەرمایەداری و بۆیە پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانیانی خێڵەکی و ئیماراتەکانی خستە خزمەت  قازانج و بازاڕکردندا بەتایبەتی دوای بەهێزبوونی چەپگەری و نەتەوە خوازی لە ناوچەکەدا.

ئەو هۆگریە بۆ خێڵ هەیان بوو بەهێزتریان کرد لەهۆگری نیشتیمانی و نەتەوەیی و ئەو ستایلەش نائاسایی و سروشتی نەبوو کە نە یاسا نە روحی هاوڵاتی بوون دروست دەکات لەلای ئەو پەیوەندییە کۆمەڵاتییە(خێڵ).

# هزری خێڵ

رەفتارو هەڵسوکەوت وداب ونەریت وگووتەکانی خێڵ وهزری خێڵ پەیدا دەکا، پەیوەندی بوون بە خێڵ تەنیا لەهاوخوێن و رەچەڵەکیدا نییە وەک ئیبن خەلدون دەڵێ"زۆر رێگە هەیە کە خێڵی لێ دەکەوێتەوە"{ ویکبیدیا- عربي/ مقدمة ابن خلدون} شانازی بە مێژوو و نەبەردی وناسنامەکەی وەک خێڵ دەکا نەک وەک نەتەوەو نیشتیمان، زۆر کەس وا مەزەندە دەکەن کە هەرکێی فیودالست وعەشایری بن هزری خێڵەکیان هەیە، کەچی مەرج نییە وتەنیا رەفتارو کردار دەستنیشانی ئەو جۆرە شتانە دەکات کە بەدەستووری نەنوسراوە ناوزەد دەکرێ، کەچی زۆر کەس لەچینەکانی دیکەی کۆمەڵگە وپاشخانی خێڵەکی نییە، بەڵام لەرەفتارو هزردا خێڵەکیین وشانازی بە ئینتیمابوون بۆ خێڵەکەیان دەکەن، ئەو کەسانەی کە دەیانەوێ چارەنووسیان لەگەڵ خێڵەکییەت گرێ بدەن، ئەوا خێڵەکییانە رەفتار دەکەن ولەنێو ئەو فەزایەدا دەسورێنەوە، لەراستیشدا لەکۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتدا بەردەوام ململانێ لە نێوان "دابو نەرێتی لادێ و خێڵەکی لەلای دیکە شارستانیەت وچەسپاندنی یاساو دەوڵەتداری هەیە" {القبيلة والسلطة في الشرق الاوسط / تلفزيون الجزيرة_ حوار – ٣/٤/ ٢٠٠٤ }، هەر وەک ئیبن خەلدون وعەلی وەردی زانای بواری کۆمەڵایەتی عێراقی، جەختی لەسەر دەکەنەوە،"ئەو جۆرە ململانێیە بەردەوام دەبێ لە کۆمەڵگەکانی رۆژهەڵاتدا" {د. ابراهيم الحيدري/ القبيلة و الطائفية و المجتمع /ايلاف_ ١٨ی ایلول ٢٠١١}،شانازیکردن بە خێڵ بێ ئەوەی شانازی بە نیشتیمان و نەتەوە بکەن، دەبێتە هۆکاری ئەوەی کۆمەڵگە نەتوانێ لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بێ و تەفاعول لەنێوانیان رووبدات وئاشتی ناوخۆیی ونائۆقرەیی وبەردەوامی گرژی لەنێوانیان هەبێ بەهۆی بەرژەوەندی تەسکی خێڵەکی لەسەر حسابی بەرژەوەندی گشتی ونیشتیمانی، دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان، ببێتە جێگرەوەی دەزگاکانی دەوڵەت وکێشەکان لەلای میر ئاغاو شێخەکان چارە بکرێ نەک یاساو دەسەڵات، هەر بۆیە ئەو جۆرە کەلتوور داب و نەریت و جۆری پەیوەستبوون بە خێڵ پێش نیشتیمان ودەوڵەت دەکەوێ، ئاستەنگێکی گەورەیە بۆ دەوڵەتداری لە

کۆمەڵگەکانی ڕۆژهەڵاتدا، دەوڵەتی بێ هێز و توشبوونی مەنگی (ركود) کۆمەڵایەتی وئابووری پاشکەوتی دەبێ، ئەو کۆمەڵگەیەو دەوڵەتدارییە ناسروشتی دەبێ وتاوەکوو وەک فۆکۆیاما دەڵێ "گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی تێیدا ڕوودەدات و دەبێتە گۆڕانکاری لەداب و نەریت بە جۆرێکی دیکەی هاوچەرختر دەرسکێنێ و داب و نەریت وبیری نوێ وبەهای تازە لە مێشکی تاکەکان باو دەکات" {مانويل كاستلز (٢٠١٤ )/سلطة الاتصال، ترجمة وتقديم: محمد حرفوش_ ط1 ،المركز القومي للترجمة، القاهرة، مصر.....ص٤٢٧}، ئەو ململانێیەش هەڵکشان وداکشانی زۆری تێدا دەبێ تا دەتوانێ ئەو بکەرە کۆمەڵاتییانە گۆڕانکاری لە ناو جڤات بکەن {أ. عبد الرزاق أبلال- كلية الاداب والعلوم إلانسانية، جامعة سيدي محمد بن عبدالله، ظهر المهراز-فاس- المغرب/الحركات الاجتماعية والتغير السياسي/ مجلة العلوم الاجتماعة/ ص ١٦٢_العدد ١_اكتوبر ٢٠١٧} بەم جۆرە گۆڕانکارییەی لەناو دروست دەبێ وریچکەی دیموکراسیەت دەگرێ.

## خەسڵەت و ڕەفتارەکانی خێڵ

هەر چینێک لە خەسڵەت وتایبەتمەندی بەخۆی هەیە، بە تایبەتی هەموو مرۆڤێک بەپێی زانستی سایکۆلۆژیەوە ئەوە دەردەخا کە مرۆڤ بەرژەوەندی خۆی لەسەروی هەموو ئیعتبارتێکدا دادەنێ، لەگۆشەنیگای بەرژەوەندییەکانی هەڵوێست وراکانی لەسەر ڕووداو و پێشهاتەکان دەردەخا، بۆیە ئەوە لەسەر تاک بێ ئەوا لەسەر چینێکی دیاریکراوی کۆمەڵاتیش جێبەجێ دەکرێ، کە بەرژەوەندی و لێکدانەوەو چارەنوسیان یەکە.

یەکێ لەخەسڵەتە نەرێنیەکانی خێڵ ئەوەیە گرەو لەسەر هێز بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیدا، دەکا، کە زۆر جار ئاڵۆزی گەورەی بۆ پێک دەهێنێ، لەهەمان کاتدا مامەڵە لەگەڵ هێز بە جودا دەکا، کاتێ هێزێک دەرەقەتی نەهێت هەموو سازشێکی لەگەڵدا دەکات و زۆر جار دەبێتە پاشکۆی ئەو هێزە و نەک هەر

لەبەر ترس وفشارەکەی ئەو هێزە، بەڵکوو لەپێناو پاراستنی بەرژەوەندییەکانی کە لە رێگەی ئەو هێزەوە بۆی راهی دەبێ و بەڕێوە دەچێ، ئەوەی دەستیشی بەسەردا بشکێ باری لەخۆی کسرتر بێ، ئەوا هەموو مەرجەکانی خۆی بەسەردا دەسەپێنێ، ئەوجا بە شێوەیەکی سروشتی بێ بەرنامەو شڕو وڕی زۆری لەکارەکانیدا و بەرتەسکی و کورتبینی لەبەرنامەکانیدا، پێوە دیارە ،هەر بۆیە لەململانێکانیدا لەبەردەم هێزە مۆدێرنەکاندا کورتی بۆ دەهێنێ. پشوو کورتەو سازش دەکا لەململانێکانیداو زۆر توندڕەوی دەکا لەکاتی سەرکەوتنیدا، رقی لە یاسا و دامودەزگای دەوڵەتداری و بەرژەوەندییە گشتییەکان دەبێتەوەو زۆر شانازی بە رەچەڵەک و رابردووی خۆی دەکا و بۆیە کۆمەڵگەیەکی شلووشۆق دەبێ و ئیدارەدانی پشت بە تواناسازیەکانی نابەستێ باشترین وهەستیارترین شوێن بۆ خۆی دەبێ وپۆستە ناگرنگ و پەراوێزەکان دەداتە خەڵکەکەی دیکە وداخراو دەبێ بەسەر خزمە نزیکەکانی ودەوری سەرەکی دەبینێ و بێ سەروبەر دەبێ سەرەڕای ئەوەی دامودەزگای زۆر و بۆری هەیە وپەیوەندی لەگەڵ گەل خراپ دەبێ وکێشەی گەورەی لەگەڵ میللەتەکەی دەبێ"{د.محمد الصبح(١٩٨٩)، مفهوم القبيلة خلال النظرية الثالثة/طرابلس الجماهيرية الليبية ...ص٤٩+٥٠} + {جمعة الزروقي فرج بلعيد (٢٠١٥)/ دور القبيلة في الانظمة السياسية _ كلية الاداب_ جامعة الشرق الاوسط/ اطروحة دكتۆراه}، بەردەوام بەینی لەگەڵ گەل دوور دەکەوێتەوەو هەوڵی کۆنترۆڵکردنیان دەدا بەزەبری هێز و توندوتیژی بەکار هێنان نەک ئەوانەی دژایەتی دەکەن و بازاڕێکی قازانجدار و بە سەفەقات هەڵی دەسوڕێنێ و پاشکۆی بازاڕی ئەو دەوڵەتیانە دەبێ کە لەیەک تەوەردا کار دەکەن وەک زانای سوئیدی گاڵتۆگ دەڵێ " لە هیکەلدا کۆلۆنیالیست کراوە نەک پشت بەرژەوەندی هاوبەش"{د.محمد الصبح(١٩٨٩)/، هەمان سەرچاوەی سەرەوە}، و لاوازی لەجەختکردنەوە لەسەر سەروەری نیشتیمان و خاک دەبێ و هیندە پیرۆز نابێ ، بۆیە ئەو جۆرە دەسەڵاتە پەنا بۆ سەرکوتکاری زیاتر دەباو بەشداری خەڵکی لەگەڵدا کەم دەبێ و بێ توانایی دەردەکەوێ لە یەکبوونی .

# بەشی دووەم

_پێشەکی

_ دەرکەوتە تازەکەی هزری خێڵ لە ناو سیاسەتی کوردستانیدا .

_ ماکی فیودالیستی لەنێو رێکخستنە سیاسییەکاندا.

_ هزری فیودالیستی لە نێو کایەی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستاندا.
_ بەخێڵکردنی نەتەوە یان بەنەتەوەکردنی خێڵ.
_خێڵ وترس بوون لە ئاوابووندا.
_رەشماڵ وسەرۆکی خێڵ لە دەسەڵاتی شوانکارەیدا.
_ ئەقڵیەتی پروپاتال وپشک پشکێنە لە مومارەساتدا.
_ پەیوەندی وهاوکێشەی هێز لە نێو جەستە.
_ پیرۆزکردن لەلای خێڵ.

_ دەرکەوتەکەی خێڵ لە ناو سیاسەتی کوردیدا.

# پێشەکی بەش

دوای دۆڕانی دەسەڵاتداریەتی میرنشینە کوردییەکان، بەهۆی خۆش باوەڕیکردنیان بە عوسمانی و سەفەوی ساڵانی ١٥١٤ی شەڕی چاڵدێران کە کوردستانی کردە دوو بەش( کوردستانی عوسمانی و کوردستانی سەفەوی) وپاشان سەپاندنی هەرێنامەی لۆزان لە١٩٢٤/٧/٢٤ لە ئاکامی دابەشکردنی بۆماوەیی(وراثة) وخاکی (پیاوە نەخۆشەکە _عوسمانی) لەبری دوو لەتی، ئەوجارە کوردستانی عوسمانی بووە سێ بەش و بەو شێوەیە کوردستان بووە چوار بەش و ئەگەر هێندەکی کەوتە بندەستی روسیا( سۆڤیەت)، کە نکوڵی لێ ناکرێ ئەو ناوچانەش بەشێکە لەکوردستان وبێبەشکردنیان لەهەموو جۆرە مافێک و ئۆقرەیەک لە زێدی خۆیان، پەنابردن بۆ خۆڕێکخستنەوەو بەرخودان بە فۆرمی تازەی لەگەڵی کوردستان خواست، جەستەیەکی نوێ بۆ ئەو مەبەستە بێتە دێ و خۆی رەپێش بکا وەک رزگارکەرو شکۆمەندی بۆ کوردستانیان، ئەو جەستەیە تازەیە لە کۆتای هاوکێشەی هێزەکانی ناو هەناوی کۆمەڵگەی کوردی هاتە مەیدان بە تێکەڵکردنی خێڵ و ئاین و نەتەوە بۆ ڤێرژنێکی دیکەی خێڵەکیەت وبەپاڵپشتی ئیمپریالیزمی جیهانی و کۆلنیالیستی هەرێمی و هێزە دواکەوتەکانی ناوخۆیی کوردستان، لەفەزای مۆدێرندا بۆ نامۆدێرنیدا،بە ماسکی نەتەوەخوازی و راگرتن وبەرزەفتکردنی بەرژەوەندییە چیناتییەکانیان نەک داخوازی پڕۆژەی نەتەوەیی، جیاکاری لەنێو ئەو دوو ئاڕاستەیە بەهۆی تێکەڵبوونی لەنێو بەرەنگاریدا، کارێکی هاسان نییە، بەڵکوو کات و دەرفەت و خۆئامادەکردنی دەوێ .

باسکردن لەپێکهاتە وبکەرگەلی کردەو جولەو دیاردەکانی کۆمەڵایەتی وسیاسی وبەهاو داب ونەریتەکانی باوی ناو جڤات کە ئیدارەی ئەو کۆمەڵگەیە دەدەن وپاڵنەرن بۆ بەردەوام بوونیان، لەرێگەی سیستەمێکی گردبوونەوە وهەژموونگەرایی بەئاگایی وبێئاگایی ئەو ئاڕاستەیە دیاری دەکا، خۆ دەرخستن و بە مانیفێستکردنی نەستی سیاسی، دابڕاو نییە لەخەیاڵدانی چڤاک کە چینێکی دیاریکراوی زاڵ بەڕێوەی دەبات لەناو ئەو کۆمەڵگەیەدا، کە ژینگەی خۆی هەیە

هەڵقوڵاوی ئەو خەیاڵ و فاکتە سیاسیانەی کە ئەو چینە کۆمەڵاتییە بۆی دەچێ وخوازیاریەتی، لەراستیدا مێژوویێکی خۆی هەیە کە پڕە لەزەبر بەرکەوتن و نسکۆدا، بە ستایلی کوردبوونێک هێماو نیشانەو سمبولدا، هەژموونگەرایی خۆی دەکات بە تێکهەڵکێشکردنی ئاین و خێڵ بۆ وڵاتپارێزی و رزگاری نەتەوەیی بە دووفاقییەکی چەند روو وروخساردا خۆی دەردەخا ودەری دەبڕێ وهەژمونگەرایی دەکا کە لەبنەڕەتدا، دەربڕی ناخ ومەبەستەکانی ومێنتالیتەی خۆی نییە ونابێ، تەنیا بۆ ئەوەی دوانەکەوێت لەگەڵ ئەو رۆژگارە وپێگەی کۆمەڵایەتی وسیاسی لەدەست نەدات خۆی رادەکێشێت بە دراوی نوێ لەناو یەک بەرکەوتەدا خۆی دەخاتە بازاڕاوە لەوتارێک(دیسکۆرسێک) کە لەناوەخنیدا رەهەندەکانی بۆ پێش مۆدێرنە دەگەڕێتەوە، خۆی وەک ئەقڵی سیاسی گەلێکی دابەشکراوی نیشتیمان داگیرکراو نیشان دەدات بە فۆرمەلە بوونێکی تازە ودەرکەوتێکی نوێ لەبەرخودان وبەرگریبوونێک بۆ رزگاری و ئازادی گەلێک بە پشتیوانی ئیمپرالیزمی جیهانی وکۆلۆنیالیستەکانی بەشەکانی دیکەی کوردستان، ئەوەی لێرەدا خۆی دێنێتە گۆ، چۆن دەکرێ ئەو ئەقلە سیاسییە دووفاقییە و چەند روویيە هەلاوێرد بکەین لەگەڵ ئەقڵی مۆدێرنە، کێ دەڵێ هەمان پێکهێنەر بە هەمان خەیاڵدان، خۆ بەرهەم ناهێنێتەوە!!؟، بەتایبەتی ئەو چینە دەیەوێ خۆی درێژ بکاتەوە وسەرلەنوێ بە ستایلێکی دیکە، خۆ بەرهەم بهێنێتەوە بە فۆرم و میکانیزمی تازەدا،ئەگەر حزبایەتی میکانیزمێکی مۆدێرنەو شارستانیی هاوچەرخە باس لە رزگاری وئازادی نیشتیمانی ودەوڵەتداری دەکاو دەسەڵاتداری ناو ئەو دەوڵەتە بەڕێوە دەبا، ئەی بۆچی هزری خێڵەکییەت و ئاینداری بەهەژمونگەرایی و بەڤێرژنێکی دیکەوە خۆ بەرهەم دەهێننەوە، ئەگەر چەپگەرایی لاف لێدانی مارکسیەتبوون لەناو حیزبەکان باو بێ ،ئەی بۆچی ئەو پێکهاتەیە لەنێو ئەو فکرو بۆچوونانەش کایەی ئامادەیەو لەچینی سەرەوەدایە.

بەم شێوەیە کۆمەڵگەی کوردستانی لەبەردەم خۆ نوێکردنەوەو بەرهەمهێنانەوەیە، چینێک درێژە بەدەسەڵاتی دەدات و دەرفەت نادات پرۆژەی نەتەوەیی غەیری

خۆی بێتە مەیدان و وەک خۆیان بە راشکاوی دەڵێن ، ئەگەر" بۆ خۆمان نەبێ ،ئەوا دەتوانیین تێکی بدەین".

## ماکی هزری خێڵەکییەت لەنێو رێکخستنە سیاسییەکاندا

گەشەی سیاسی جودا لەسیاسەت ودەسەڵاتی سیاسی، لۆژیکی خۆی هەیە، کاتێ گەشەی کۆمەڵایەتی وئابووری پێش بواری سیاسەت دەکەوێ،ئەوا بەردەوام دەسەڵاتی سیاسی بەو ستایلەی گەشەی کۆمەڵاتی و ئابووریەکەی ناتوانێ خۆی نوێ بکاتەوە، دۆگمایی و بەستەڵەکی دروست دەبێ لەجومگەکانی ودەستپێکی هەڵوەشانەوەو فەشەلی تیادا بەدیار دەکەوێ!!، دۆگمایش نیشانەی ئەوەیە کە بەردەوامی ئەو دەسەڵاتە بەو چەمکە فکریی وسیاسیی ورۆشنبیریانە دواکەوتووەو ناتوانێ لەگەڵ واقیعدا خۆی بگونجێنێ، چونکە گەشەی سیاسیش لۆژیک و زەمینەو ئاراستەی تایبەت بە خۆی هەیە کە پێیدا دەڕوا لەسەر گەشەی دەسەڵات ناوەستی و رێچکەی خۆی دەگرێ بۆ گۆڕانی بنەڕەتی نەک سازش و ریفۆرم، پێویستی بە یەکانگیری گەشە نییە لەو ساتادانە لەگەڵ گەشەی کۆمەڵایەتی، زانستی سیاسەت دیراسەتی دەوڵەت دەکا و چۆن دەتوانێ کاریگەری بەسەر کۆمەڵگەوە هەبێ، بەڵام ئەوەی کاریگەری لەسەر دەوڵەت دەکا لە رەهەندە کۆمەڵاتییەکانەوە، ئەوە بوارێکی تایبەتە لەبوارەکانی ئەو زانستەی کە پێی دەگوترێ"زانستی سیاسی کۆمەڵایەتی"، لێرەدا تێفکرین گرنگە لەپەیوەندی نێوان سیستەمی سیاسی و رۆناکبیری و چ بەرهەمێکی دەبێ بو کۆمەڵگە و بەرەو کوێی دەبا !؟.لەباشووری کوردستان لەدوای راپەڕینی ١٩٩١وە، رەوشی سیاسی بەناسروشتی گوزەر دەکا ودەست وهێز هەن دەستارەکە بۆ هاڕین دەسوڕێنن بۆ رێگری لە بەئاڕاستەنەچوونی سروشتی خۆی وەرچەرخان بۆ مەبەست ومەرامی تایبەت، هەر لەسەرەتاوە هەوڵدرا ئەو فرە حزبییە سروشتیەی شاخ کە لەمەیدانی خەباتدا خۆی کردبووە دیفاکتۆ، بگۆڕدرێ بۆ پلۆرالیزمی ناسروشتی و زیاتر بەرەو دووجەمسەری ببرێ و لەدووجەمسەری شەڕی ناوخۆیی دەرکەوت کە مرازەکانی داگیرکەران وناحەزانی کوردستانیان بەجێگەیاند، بەئاشکراش گوترا "ئەمریکا خواستی بوو،

عێراق و ئێران خەریک بکەن بەو شەڕانەی کە ئەو دوو هێزە سیاسییە باڵادەستەی باشووری کوردستان(پارتی ویەکێتی) دژ بە یەک ئەنجامیان دا"، کاتێ مەرامەکەی تەواو بوو، نزیک بۆوە لەروخانی رژێمی سەدام، پەڵکێشی لای خۆیان کردن ورێککەوتنیان پێ مۆرکردن بێ ئەوەی ئەو دوو هێزە لەدڵدا پێیان خۆش بێ، ئەوەی بەدەر کەوت لەکۆتایدا وهاوکێشەیەکی نوێی لێکەوتەوەو تەرازووی هێز لەنگەرێکی تازەی بەخۆیەوە دیت، ئەوە بوو لەدوای رووخانی رژێم و سەرلەنوێ بونیاتنانەوەی بە ناوی عێراقی نوێ، هاوکێشەی سیاسی لەنگەرە تازەکەی لەهەرێمی کوردستان بەرجەستە کرد لەدەسەڵات و بڕیارداندا گرت وبەلای یەکێ لەو دوو هێزە سیاسیەدا داشکایەوە، کە بەراشکاوی داکۆکی لەرێبەرایەتی بنەماڵەیەک دەکا بۆ رێبەرایەتی رزگاری نیشتیمانی کوردستان ودەمارگیری بۆ بنەماڵەیی، لەنێو چەمکی سیاسیدا کورت دەهێنێ، لەبەر ئەوەی وڵاتپارێزی ورزگاری نیشتیمانی دەبێ بۆ بەرژەوەندی هەرە زۆرینەی گەل بێ ونەک کۆنترۆڵکردن وخۆسەپاندنی بەزۆر بەسەر ، ململانێی دەسەڵات لەگەڵ زۆرینەی خەڵک گەورەترین کارەساتە کە کۆمەڵگە رووبەرووی دەبێتەوەو بە فیڕۆدانی تواناو وزەی میللەتیش بەخۆڕایی، خۆی لەخۆیدا پەیوەندی نێوان مرۆڤی کوردستانی بە نیشتمان پەروەریەوە دەپچڕێنێ، ودۆزەکە بەلاوە دەبا، هێندەی ئەو هێزانەش مەبەستیان بوو، لەلایەک پۆست وچاویکەکان(ئیمتیازات) بۆ خۆیان بێ وهێزی سیاسی دیکە گەشە نەکا وقالبی دیکەی لێ بکەوێتەوە کە هەنگاو نەنێ بۆ ژیانێکی سیاسی تازەدا، ئەو ئەندێشەیەی ئەو حزبە سیاسیانەی کوردستان، نەخۆشی شێرپەنجەی کۆمەڵایەتی وسیاسی لێکەوتەوەو کە راستەوخۆ، سیستەمێکە لەهاوشێوەی بنەچەی کۆمەڵاتی وسیستمی فیودالیستی، کەئێستا بە فیودالیستی سیاسی ناوزەد دەکرێ، هەموو خاکی کوردستان بە موڵکی خۆ دەزانن و یەک کەس لە بری هەموو خەڵکی کوردستان بیردەکاتەوە و بڕیار دەدات ، هەموو خەڵکی کوردستان بە رەعیەتی خۆیان دادەنێن . لێرەدا دەبێ وڵاتپارێزانی کوردستانی نەکەونە نێو ئەو وەهمەی کە ئەو هێزە سیاسییە باڵادەستانە برەوی پێدەدەن و وەک لویسی چواردە دەیگۆت "من دەوڵەتم و دەوڵەتیش منم"، بەڵکوو حەقیقەتی هەم ململانێ سیاسییەکان ومەرامە

تایبەتییەکانی ئەو هێزانە لەئەدائی بەدەوڵەتبووندا رابگەیەنێ کە مەبەستی دەوڵەتی پاراستنی بەرژەوەندییە چیناتییەکانیانەیە نەک خزمەتکردنی کۆمەڵانی هەراوی خەڵک، ئەوەی دەرکەوتووە کە ئەو حزبە کلاسییکیانە لەبەردەم شکستێکی گەورەدان وپێویستە ئەوانەی خواستی چارەسەرێکی بنچیینەییان هەیە،دۆزی کوردستان لەداخوازییەکەوە بکەنە پڕۆژەیەکی سیاسی وکۆمەڵایەتی کەئازادی وسەربەخۆیی لێبکەویتەوە،نەک کۆیلەیی وهەژموونگەرایی چینێک یاخۆ دەستبژێرێک یاعەشیرەتێک بەسەر هەموو .

## هزری خێڵەکی لەنێو کایەی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستاندا

جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی، جولانەوەیەکی ناوەڕۆک خاوەن پرۆژەیەکی شۆڕشگێڕە، بۆ رزگاری خاکی نیشتیمانی داگیرکراوی کوردستان و ئازادی وشکۆمەندی گەلەکەی خەبات دەکا، ئەو جولانەوەیە رەنگدانەوەی واقیعی کۆمەڵایەتی وبەرەنگاربوونەوەی داگیرکارانە، وەک هەر جولانەوەیەکی نیشتیمانی دیکە، رەهەند وبەرژەوەندی چیناتییەکان هەڵی دەسوڕێنێ، سروشت و تایبەتمەندی خۆی هەیە لەرووی پێکهاتەو سروشتی داوا و بەرنامەکانی، بەتایبەتی کۆمەڵگەی کوردستان، کۆمەڵگەیەکی خێڵەکییە وپەیوەندییە فیودالیستییەکانی لەنێو زاڵە، ئەگەرچی جولانەوەی نیشتیمانی کایەکی مۆدێرنە بەڵام بە هزری نامۆدێرنێتی دواکەوتوو وکلاسیکی بەڕێوە دەچێت یاخۆ شێوازی پەیوەندییەکانی خێڵەکی تیا زاڵە بەهۆی ئەوەی چینی سەردەست وباڵادەستی کۆمەڵگەی کوردەواری فیودالیستە، هەوڵی هەیمەنەو خۆ زاڵکردن دەداو سەنترالیزمییەکی هەیە لە شێوەی"رەشماڵ و شوانکارە"ی پیرۆزدا، فیودالیستی کوردستان نەیتوانیوە ئەرکە مێژووییەکەی خۆی تەواو بکا لە ئیدارەیەکی خۆماڵی هاوبەش خێڵەکانی دیکە بەسەر خاکی کوردان قەڵەمڕەوێکی خۆماڵی کوردی و لەدوای "تەمموزی ١٩٢٣ هەرێنامەی لۆزان " کاتێ بۆ بەرژەوەندی وڵاتانی کۆلۆنیالزم، کوردستان بەسەر چوار دەوڵەتی دەستکرد لەناوچەکە، تازە دامەزرا، کوردستان دابەشکرا بۆ بەستنەوەی ناوچەکە بە گڕگڕەی سەرمایەداریدا نەک بەرجەستەکردنی بەرژەوەندی گەلان (عبدالله ئۆجەلان (٢٠١٠)، / مانیفیست الحضارة و الدیموقراطیة ....ص٢٣٤) ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەردا

دابەشکرا، بە ڕێڕەوی گەشەیی ئابووری ئاسایی خۆیاندا ڕەت نەبوو بوون، هەر لەقۆناخی فیودالیستی دەژیان بەڵام دەستبژێریێکی گرێدراو بەسەرمایەداری کە هەوڵی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەوانیان دەدا، بەناوی جولانەوەی ناسیونالیستی ئەو نەتەوانە کە لە ڕاستیدا ناسیونالیستێکی دەستکردی دەستی دەوڵەتی سەرمایەدارانە نەک کۆمەڵگەکەیان، بەڵکوو بۆ بەرژەوەندی خزمەتکردنی سەرمایەداری جیهانی هاتوونەتە کایەوە، فەلسەفەی دەوڵەتانی ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست یەک نەتەوەییە ڕەتی هەموو نەتەوەو ئەتنیکی دیکە دەکەنەوە کە لەگەڵیان دەژیت لەو وڵاتە دەستکردانەدا،دەسەڵاتیان بە شمولیانە کەوتە دەست، فیودالیستی کوردستانی بێجگە لەوەی لەئەرکە مێژووییەکەی خۆی شکستی هێنابوو، شکستێکی دیکەشی ڕوبەڕو بۆوەو ئەوجارە، ڕاستەوخۆ ڕووبەڕووی دەسەڵاتدارانی زلهێزانی ئەوسای دوای شەڕی جیهانی یەکەم بۆوەو بەجارێک شکستەکانی گەورەتر بوو، بەتایبەت لەکاتی بەرەنگاربوونەوەو بەرگریکردن لەخود کە لەئاکامی ئەوە بوو هێزەکانی ڕووبەڕووبوونەوە زیاد لەپێویست لەخۆیان مەزنترو مۆدێرنتر بوو، یاخۆ لەتوانای ئەوان نەبوون بەرەنگاری بکەن بەو توانایە سادەیانەی بەردەستیان(کاوە نادر قادر(٢٠١٩)/ دور الهوية الوطنية الكوردستانية/ اطروحة ماجستير .....)، لەهەندێ حاڵەتیش نەیان دەزانی ڕووبەڕووی کێ بونەتەوە ئەو هەموو دوژمنداریيە بۆ پەیدا دەبێ، بۆیە حاڵەتی بێ ئومێدی و بێ هیوایی ودەست هەڵگرتن لە ناوەڕۆکی دۆزەکەی و خۆ بزرکردن لەنیو قەوارەی دەستکردی نامۆ بە خۆیان کەوتن، نیشاندانی خۆیان بە کەسایەتی لاواز و" گۆڕینی شۆڕش بۆ جولانەوەیەکی مەتەلەبی نەک پرۆژەیەکی گۆڕانکاری بنەڕەتی لەسەر دەستی جەماوەر"(سلامة كليلة،/ماركسية اليوم .... ص١٢٢) بێ ئەوەی دەست لەدەسەڵاتی سیاسی نێو جولانەوەی کوردایەتی هەڵگرێ و لەبڕی شۆڕشی نیشتیمانی حاڵەتەکە ببیتە جولانەوەی چەکداری لەپیناو پاراستنی دەسەڵاتی تایبەت ومالْباتی چاوچنۆکدا، لە ناوخۆدا نەک دژ بە دەسەلاتی بێگانە، زۆر بەتوندی دژی ئەو ڕەوتانە وەستایەوە کە دەیان ویست دۆزەکە بگێڕنەوە سەر ڕەچەڵەک و ڕەسەنایەتی و سروشتی خۆی و لەلای دیکەش، لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەر دەیخواست هەموو سازشێک ئەنجام بدات و دۆزەکە بچووک بکاتەوەو بە کەمترین شت ڕازی بێ بۆ مانەوەی خۆی وپاراستنی بەرژەوەندییە

چیناتییەکانی ودەسەڵاتی سیاسییەکانی لە نێو جولانەوەی کوردایەتی ، بۆیە ئەو جولانەوە چەکدارییە بووە جولانەوەیەک بۆ پاراستنی دەسەڵاتی فیودالیستی دژ بەو رەوتانەی کە دەیان خواست لەبن دەستیان دەربهێنن وبەڕێچکەی سروشتی خۆیدا ببەن، لێرەدا ئەو جولانەوەی کە بەجولانەوەی کوردایەتی دەناسرێ بووە جولانەوەی هەیمەنەی چینایەتی و زهنیەت خێڵەکی باڵادەست وبەشێکی بووە هێزی بەرەنگاری دژ بە هەیمەنەی چینی باڵادەستی نێو کۆمەڵگەی کوردەواری و لێرەدا هێزناسی و کوردبوون تێکەڵ بەیەک بوون بۆ ئەو جولانەوەیە نیشتیمانەیە و بووە دراوێکی دووڕوو لەهەندێ حاڵەتدا یەکجار پاشکەوتوو بۆ واقیعی بەرەنگاربوونەوەی داگیرکەرانی کوردستان، لەبڕی گەڕان وزیندوکردنەوەی دۆزەکەی، هەوڵی داکۆکی لەبەرژەوەندی خۆو خۆبزرکردنی دەدا لەنێو ئەو گێژاوەی تێیدا کەوتبوو، وێناکردنی ئەو کایەو جەستەیەی جولانەوەی نیشتیمانییە بەرکەوتەی هێزێکی پەرچەکرداری شکستخواردو لەناوخۆیدا لەناو بەرەنگاربوونەو بەرخودانی نیشتیمانیدا، جەستەیەکە بە رووکەشی جولانەوەیەکی نیشتیمانی هەموو کوردە لەواقیع هێزێکە بۆ درێژکردنەوەی وەهمێکی چاوەڕوانکراودا دەژی و هەوڵ دەدا جولە بکە بۆ" پاراستنی بوونی خۆی بونێک تەنیا بە زیندووی بمێنێت لەناو چوارچێوەیەکی داتاشراوی دەستکرد نەک لەنێو فۆرمێکی سیاسی نیشتیمانی "ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد...... ل ٥٥) کە بتوانێ داخوازییە نیشتیمانییەکان بەرجەستە بکا حاشاکار و ناچاڵاک بێ لەبواری نەتەوەیی ونیشتیمانی دور لەخواستی گەل و بەرژەوەندییە گشتییەکان لەمەودای دووردا، بنەڕەتی دۆزەکەی وەک هێزێکی تێکشکاو و ژێردەستەو هەڵگەڕاوە لەبەرامبەر کورد بە جۆرێک لەجۆرەکان بۆ گوزارشتکردن لەو مەجالەی کە دەسەڵاتی داگیرکەر رێگەی پێدەدا، سەپاو و زاڵ بەسەر جەستەی کۆمەڵگەی کوردستانی، "جەستەیەکی فشۆڵی وەک گردێکی لمیی هەمیشە لەناو تۆبۆگرافییەکی ناجێگیر بەرزو نزمی دەکات" (ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو.....ل٥٥)، دەکرێت وا بڵێین، ئەو جەستەیە بۆ مەبەستی بەرجەستەکردنێک کە دەکرێ لەچوارچێوەیەی کە وڵاتانی زلهێزو دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستانی گرێدراو پێیانەوە هاتۆتە کایەوە بۆ ئەوەی لەو چوارچێوە ئەوانەوە خۆی بهێڵتەوە لەژیان وبەرژەوەندییە چینیاتی وتایبەتەکانی

تیادا بپارێزێ، بۆیە دەکرێ بگوترێ لەکۆتادا ئەو کایەیە وێناکراو خولقێنەری ئەوانەی دەرەکی بن "ویستراوێکن لەناو ئەواندا لەناو ئیرادەی ئەو هەبوونەی کە دەبێیت هەبن بۆ ئەوان" (ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو .....ل٥٥) نەک بۆ رزگاری نیشتیمانی کوردستانی و ئازادی گەل ،ویستراوێکن کە وا مەزەندە دەکرێن بەو هاوکێشە جەبریەدا تا هەتایە دەمێنینەو هەر ئەوە قەدەرمان دەبێ کەلەوەو پێش قەدەرمان بووە" ئیرادەی دەربازبوون و دەرچوون ئەگەری نییە و گرۆی لەسەر ناکرێ، بۆیە خۆناسین لەرێگەی دوژمنان وداگیرکەرانی کوردستان بۆ ئەو ستراکتەرانەی "بنية" کە ئێستا بەناوی کوردایەتی لەئارادایە کە ناتوانرێ کورد رابەرایەتی خۆی بکاو بوونێکی سیاسی بۆ خۆی دابین بکا"{ ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوەی پێشوو ....ل٥٩} ئەگەر لە پاڵ یاخۆد لەژێر سێبەری قەوارە دەستکردەکانی داگیرکەران نەبێت، برەو بە هاوڵاتیبوون و خۆشگوزەرانی و برایەتی و هاوخەباتی رەنجدەرانی هەردوو لای تیادا دەدرێت لەسایەی بزرکردنی پێناسەی کوردستانی وەک رۆڵی ئایین لەبرایەتی موسڵمانان خۆی دەبینێ، بۆیە واقیعێکی حاشاهەڵنەگرە، بەڵام پڕ شەرمەزارییە بۆ خەباتی نیشتیمانی، دابڕاو جیاکراوەیە لەئاستی کەینونەی کەسایەتی کوردستانی راستەقینە، درێژکراوەی وەهمێکە کە لەدەرەوەی هەستی کوردبووندایە، پێگەو بڕیار بەدەستی بەرهەمهێنراوی ناو ئیرادەی ناحەزانی کوردستانییە، هەر بۆیە دەبێ ئەو راستییە لەلای خۆمان تۆماربکەین، کێشەی ئێستای ئێمە لەنێو جولانەوەی کوردایەتی، خۆناسینەوەیە نەک بەس پێناسەکردن، لەوەی ئێمە کێین و ئیستا لەکوێین وچۆن دەخوێنرێنەوە، پێویستە لەکوێ بین وچۆن بخوێنرێینەوە. هوشیاریەک برەو پێ بدەین کە بەرهەمهێنراو ئەوان نەبین وبەڵکوو هەڵقوڵاوی سروشتی خواستی گەل ودۆزەکە بن ،بۆیە شتێک نییە لەوەی ئێستا کە دەبینرێ بە ناوی کورد بێ بەڵکوو کایەیەکە لەنێو پەیوەندییەکانی هێز بەرهەمهاتووە کە گوزارشت لەویست وخواستی ئەوانە دەکاتەوە کە پەیوەندییەکانی هێز کە بە ڕووکەشی لێیان پێکهێنراوە نەک سروشتی دۆزەکەو ویستی هەموو گەلی کوردستان.{ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/هەمان سەرچاوە ....ل٥٧}،ئەم واقیعە کە ئێستا دەبینرێ، فۆرمی حاڵەتێکی تاسەر نییە وقابیلی گۆڕانە،دەربڕینی مانیفێستی هێزە زاڵ وهەژمونگەراییەکانی باڵادەستی نێو کۆمەڵگەی ئێستای کوردستانییە، دەربڕ وبەرکەوتەی ئەو هێزەیە

کەپێکهینەری ئەو ئاڕاستەو ئەو رێکخستنەیەن،مانیفێستی خواستی ئەوهێزانەن کەشکڵبەندی ورەنگڕێژی هێزەکان بەرجەستە دەکەن. بۆیە سەربەخۆیی ورزگاری نیشتیمانی وئازادی دادوەری بۆ کۆمەڵگە پێش ئەوەی پرۆسەی پرسێکی سیاسی بێ، دەبێ پرۆژەو پرۆسەی خودناسی وبەخودبوونەوە دەست پێ بکا.

## بەنەتەوەکردنی خێڵ یان بەخێڵکردنی نەتەوە

جەستە وهەبوونی جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی لە خۆیدا گوزارشتە لە ئیرادەی گەلی کوردستان، بەڵام پێکهاتەی ئەو جولانەوەیە لەو هێزانەی کە لێی دروست بووە کە هێزو بنکەی کۆمەڵایەتییان هەیە لەنێو کۆمەڵگەی کوردستانیدا وەک پێویست نییە لەو گوزارشتکردنە. قەڵەمڕەوی ورابەرایەتی ئەو جولانەوەیەش بە ئۆتۆماتیکی دەکەوێتە دەستی بەهێزترین هێزی زاڵی نێو ئەو کۆمەڵگەیە، ئەو هێزەش بێجگە لەوەی دونیا دیدەنی خۆی هەیە بۆ سەروەری ورزگاری وسەربەخۆی ومافی گەلی کوردستان، چۆن رەنگدانەوەی هێزی ئیرادەی گەلە ئەوهاش لەژێر کاریگەری هێزی دەرەوەی جەستەی جولانەوەکەیە، کە زۆر جار ناتوانێ گوزارشت وبەرجەستەی ئەو پڕۆژە نەتەوەیە بکات کە جولانەوەکە هەڵگریەتی، بۆیە کەوتۆتە نێو" کاری (ئەدا)ی بەرەنگاربوونەوەو بەرخودان نەک کاری پراکتیزەکردنی خۆو خۆ بە ئەزموونکردن لەناو گوتاری ویستی مانەوەو رۆیشتن لەگەڵ ژیاندا"{ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/ رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد – خەیاڵدان و قەڵەمڕەوی خێڵ.....ل٦٠ / چاپی یەکەم}، یانی بە تکاوە دەیەوێ لەناو ئەو قەوارە سیاسییە دەستکردانە لێگەڕێن بە مافی بچوک بژی، دەکرێ بگوترێ ئەوە دیسکۆرسی(وتاری) چینی فیودالیستە لەدیدەنی ئەودا بۆ ماف و رزگاری نیشتیمانی نەک هی تەواوی گەلی کوردستان، بۆیە هەوڵدەدا لە دەسەڵاتی ناوەندی ئەو وڵاتانە نزیک بێتەوەو پڕۆژەکانیشی بۆ چارەسەری دۆزی کوردستان لەو ئاقارە سوڕ دەخواتەوە کە ئەقڵی سیاسی ئەو دەسەڵاتەی کە دەسەڵاتدارە لەو قەوارە سیاسیانە، خەباتی بۆ دانوسانە لەگەڵ ئەقڵی سیاسی ئەو وڵاتانەی کەبەسەری دابەشکراوە، نەک بۆ رزگاری و سەربەخۆیی، بۆیە کوردبوون لەدیدەنی ئەوان جودایی هەیە لەگەڵ کوردبوونی ناوەڕۆکی کوردبوونی پرۆژەی سیاسی جولانەوەی کوردایەتی رەسەن، ئەوەندەش لەگەڵ

جولانەوەیەکە کە بەرژەوەندییەکانی چینایەتی دەپارێزرێ وبشزانێ بەرژەوەندیەکانی ناپارێزرێ وسەرکردایەتی ئەو جولانەوەیە لەژێر کۆنترۆلی خۆی نابێ، ئەوە رێچکەی کۆمۆنتیانگانەی(پارتی نەتەوەیی) چینی میللی بۆ تێکدان و ئاستەنگ دروستکردن دەگرێتە بەر. ئەو هێزانەی کە دەخوازن لە بازنەی ئەو هێزە باڵادەستەی نێو کۆمەڵگە دەربچن بە توندی دژایەتی و رێگریان لێ دەکرێ، بەهۆی کورتبینی چەند جار تێکشکاوەو شکستی گەورەی خواردوە بۆیە دەرکەوتنی لەناو فۆرمێکی بچوککراوی کوردبوون وبەکوردستانی بووندایە هەر بۆیە ئەو جۆرە خەباتەی رزگاری و کوردبونێکی شەرەفمەندانە، بۆتە وەهمێکی نێو کۆمەڵگەو وا نیشاندراوە کە ئەوە قەدەری کوردە لەو بازنە بەتاڵە دەسورێتەوە کە شکست وهەڵسانەوەو شکستێکی دوبارە بوونەوەیە، بۆیە ئەوەی لەدەرەوەی ئەو دیسکۆرس وهەوڵانەی ئەو هێزە دەردەچێت لەبنەڕەتدا کوردبوونەوەیەو لەدەرەوەی رادەی هەرە بەرزی رێگەپێدراوی هزری دەسەڵاتداران وناسیونالیستی ئەو وڵاتانەیە کە کوردستانیان داگیرکردوە، واتە بەهەر نرخێك بێ لەو مێژووە پڕ شکست وتێکشکانە دەرچین، مێژوویێک کە وەستاوەو لە نێو جغزی یەک بازنەدا سوڕ دەخواتەوەو دەستبەرداری ناسنامەی راستەقینەی خۆیەتی، بێ ئەوەی بزانێ قەدەر بەرەو کوێی پەلکێش دەکا، "واتە دەرچوون لەمۆراڵ ودیسکۆرسی باو و زاڵ، چوونە ناو سەیرورە، دەرچوونە لەو مێژووە ودەبێ لە سەیرورەی داهێنان وچالاکبوونەوە نەترسێن" { ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوەی پێشوتر.... ل٦٤}، واتە ئەزموونکردن وتاقیکردنەوەی ژیانێکی باشتر، واتە لەنێو ئەو بەرانگژبوونەوەی ئەو هێزە زاڵەی کۆمەڵگە لەگەڵ دەسەڵات وهێزی داگیرکەر ئەقل برەوی پێ نەدراو فەزای دۆگمابوون باڵی کشاند وجەماوەریش بەهۆی گیرۆدەبوونی بەدەستی ستەمەکانی داگیرکەر نەپرژاوەتە سەر راستکردنەوەو بە ئەقلانی بەرخودان کردن، هەر بۆیە لەنێو شۆڕش وچەک هەڵگرتن گرنگی بە بیرکردنەوە نەداوەو نادا، بەڵکوو زۆربەی وەرچەرخان ووێستگەکانی بە هەڵچوون وکاردانەوە ورق، بەڕێ کردووە.

ئەگەر چی ئەوانەی ئەقڵی شۆڕشگێڕێان هەبووە بە جۆری مۆدێرنانە، ویستیان ئەوە بووە، کە خێڵ بخەنە خزمەت شۆڕش و دوارۆژی گەل و لەپانتایی لۆکالییەوە بەرەو پانتایی نەتەوەیی رایکێشن، بەڵام بە حوکمی ئەوەی رۆشنبیران

کەم ئەزموون بوون وهێزەکانی دەرەوە کە بەردەوام دەخوازن قەڵەمڕەوی شۆڕشی کورد لەبن دەستی ئەو هێزە پاشڤەڕۆیانە بن کە دەیانەوێ ژیان بەسەر بەرن ولەگەڵ رۆژگار بەمافی کەم و دوور لەشوناسی نیشتیمانی راستەقینە ژیان بەڕێکەن، بۆیە لەبری ئەوەی خێڵ بەنەتەوە بکەن ئەوا خێڵ توانی نەتەوە بەخێڵ بکاو لۆکاڵیەتی خۆی بسەپێنێ بەسەر نەتەوەداو خێڵستان لەبری کوردستان دروست بکاو بێ ئەوەی "کوردستان یان نەمان" بریقەی لەدەست بدات وهێڵی شۆڕشگێری بۆ خۆی تەوزیف بکاو کوردستان بۆ خۆی بێ و نەمانیش بۆئەوانە بێ کەدەخوازن لە فەزای خێڵەکییەت دەرکەون، لێرەدا ئەولەویت بۆ بەخێڵ بوونە نەک پرۆژەی نیشتیمانی و وەهمی بەکوردبوونەوە لەدەرەوەی ئەو جۆرە کوردەی کە هەیە کارێکی هاسان نییەو نابێ.

## ترسی خێڵ لەئاوابووندا

خێڵ ئەو راستییە دەزانێ.،کە شار و پەیوەندییە کۆمەڵاتییە زاڵەکەی ناو شار سەرەخۆرەی پەیوەندییەکانی گوند و خێڵە، لە پەرەگرتنی پەیوەندی و چەمکەکانی ئەقڵی شار، ترۆق و هەترەشی خێڵگەرایی دەبا، دەترسێ تیایدا بزر بێت، یاخۆ بەیەکجارەکی بتاوێتەوە، لۆژیک وئەقلانیەت ونزیک بوونەوە لە زانست و تەکنەلۆژیا، خێڵ دەترسێنێ لەو رێگەیەوە کۆتایی پێ بێت، بەردەوامبوونی راوەروتی و پاتارخۆری و فرانفرانی بۆ مەیسەر نەبێ، بۆیە خێڵ هێندەی هەوڵدەدا رێگری لێ بکا هێندەش هەوڵدەدا بەرهەمی مێنتالیتی و نامۆبوون لەو واقیعەی کە شار بەرهەمی دێنێ ، تێک بشکێنێ ونەیهێڵێ گەشە بکا، هەر بۆیە هەوڵدەدا شتەکان بە خێڵ بکا، لێرەدا دەبێ ئەو راستییە بدرکێنین کە خێڵەکی پارادۆکسی(ناکۆک) مۆدێرنەو بەردەوام لەگەڵ شارستانیەت ومۆدێرنزم ناتەباو پێک ناکۆکە. بۆیە خوێن رشتن وسەرکوتکردن ورێگری لەئازادی وهەژمونگەرایی وتاکڕەوی کە لەخەسڵەتەکانی خێڵە وبەرهەمهێنانەوە بە لۆژیک وئەقللانیەت ناگرێتە پێش خۆی.

سازشکردن لەگەڵ تەکیەو دیوەخان ومەزارگە ودابونەریتی خێڵ، مەسەلەی گرتنەبەری شێوازی داهێنان وبەرهەمهێنانەوە بە رێگەی مۆدێرن کاڵ دەکاتەوە یا خۆد، خێڵی کورد بە تایبەتی باش لەدوژمن ناسی یاخۆد لە دوژمن نەگەیشتووە

یان خۆی فریودەدا وچاو لێ دەقوچینێ. "دەبێ لەخۆمان تێبگەین کە دوژمن بۆ ئێمە کێیە وبۆچی دوژمنداریمان دەکات"{ئەبووبەکر حەسەن (٢٠٢١) / رەخنە لە ئەقڵی سیاسی کورد..... ل١٨٨}، نەناسینی دوژمن وناحەز وەک بوونێکی مەعریفي لاوازی نیشان دەدا، کە ئەوەش لەنێو شۆڕش بەردەوام خاڵی لاوازی بووە وناخوازن دەرفەتی مەعریفەو ئەقلانیەت لە نێو شۆڕش دروست بێ وهەر دەرفەتی بێ بەرنامە وخەڵکانی بێ لێکدانەوە کار بەڕێوە ببەن.
هەر لەگەڵ دانیشتن وڕاگۆڕینەوە لەگەڵ بەرامبەر، رابردوو لەبیر دەکرێ وبە شانازیەوەوش باسی لێوە دەکەن کە لێکتر حاڵی بوون هەیە.

## رەشماڵ وسەرۆکی خێڵ لەدەسەڵاتی شوانکارەیدا

یەکێ لە خەسڵەتەکانی سیستەمی خێڵکی ئەوەیە کە سەرۆکی خێڵ نوێنەری ئیرادەی هەموو خێڵەکە دەکاو قسەی ئەو قسەی هەموو خێڵەکەیە، دواین بڕیار لای سەرۆکە، ئەوەی جێگەی قسەیە، هەرکاتێ هاتیە سەر بەڕی سەرۆکی خێڵ، ئەوا بەپێی داب ونەریتی خێڵەکی هەموو داواکارییەک وخواستێک بەجێ دەگەیەنرێ، چونکە نەک هەر قسە و بڕیار وهەڵوێستی سەرۆکی خێڵ پیرۆزە ئەوا مەنزڵگەو ژێر رەشماڵیشی پیرۆزە، ئەو بنەمایە ، لە لایەن "هنری کیسنجەر"ی وەزیری دەرەوەی ئەمریکا لەسالانی حەفتاکان لەگەڵ ئەنوەر ساداتی سەرۆک کۆماری میسر بە کردەوە پیادەی کرد وداوای لەئیسرائیلییەکان کرد بۆ سەرکەوتنی دانوستاند، بچنە ژێر خێمەی ئەنوەر سادات و وەک سەرۆکی خێڵ مامەڵەی لەگەڵدا بکەن، ئەوەبوو توانی ئەنوەر سادات راکێشێتە قودس و رێککەوتنی ئاشتیانەی لەگەڵ ئیسرائیل پێ مۆر بکا، ئەو مەبدەئە تا ئێستاش پیادە دەکرێ لەگەڵ سەرانی کورد، کێشەکەش لەوەدایە سەرۆکەکانی کورد کاتێ سێبەری خۆیان ببینن خۆیان لێ دەگۆڕێ وزۆر شانازی بەو پرنسیپەیە دەکەن ، لە کاتێکدا ئەو وڵات و بەرپرسانەی کە ئەو مەبدەئەیە لەگەڵ سەرانی کورد بەڕێوە دەبن، وەک تاکتیک وجۆری ئیدارەدانی ململانێکان ،یاری سیاسی دەکەن و گرنگ لەلایان بەڕێوەبردنی کار وبەرنامەیەکەو بۆ راهیکردنی پەنا بۆ ئەو جۆرە مەبدەئانە دەبن پڕۆژەو ئەجینداکانی خۆیان وەک یاریەکی سیاسی ئەو مەبدەئە بەڕێوە دەبن، بۆیە رای راستەقینەو پوختی بۆچوونەکانی ئەو

لێپرسراوانەی ئەو وڵاتانە، دەبێ بە مەزەندەوە لێیان تێ بگەی و هەڵهێنجی لە رەفتارو گفتارەکانیاندا، ئەوەش ئیشی کەسانی وشیاری لایەنی بەئاگای بواری سایکۆلۆژی و گەمە سیاسییەکانە.
ئەگەر پیرۆزیش بەرۆڵی سەرۆک بدرێ ئەوا بۆ جولاندن وبەگەڕخستنی پرۆسەی سیاسی گرنگییەکی زۆری دەبێ بەتایبەتی بۆ ئەوانەی هەر وەک دەگوترێ "توانای کاریگەریکردنی هەبێ لەسەر بڕاردەیەک بۆ ئاڕاستەکردنیان بە شێوەیەکی راست بۆ ئامانجێکی دیاریکراوی هاوبەش" {د. علي محمد ابراهيم الكردي (٢٠٠١)، / مفهوم القيادة ووظائفها .... ص ١٧}،یاخۆد " سەرکردە ئەو توانایەیە بۆ گۆڕینی رێچکەی رووداوەکان وا دەکەن خەڵکانێک بەدوایدا بکەون ..." {محمد اكرم العدلوني(٢٠٠٠) / القائد الفعال ....ص١٧}،لێرەدا لە خۆڕازی بونێکی بەرچاوتەنگی (ئیگۆیزم) کە خۆشەویستییەک و سەرسامییەکی بێ تامی بە خۆی هەیە بێ ئەوەی حسابێک بۆ ئەوانەی دەرەوەی خۆی بکات، بەتایبەتی کاتێ بەرژەوەندی و پێگەی خود دەخاتە سەروی بەرژەوەندی خێڵ و لێی دەبێتە نەخۆشییەکی نەرجسی، تێکچوونی کەسایەتی بە " را لەخۆ بوون و گەورەیی لەخۆ دەبینێ لەسەر حسابی خەڵکی دیکەدا"{ کاوە نادر قادر(٢٠٢٠)/سیاسەت لە کوردستاندا .... ل ٥٢}، هەر بۆیە خۆپەرستی تاکڕەوی وستەمکاری وباش هەڵنەسوڕاندنی لێ دەکەوێتەوەو ئەو پیرۆزیە لەدەست دەدات.
لێرەدا دەسەڵاتی خێڵ وەک دەسەڵاتی شوانکارەی ورەشماڵ وگۆپاڵ ومێگەل وشوانە، شوان لێپرسراوەتی مێگەلی لەسەرە لەهەڵبژاردنی شوێنی لەوەڕەکە ودەرفەتنەدان بە گورگ، مێگەلەکە نەخوا، کاتێ گەیشتە ئەو حاڵەتە، دەبێ مێگەلیش رازی بێ بە چارەنووس ئەگەر بەرەو هەڵدێریشی ببا، رەعیەت نابێ لەبەردەم سەرۆک عەشیرەت وخێڵدا هیچ لێپرسراوەتییەک هەڵگرێ یاخۆ هەبێ، هەمووی لەلای سەرۆک جێبەجێ دەکرێ، کە لەناو سیستەمی خێڵەکیدا بە رەهایی دەسەڵاتی لەدەستە.
لەگۆڕانکاری دونیای ئێستادا، مرۆڤ بۆتە چەقی گۆڕانکارییەکان، لێرەدا"هیچ فۆرمەڵە بونێکی نابینرێ لەنیو پارادیمی (نمونە)ی دەسەڵاتی شوانکارەدا" {ئەبوبەکر حوسێن (٢٠٢١) / رەخنە لە ئەقڵی سیاسی کوردی .... ل ٢١٣}، کە لەو سیستەمەدا سیستەمەکەی شوانکارە ناخواو ناتوانێ چیتر بەڕێوە بچێ، بە ئەقلانیکردنی دەسەڵات بە لۆژیک بەڕێوەبردن شکاندنی کۆتوبەندی پاوان

خوازی دەسەڵاتە، لە دەسەڵاتی دەوڵەتدا ملکەچی تەنیا بۆ یاساو دەسەڵاتی دەوڵەت، کە کەس تاقە ئیرادە نییە ورەعیەتیش بێ ئەرک وماف نییە.
ئێستا ئابووری سواری کەڵکەڵەی سیاسەت بووە، لەرۆژهەڵاتی ناوین نمونەی نێو جڤات وەرگرین، هەر سەرۆکێک بگری (وڵات، حزب، خێڵ، فەرمانگە، خێزان، .....) ئەوا نمونەی شوانکارییە نەک مرۆڤی ئازاد، ئەوەی لەسیستەمی شوانکارەدا هەیە سەرماگوزاری مرۆیی رۆڵی نییە، بەڵکوو سەرمایەگوزاری ملکەچکردن بە کۆو تاکەوە هەیەو پشت نابەستێ بە توانا مرۆییەکان پشت دەبەستێ بە قاندرمەی نزیک بوونەوەی لە کۆیلایەتی بۆ بنەماڵەی سەرۆک خێڵ.

## ئەقڵیەتی پشک پشکێنە لەپراکتیزەکردندا

دامەزراندنی حکومەتی بنکە فراوانی هەرێمی کوردستان وەک دەسەڵاتی کوردی ناوزەدی دەکا،"لەبنەڕەتدا گەمەیەکی دیموکراسییە بۆ ئەوەی بەدونیا بسەلمێنن کە فرەبۆچوونی لەکوردستان رێزی لێ دەگیری وبە خەڵکی و بەدونیای دەرەوەی دەفرۆشنەوە بۆ ئەوەی پشکێنە ودەسکەوت (غنیمە) بەرێوە بچێ، بۆ راگرتنی هاوسەنگی هێزی هەبوونی خێڵەکییەتی خێڵ لەناو دەسەڵات راگرێ"{ ئەبوبەکر حوسێن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوە...ل٢٠٩}، پشکێنەو ئیمتیازات و پۆست کە سەرمایەی خەبات و وڵاتپارێزی بۆ ئەو ئیمتیازاتانە بەکار دەهێنرێ، دەسکەوتێکە بەناوی بودجەو دارایی حکومەت و دەوڵەتە لە بنەڕەتدا بەرهەمهێنانەوەی لۆژیکی هزری خێڵە بە پێی لۆژیک و ئەقڵیەتی خێڵ دابەشی دەکات کە زۆر جار لە پەنای تەمەنی شۆڕشگێڕیەتی یاخۆد بەپێی دەوڵەتداری و یاسایی داپۆشراوە، ئەمەش لەراستیدا شێوازێکی مۆدرێنانە سەرلەنوێی ڤێرژنی خێڵە لەرۆژگارێک کە شۆڕشی تەکنەلۆژی فیگەری تەواوی دونیای داپۆشتووە، بۆ بەرهەمهێنانی شێوازی نامۆدێرنانە(خێڵ) ، بۆیە پشک پشکێنەی هەرێم لەسەر ئەقلانیەت و رێز گرتن لە سامانی گشتی نییە، بەڵکوو

بەرهەمهێنانەوەی خێڵە بەو ستایلە تازەیە ودەبێ ئەوە بزانرێ ئەگەر خێڵ بەرگی خۆی بە رواڵەت گۆڕیوە بەڵام لەناوەڕۆکدا بەهەمان زهنیەت بەردەوامە.

## پیرۆزکردن لەلای خێڵ

یەکێ لەخەسڵەتەکانی خێڵ و لە ناو خەیاڵدانی خێڵدا هەیە، پیرۆزکردنی سیمبول ومێژووی خێڵەکەیەتی، پەیوەندییەکی بەهێز لەنێوان خێڵ وپیرۆزکردندا بوونی هەیە بە فۆڕمی جوداو سەیرو سەمەرە دەهۆنرێتەوە، ئەو پیرۆزکردنەی سەرۆک وسەربردەی نەبەردییەکانی خێڵ ونەمری بۆ باب وباپیرانی وهۆنانەوە و پەیوەندی لەنێوان خێڵ و دەسەڵات دروست بکات بە ئامانجی هێشتنەوەی کاریزمای سیمبول و چیرۆکەکانی خێڵدایە بۆ دەست وەگرتن وگەورەکردنی خێڵە، یاخۆ خێڵ خواستی گەورەبوون وبەرفراوانی لەلۆکالییەتی جوگرافیەتی خۆی هەیە وپانتایی خۆی بەرفرەتر بکاو کار دەکا بۆ ئەو مەبەستە و ئەو چیرۆک وسەربردە گەورە کراوانەی خێڵ کە بەرهەم دەهێنرێتەوەو لەسەروبەندی مێژوویکی پێش مەدەنیەت بۆ ئەوەی نەوەکانی ئێستاو داهاتوو بۆ بەردەوامی کەلکەری خێڵەکییەکەیەتی کە رۆڵی بەهێزکەروچالاک بوونەوە دەگێڕێت بۆ بونیادکردنی دەسەڵاتی خێڵ و بەرهەمهێنانەوەو بەردەوام بوونیدا، " کەواتە پیرۆزی دەسەڵاتی سیاسی خێڵ بینا دەکات"{ ئەبوبەکر حەسەن( ٢٠٢٠ )/ هەمان سەرچاوە .....ل١٧٦} ،ئەگەر چی ئەو بەپیرۆزکردنە و سەربردە ئەندێشەیان لەنێو کۆندێکسی (سیاق) پێک ناکۆک بەیەکدا دەژین و مرۆڤی عەقڵمەند بەجوانی دەیبینێ وهەستی پێ دەکا، بەڵام لەلای هەموو ئەو خێڵە ئەو کەلکەرە دەخوا، بۆیە دونیای سیاسی وکۆمەڵگە زۆرهەژارن بزانێ چی روودەدات هەوڵی بەرهەمهێنانەوەی چی دەدرێت، چۆنی ئاڕاستە دەکەن بۆ مەیل نوێ بوونەوەی کەڵکەری خێڵ وبێ ئاگان لەخۆ رێکخستنەوەو بەرهەمهێنانەوەی ڤێرژنی نوێی خێڵ و چالاکردنەوەی کەلتوور و کەڵکەری خێڵ بۆ درێژەدان بە دەسەڵات ودەرفەت نەدان بە هێزە داهێنەرو گۆڕانخوازەکانی سەرهەڵداو کە بێنە مەیدان وجلەوی روداوەکان بەو ئاڕاستەیە ببەن کە گۆڕانکاری و وەرچەرخان دروست دەکەن.

به تایبەتی کە زیندوکردنەوەو زیندیبوونەوەی کەلکەری خێڵەکی بزانرێ چ زیانێک بە داخوازیەکانی میللەتێکی دابەشکراوی خاک داگیرکراو دەگەیێنێ، بێ ئەوەی نکوڵی لەوە بکەین کەدەبێ واقعیانە لەپێکهاتەکانی کۆمەڵ بنۆڕین وبەسەریاندا باز نەدەین، دەبێ بۆ پرۆژەی نەتەوەیی ورزگاری نیشتیمانی کەڵکیان لێ وەرگیرێ بێ ئەوەی رکێفی رووداو لێکەوتەوگۆڕانکارییەکان لەبن دەستی ئەو هێزە نامۆدێرنانە بێ کە خوازیاری درێژەدان بە کۆمەڵگەیەکی نامۆدێرنن بە ئەقلێکی دواکەوتوو وبەسەرچوو.

# بەشی سێیەم

_ حزب لە خەیاڵدانی خێڵدا.

_ حزب وەک بەرهەمهێنانەوەی فێرژنێکی نوێی خێڵەکی.

_ خەباتی بە خەسارچووی شۆڕشگێڕانی خێر لەخۆ نەدیوو.

_ خۆناسینەوە بە ناسنامەی کوردستانییەت.

# حزب لەخەیاڵدانی خێڵدا

خێڵ بینای پەیوەندییەکانی لەسەر خوێن وخزم خزمانێ دروست دەکا ودەسەڵات وبیرکردنەوە وجوگرافییەکەی لۆکالیی دەبێ وخاوەن سمبول ورەمزێکی روحی بە پیرۆزکراو لەجۆرێکی رێکخستنە کۆمەڵاتییەکانی پێش نەتەوەو دەوڵەت ومۆدێرنەیە، ئەو ئەو دەسەڵاتە خێڵەکییەی کوردستان، لەسەرەتای سەدەی رابردوو(٢٠) و کۆتایی یەکەمین جەنگی گەورەی دونیا، ورێکخستنی لەستایلی حزبایەتی کە خاوەن بیرو ستراتیژیەتە لەسەروی خێڵەو لۆکالیەت وپانتایی دەسەڵاتەکەی فراوانترە، کاتێ خێڵ ،هەستی بە هێزی ئەو دەرکەوتە تازەیە کرد، ترسی لێ نیشت لەوەی کاریزمایی و ناسنامەو ئینتیما لۆکالییەکەی ئەو دەسەڵاتە بەو رێکخستنە لەدەست بچێ، هەوڵی دا خۆی راکێشێتە ناو ئەو دەرکەوت وفۆرمەلە تازەیەو بە ماسکێکی دیکە هەم بەرژەوەندییەکانی بپارێزێ ودەسەڵاتی لۆکاڵیەتی هەر بە ئەقڵیەتی لۆکالی درێژە پێ بداو خۆی بەرهەمبهێنێتەوە ورزگاری بێ لەتاواندنەوەو لەناوچووندا، لێرەدا گەورەکردنی رەمزی خێڵ بەماسکی شۆڕشگێڕی لەپانتاییەکی گەورەکردنداو پاراستنی ئەو پەیوەندییە نامۆدێرنانە، کۆلێکتێڤکردنی(دەستەجەمعی) ئەو دوو ئاڕاستەیە پارادۆکسییەی (پێک ناکۆک)، ئاڕاستەی نەتەوەیی وخێڵەکی لەناو بۆتەی یەک کایەدا (حزب)، فراوانکردنی لۆکالییەت و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی لە نێو ئەو کایەدا، کە پارادۆکسییەکەی ئەو حاڵەتە، لە زۆر شوێن و بارو رەوشدا بەر یەک دەکەون وناگونجێن لەگەڵ یەکدا، خێڵ لەرێگەی تەکنیک ومیکانیزم ودەسکەوتە مۆدێرنانەی،سەروەری و سومبل وپانتایی دەسەڵاتەکانی گەورەتر بکا"{ئەبوبەکر حەسەن(٢٠١١)/ رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد ...... ل ١٩٢} لە رێگەی حزبەوە ، ئەو دوو کردەیە فراوانکردن و پاراستنی خێڵ ئەنجامی دەدا لە ناو ئەو کایەدا، ترس ونیگەرانییەکانی دەڕەوێنێتەوەو حزب دەکاتە کاڵایەک بە ماسکی نەتەوەیی بۆ دەستپێوەگرتن وگەورەکردنی دەسەڵاتی خێڵ وەک سەروەری

نەتەوە، پێویستە ئەوەش بگوترێ ئەقڵیەتی هێز ئەوەی تێدایە قەڵەمڕەوی وجوگرافیای خۆی فراوان بکاو حزب بۆ بەرژەوەندییە بنەماڵەیی وعەشیرەتی خۆی راکێشێتە نێو حزب وزۆر بە نامۆدرێنانە ئەو ململانێیە بەڕێوە دەبا وەک سروشتیکی رۆژهەڵاتی هێز و توندوتیژی وخوێنڕشتن، لە یەکلاکردنەوەی کێشەکانی ، بەکار دەهێنێ، دوور لەئەقلانیەت ولۆژیک، وەک ئەوەی لە١٩٦٤ی نێو پارتی دیموکراتی کوردستان وململانێکانی حزبە کوردستانییەکانی شاخ دوای شکستەکەی ١٩٧٥وشەڕی ناوخۆیی دوایی نێوان پارتی و یەکێتی ١٩٩٥، بێ ئەوەی هەڵسەنگاندن ولێکدانەوەیەک بکەن بۆ دوارۆژی ئەو گەلە ستەمدیدەیە، تەنانەت خودی ئەو حزبانەش قازانجیان لەو شێوە کارە نا لۆژیکەیانە نەکرد.

بەرکەوتەنی خێڵ (نامۆدێرن) لەگەڵ دەرکەوتنی حزب( مۆدێرن)، هەوڵدان بۆ ئاوێزانکردنی ئەو دوو کردەیە لەیەک بۆتەدا، فاکتێکی نوێی خولقاند، ململانێ و زۆرانبازی دوو هزری جیاوازو دژ بە یەک لەناو یەک پرۆسەدا، هێزی خێڵی مت بووی ناو حزب پەنا دەباتە بەر ئەوەی چی هێزی لەدەست دابێ بەکاری دەهێنێت بۆ ئەوەی لەبوون وکایەکی گەورەتر شوێنی خۆی بگرێ و هەژموونگەرایی خۆی لەدەست نەدات لەناو ، بۆ درێژکردنەوەی هەبوونی خۆی کە لە بە ئاگایی و فەرهەنگ و پێگە و رەوتی گەشەکردن و پەرەگرتنی چینایەتی خۆی دا نییە، لێرەدا کایەک دروست دەبێ لە ناوەڕۆکدا لە نێوان دوو بووندا مەحکوم بە دۆخێکی هەم شیزوفینایەو هەمیش ماسک پۆش و دووڕوویی دەردەکەوێ، "هەڵکردن لەگەڵ ئەوەی هەیە نەک ئەوەی کە دەبێت هەبێت"(ئەبوبەکر حوسێن(٢٠٢١) / هەمان سەرچاوە ....ل١٩٧) لە دووریدا(ناویدا) کە ناتوانێ بێتە دەرەوە، بۆیە ئەو هێزە دەبێتە هێزێکی فشۆڵ ولەڕو لاواز، ناتوانێ ئەرکە مێژووییەکانی لەرزگاری نیشتیمانی ئازادی گەلی کوردستان بهێنێتە دی و لە هەمان کاتدا شوێنێک دەگرێ دەبێتە رێگرو ئاستەنگ لەبەردەم ئەو هێزە رادیکالانەی کوردایەتی بۆ رزگاری نیشتیمانی.

بۆیە گردبوونەوەی هێزە لۆکالییەکان(خێڵ) لەنێو کایەکی سیاسی (حزب)، لەزۆرانبازیدان لەگەڵ ئەو ستراکتۆریەی کە ستایلی مۆدێرن خوازیاریەتی بەڕێوە دەباو خوازیارە پەیڕەوی بکا، خێڵ وەک هێزێکی نووستووی مت بوو لە ناو حزبدا خۆی حەشارداوە، لەهەلومەرجێکی گونجاودا دەگەڕێ تا بتوانێ زەمینە خۆش بکاتەوە بۆ گەڕانەوە ودەرکەوتنەوە بە شێوە سروشتەکەی خۆی، بوونی هێزی لە ناوەخندا دەرخۆنەی بەسەردا دراوە و تەنیا پێویستی بە هەل ومەرجی گونجاو لەبار هەیە بۆ دەرکەوتنەوە، بۆیە ئەگەر بە متبوونیشدا بێ روحی خێڵ و پەیوەندییەکانی لەناو کایەی سیاسەتدا دەمێنی و یاری دەکا لەگەڵ ئامراز و خواستەکانی مۆدێرنە و تەکنەلۆژیا و تەکنیک و زانیارییەکان وەردەگرێ و دەیخاتە ژێر رکێفی خۆی و خۆی بەرنامەڕێژی و ئاڕاستەیان دەکات، هزری خێڵ دەبێتە خاوەنی دەزگای ئیداری و راگەیاندن وئەمنی و ئاسایش بە تەکنیک و زانیارەکانی مۆدێرنە بەڕێوەیان دەبات و لەگەڵ کایەکانی مۆدێرنە یاری دەکاو بە مت بوویی بەرێگەدا دەڕوا.

هەر بۆیە بەهۆی ئەو فاکتەی دروست بوونی حزب لەکوردستاندا، بەرهەمهێنانەوەی خێڵ و پەیوەندییە خێڵەکییەکان لە نێو خودی باڵانسی هێز لە ناو حزبدا، خێڵ دەبێتە خاوەن حزب و بە خۆی بەڕێوەی دەبات و بۆ مەرامی خۆی بەکاری دەهێنێ کە سروشتی باوک سالاری وئاغای نێو دیوەخان و شێخی نێو تەکیەو خانەقاکانی لێ دێت.

خێڵ دەیەوێ خۆی درێژکاتەوەو لەناو حزبدا و سەرکێشی و قەڵەمڕەوی سیاسەتەکانی بکا، بەڵام دەرفەت نادات حزب لە ناو خێڵدا بەشێوەی سروشتی خۆی چالاکییەکانی بەڕێوە ببا، هەوڵدەدا خۆی راکێشێتە ناو حزب بێ ئەوەی ئەو گرێ کۆرەیە بکاتەوە کە حزب راکێشرێتە ناو خۆی، رەمزە روحییەکەی خۆی بکاتە رابەر، نەک حزب رابەری خێڵ بکات، خێڵ دەبێ رابەرایەتی بکات نەک رابەرایەتی بکرێت، واتە گوتارێکی سیاسی تایبەت بە خۆیی دەبێت لەدەرکەوتەکەدا کە مانەفێستی فیودالیستە لەناو کایەی سیاسی جوڵانەوەی نیشتیمانی کوردستانیدا، خێڵ بە دوای گوتارو پەیوەندییە خێڵەکییەکەی دەگەڕێت

نەک بە دوای کەس وتاک و دەم وچاوی شێخ و ئاغا و کێخوا، یانی بەدوای نوێنەرایەتی خۆی دەگەڕێ نەک بەدوای کەس و تاک، خێڵ بەدوای ئەوەدا دەگەڕی کە حزب بکاتە ئاوێنەیەک بۆ ئەوەی رەفتارەکانی تێدا ببینرێ، خێڵ هێندەی خەمی بەرژەوەندیماڵبەتەکانیەتی چارەگی هێندەی لەخەمی پەیڕەو پرۆگرامی حزبی نییە، بۆیە دەکرێ بگوترێ بوونی ئەو دوو ئاڕاستەیە پارادۆکوسیەیە "خێڵ و نەتەوە "، کێشەیەکی بونیادییە و دەست کورتی مەعریفی کۆمەڵگەی کوردستانییە بە دونیای رۆشەنگەریدا، شکستی هەوڵەکانی رێچکە سیاسیەکەی شارە بەسەر هێزی نامۆدێرنی باڵادەستی شاخ ولادێکاندا، سەردەست و بن دەست بەڕێوە ببا لەنێو  و سنوور بەزاندی یاخۆد خۆڕاتەکاندنی کاتی دەوێ لەوەی حزب هی خێڵ بێ یاخۆد خێڵ لە ناو بۆتەی حزبدا بتاوێنتەوەو لەپێناو رزگاری نیشتیمان.

## حزب وەک بەرهەمهێنانەوەی ڤێرژنێکی نوێی خێڵەکی

بەرهەمهێناوەی خێڵ لەرێگەی حزبدا بەهەردوو سەری ئۆپۆزسیون و وابەستیەکەی  لەگەڵ دەسەڵاتدا، خێڵ لەچینی سەرەوەدان، هەر بۆیە پرسیارگەلێک لێرەدا خۆی دەورژێنێ، کەی ئەو شێوازە مۆدێرنانەی خێڵ تێدەپەڕێن، ئەگەر حزب میکانیزمێکی مەدەنیایەو هاوچەرخانەیەیە کە جڤاتێک بۆ رزگاری و ئازادی دەستی بۆ دەبات، کەچی چینی سەرەوەی تژی لە شێخ و ئاغاو دەرەبەگ دەبێ ، بۆ ئەوەی دەسەڵات لەدەستیان ئاوا نەبێ، کەی ئەو چینە دەتوانێ میکانیزمێکی مۆدێرنانە بەڕێوە ببا لەسەر دەستی نامۆدرانە، هەموو دەم راکێشانەوەی پانتایی  بۆ جۆرێک لە خێڵگەری دەبا،"لەبری ئەوەی خێڵ بەکاربهێنێ ئەوا خێڵ حزب بەکار دەهێنێ، ستراتیژیەتی هەژموونەگەرایی خۆی لەنێو رێک دەخاتەوە"{ئەبوبەکر حەسەن( ٢٠٢١ )/ رەخنە لە ئەقڵی سیاسی کورد / ......ل١٦٣}، ئەو چینە نەک لەنێو کایەی سیاسیی بەڵکوو لەنێو رۆشنفکرەکانیشدا رێژەی سەرەکی پێک دەهێنن، لەلای دیکە تژی بواری شەرعیەت وتەریقەکانی بەربڵاوی کوردستانن( قادری و نەقشبەندی)، بەم شێوەیە"کایەی سیاسی وگردبوونە سۆسیولۆژییەکانی رۆشنفکرو تەریقەتەکانی

ئاینی، سەرانە داهاتی نەوتیش هەر قۆرخکراوی ئەوانن"{ ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوە .....ل١٦٤}، یانی بەرهەمهێناوەی کایەی سیاسی ، ئابووری، بواری مەعریفی، ئاینی هەر لەمست ئەوانەو ئەو چینەیە تێناپەڕێنی، ئەگەر بە ئاشکراش خۆی نەخزێنتە نێویان ئەوا بە شاراوەی پێدزەی دەکاتە ناویان .

میکانیزمی حزبایەتی کە بە میکانیزمێکی مۆدێرنانە دەژمێردرێ لێ دەرباز نابێ لەستراکتۆری خێڵ و فکری لۆکالی، وەک پرۆژەیەکی رۆژهەڵاتی هەموو سوچەکانی داگیردەکا، وەک هێزێکی مت بوو لەنێو هەناوی هەیەو بە سڕبوویی پەل دەکوتێتە ناو هەموو بوارەکاندا، لەبەر ئەوەی هەلومەرجێکی بابەتی هەیە بۆ بەردەوام بوونی هەژموونگەرییەکەی لەنێو کۆمەڵگەدا، "بە شکڵبەندی گەورەوە دەچنە ژێر رکێفی خێڵەکیەت وئایین"،{ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوە ....ل ٢٠٦}، خێڵ بە کەڵک وەرگرتن بە هەژموونگەرایی خۆی لەنێو بوونی بەردەوام دەبێ، کێشەکە لەوەدایە چۆن دەتوانێ سازش لەگەڵ ئەو میکانیزمە مۆدێرنە(حزب) بکاو چۆن توانیویەتی تێکەڵ بە بازاڕی کەپیتالیزم ببێ و پێگەی کۆمەڵایەتی وسیاسی مسۆگەری بۆ بمێنێتەوە، تفاعل لەگەڵ جیهانگەری ئەنتی لۆکالی وشۆڕشی تەکنەلۆژی تێکدەری نامۆدێرن دەکا.

## خەباتی بە خەسارچووی شۆڕشگێڕانی خێر لەخۆ نەدیوو

نزیکە سەدەیەکی خەباتی بێ وچانی خەڵکی کوردستان بۆ رزگاری و ئازادی گەلەکەی و پتر لە سی ساڵەی دەسەڵاتی نامۆدێرنەی هەرێمی کوردستان، ئەوەی دوژمن وداگیرکەرپێی نەکرا بێ، لەتێکشاکان و شکۆبردن و بێ دەنگ کردنی مرۆڤی کوردستانی، ئەوا دەسەڵاتی بەناو نەتەوەیی لەناوەڕۆک خێڵەکی وبنەماڵەیی، هەموو شێوازو فشارێکیان بەڕێوە بردووە بۆ ئەوەی شێوازەکانی ئەو فشارانە سەرکەوتوو بێ و تەوزیفی تاکی کوردستانی بکەن بۆ درێژەدان بەدەسەڵات و رکێفی جولانەوە لەدەست نەدەن، زۆریش بەدیقەت سەیر بکرێ،

فۆرمەلەی هاوڵاتیانی کوردستانیان کردوە بۆ چەند پلەو ئاستێکی دیاریکراو، مرۆڤی شۆڕشگێڕی کوردستانی کاتێ چۆتە نێو ڕێزەکانی ئەو پارتە کوردستیانەو چەکی لەشان کردوەو خەباتی چەکداری هەڵبژاردوە بۆ عاشقبوون بە دەموچاوی ئەو سەرکردانەو چیاکانی کوردستان نەبووە، بەڵکوو بۆ رزگاری لە مەینەت و ئازدی بەدەست هێنان و نەفرەت لە داگیرکەر بووە، کەچی ئێستا بەردەوام هێزو تواناو خواست مەیل وخەونەکانی لەبەرامبەر وەبەرهێنان و بەرهەمهێنانەوەی لنگاوقوچ کراوەتەوەو ئەوەی ئەو شۆڕشگێڕە دڵسۆزانەی کوردستان، ناحەزی بوون ئێستا ئەو دەسەڵاتە کردوویەتی بە لێپرسراو کاربەدەست وئەوەی ئەو هەوڵی بۆ داوەو خوێن وفرمێسک وئارەقەی بۆ رشتووە لەپەراوێزی یاخۆ دەرەوەی ئەو دەسەڵاتەدایە، ئەو پەراوێزو دەرخستنە، پێچەوانەی ئەو مرۆڤە کوردستانییە شۆڕشگێڕانە و ناوەڕۆکی شۆڕشی کوردستانیە، دۆخێکی وای خوڵقاندوە کە مرۆڤە شۆڕشگێڕەکەی پێش راپەڕین و پێش دروستبوونی دەسەڵاتی کوردی خەونی پێوەدەبینی ومالداریەکەی کارێکی رەنج بەخەسارچووی لێ هاتۆتە دی و خەون خەیاڵەکانی بە سەراب دەرچوون، بەجۆرێک تووشی شۆک هاتووە کە نکۆڵی لەرابردووی خۆی و نەتەوەبوونی خۆی بکاو ئەو دەسەڵاتە خێڵگەراییە کوردییە ئەوەی لەشاخ دەیوروژاندو دیسکۆرسی بۆ دەدا ئەوا لەناو شاردا رێک لەکۆش وئامێزی هزری خێڵی کردەوەو ئەوەی دەرخستووە کە دووڕوویی خەێڵەکی ناتوانێ بەرهەمهێنانەوەی بۆ تاکەکانی بە ئەرێنی ومۆدرێنانە هەبێت، جولانەوەی خێڵەکی بە رابردوخوازیە پاشکەوتووەکەی ناتوانێ پرۆژە نەتەوەیی لەنێو ئەو جیهانبینیە بنەماڵەییە خۆخوازیی و بەرژەوەندخوازیە تایبەتییەی هەڵسانەوەی تەکان بە دۆزەکە بدا، بە نائامادەبوونی ئەقل وفکری مۆدێرن ورەچاوکردنی خواستی ناحەزانی کوردستان لەبەڕێوەبردندا لەئەگەری خۆخواردنەوەو هەرەسێکی دیکەی لێ چاوەڕوان دەکرێ ئەگەر ئاڕاستەی دەرکەوتنەوەو راستکردنەوەی لێ نەکەوێتەوە، ئەو رەوشە دۆخێکی شیزۆفینی و سۆسیوسایکۆلۆجی ناجێگیری کردۆتەوە، دەسەڵات و ئۆپۆزسیۆنی کوردستانی لەهەوڵی دروستکردنەوەی مرۆڤی کوردستانی نییە بە فۆرمەڵەبوونێکی وڵاتپارێزی باوەڕ بە کەسایەتی داهاتووی خۆی وتەنیا

خەیاڵەکانی لەسەر ئەگەری بەزەیی هاتنەوەی هێزە زلهێزە دەرەکییەکان هەڵچنیوە، ئەوەش نیشانەی ئەو پەڕی نەزاینن وبێ ئیرادەییە.

## خۆناسینەوە بە ناسنامەی کوردستانییەت

## لەنێو فەزای ناسنامەی داسەپاودا

هێزی باڵادەستی نێو کۆمەڵگە لەهەوڵی ئەوەدایە کە مافی کەم وبچووک خەڵك بە کوردستانی بوون چاو بنوسێنێ وچەواشەیان بکا لەنێو وڵاتانی دەستکرددا وپێناسەی نامۆ وناسروشتی ناسنامە، بەزۆر بەسەریان بسەلمێنێ. لەنێو مێژووی سەد ساڵەی سیاسی رابردوی راستەقینەی کوردستان لە دوای هەرێنامەی لۆزان ٢٤ی تەمموزی ١٩٢٣، ئەوە دەسەلمێنێ کە مێژوویەکە بۆ سڕینەوە ودەستبەردار بوون وتاواندنەوەی ناسنامەی کوردستانی وسەپاندنی ناسنامەی نامۆیە بەسەریاندا، هەوڵی سەرەکیی ئەو هێزە لوزانچیانەیە کە بەشێک لە هێزە بە ناو کوردییەکان وەک کۆسمۆپۆلیتیەت رەفتار دەکەن. لەهەمان کاتدا مێژووی دەستپێکردنی ئەو ئەندێشەیەی کە فیودالیستی کوردستانی لە مێشکیداییە بۆ ئەوەی خۆی بگونجێنی لەگەڵ ئەو هەولانەی لۆزانچییەکان بۆپاراستنی پێگەی سیاسی و ئابووری و داب ونەریت و پەیوەندییە کۆمەڵاتییەکانی عەشایری، بهێڵێتەوە، لە هەمان کاتدا خۆ تاواندنەوە لە نێو ئەو قەوارە سیاسییە دەستکردانەی کە کوردستانیان پێوە لکاندوە، کە دەبێتە سڕینەوەی راستی ئەو پێناسە کوردستانییەو بەرەنگاربوونەوە بۆ ئەوەی "مان"ی بۆ خۆی نەک بۆ ئیرادەی گەلی کوردستان، بهێلتەوە، بۆ دەرچوون لەو مێژووە، دەبێ لە وەهم و ئەو پێناسەیەی کە هێز بەسەر گەلی کوردستاندا سەپاندویەتی، دەربچن ، بەتایبەت لەو دەستەواژانەی کە لەو بارە دەگوترێ بۆ بێئومێدی و بێهودەیەیی لەبەرامبەر چارەسەری بنەڕەتی بۆ دۆزەکە کە خۆی دەبینێتەوە لە سەربەخۆیی کوردستان"بەردی گەورە نیشانەی راوەنەشاندنەوەو سەربەخۆیی کوردستان بە تەقەڵەدوراو و خەونی شاعیرانە، ......"، بۆ دەرچوون لەو مێژووە پڕ شکست و کارەساتە تراژیدییە، دەبێ ئەو فەرهەنگە فیودالیستە بێ ئیرادەکردن و

سەپێنراوەی بەسەرماندا هاتووە، فرێی دەین ، نەترسین ، لە بەجێهێشتنی ئەو یۆتۆپیایە فیودالیستییە باوەی کە لەدیسکۆرس ومۆراڵی ئەو میتۆدە شکستخواردووە، هاوتەریبی ئەو مێژووەیە کە بێ ئیرادەیی و بێهودەیی بەردەوام ودیل وپاشکۆی خواستی دەرەکی کە لەپەراوێزی روداوەکانی ناو کوردستانی لێکەوتۆتەوە، لەشاکارەکانیدا گوزەر دەکەن، بەڕێوە دەبرێش لەلای کۆمەڵێک کەس، کە بازرگانی بە دۆزەکە دەکەن"(د.عەباس وەلی کوردو غەیرە کورد/ وتارێکە بە ئینگلیزی نوسراوە........) کە نەک هەر سەرکردایەتی حزب سیاسەتیان قۆرخکردوە، بەڵکوو دەسەڵات وسامانی وڵاتیشیان بۆ مەرام وبەرژەوەندی بنەماڵەیی خۆیان کۆنترۆڵکردوە وهەر جۆرە سازشێکیش پێویست بێ بە دۆزەکە ئەنجامی دەدەن وهەست بە کەموکورتی دەکەن وهەوڵی بەردەوام دەدەن بۆ گۆڕینی ململانێ وپڕۆژەی گۆڕانکارییە کۆمەڵاتییەکان بۆ پڕۆژەی داخوازییە هەنوکییەکان" سلامة الكليلة (٢٠١٣) / الماركيسة اليوم .... ص١٣٤)، بەسازشکاریی ئەو ئاراستەیە بەڕێوەی دەبەن نەک شۆڕشگێڕانە بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی سەرەکی. لێرەدا بەرەنگاربوونەوەی ئەو میتۆدو مومارەسەیەی فیودالیستییە لە نێو جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتیمانی کوردستانی بە ستراتیژیەکی کوردستانی کە گوزارشت لەواقعی دۆزەکەو بەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگە دەکا، کارێکی شۆڕشگێڕانەو پێویستە.ئەو میتۆدە"دووفاقی کەسایەتی لەناوەوەو دەرەوەیدا دەبینرێ"{ احمد داود اوغلو(٢٠١١)/العمق الستراتيجى وموقع تركيا الدولي....ص٨٢} بۆ مرۆڤی کوردستانی دروستکردوەو ناکۆکی خستۆتە نێوان کەسایەتی نامۆو ساختە کە بۆ رازیکردنی داگیرکەر پەیدا بووەو لەگەڵ کەسایەتی رەسەنی مرۆڤی کوردستانی ناگونجێ، ئەو دوو هەستەیە لەناو خودی هزری مرۆڤ وکۆمەڵگە کوردستانی، لەناکۆکی وململانێکاندا رەنگی داوەتەوە، بەردەوام ئەو ئاراستەیەی کە کەسایەتی رەسەنی کوردستانی گوزارشتی لێ دەکا لەمیتۆد و پەیڕەوکاریکردنی فیودالیستی دوورە. پەیڕەوکردنی ئەومیتۆدەو شکست ونسکۆکانی، هی هزری چینێکە نەک میللەتێک، لەگەڵ ئەوەش سوور بوونی لەسەر بەردەوامی لەسەر ستراتیژیەتی هەژمونگەرایی وزاڵبوون ودەستبەسەراداگرتنی جولانەوەکە

بەتەنیا، لەبۆشایی نەهاتووە " ستراتیژی سەپاندن دونیابینی سیستەمی خۆی هەیە..... ناچارە بە گوتاری وا خۆی نیشان بدا کە پێویستیە" {ئەبوبەکر حەسەن(٢٠١١)/رەخنە لە ئەقڵی سیاسی کوردی .......ل٧٤}، سەرەڕای ئەو هەموو شکست ونسکۆ و کارەساتبارانە هەوڵدەدا رەوایی بداتەوە خۆو کێشەی سەرەکیش لەوەدایە خەڵکانێک شکستەکانیشیان بە سەرکەوتن دەبینن، بۆ ئەوەی دەرفەت نەدا هێزێکی دیکە زۆرانبازی لەگەڵدا بکا، وا خۆی نیشان دەدا کە خاوەندارێتی دۆزەکەیە بێ ئەوەی باوەڕی پێ بێ و هەوڵدەدا خۆی بەرهەم بهێنێتەوەو هێز بڕیاردەر دەبێت لەهەموو پەیوەندی وچالاکییەکانیدا، لێرەدا بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوەی دەست بۆ هەموو گەمەو یارییەک و فەنتازییە ئاسایەک دەبات  بۆ ئەوەی هێزی زاڵ وهەژموونگەراییەکەی وەک هێزێکی رەسەن وئۆرجینال نیشان بدات،  هوشیاری، دەتوانێ دەستنیشانی شکستەکان بکات، رووی راستەقینەی ئەو هوشیاریە ساختەیە لە کوردایەتی کە ماکینەی فیودالیزم بە بەردەوامی بەرهەمی دەهێنێتەوە  بۆ ئەوەی نەهێڵێ راستیی و ناوەڕۆکەکانی لەبازرگانیکردن بە دۆزەکە دەرنەکەوێ و هەر هێزی باڵادەستی کوردایەتی بمێنەوە. وەهمی بەرگری وپاراستنی پەیوەندییە خێڵەکییەکان تاسەر بەردەوام نابێ وناکرێ یاسا بابەتییەکانی پەرەسەندن وگەشەسەندنی بواری کۆمەڵایەتی رابگیرێ لەکارخۆی بکەوێندرێ لەبەر خاتری یۆتۆبای فیودالیزمدا. دەرکەوتەی نوێ سەرهەڵدەدات  لە ناو کۆمەڵگەدا وئێستا هێزییێک و بوونێکە لەناو دەرکەوتەیەکی شەرمندایە و هەوڵ دەدا خۆی بناسێنێ کە لەچ پێگەیەکە و بەرامبەرەکەشی لە کوێدایە، رەنگە رۆژێک یان دەستبەرداری ئەو هوشیارە بێ و خۆی بتاوێنتەوەو لەناو ئەو هوشیارییە ساختەیە یاخۆ لە پەراوێزدا خۆی حەشار دەداو هێز بۆ بەرەنگاری بەرهەم دەهێنن کە تا سنوورێک هۆشیاری بە پێگەو رۆلی هێزی باڵادەست و نەخشەڕێگەی بۆ دوارۆژی خۆی نەخشاندووە کە چۆن توانا مەعریفییەکانی سیستەمەکەی خۆی تەوزیف و بەکار بهێنێ بۆ بەرەنگار بوونەوەو راگەیاندنی شکستەکانی هێزە باڵادەستەکانی ئێستا. بۆیە بەزاندنی  خێڵ کە لۆکالیەتییەکی بیرکردنەوەی هەیە و پیرۆزی دەداتە سەرۆکی خێڵ، هەموو هەوڵەکانی بۆ خۆ بەرهەمهێنانەوە لە لۆکالیەت و پیرۆزیەکەی

نابەزێنێ هەر هێندە هەیە ئەو پانتاییە دەسەڵاتە لۆکالیەکەی فراوانتر دەکا بە ناوی دیکەو هەر سەرۆکی پیرۆزکراو دەمێنێ بەڵام بۆ خێڵستان نەک کوردستان ، بەڵام نەتەوە لە لایەک کایەیەکی مۆدێرنەوە مەدای بیرکردنەوەی فراوانترە و تەواوی نیشتیمان دەگرێتەوە، کارەساتەکە لێرەدایە کاتێ یەکەیەکی سیاسی ئەقل لۆکالی گرێدراو بە بیروباوەڕی میتافیزیکی و ئەندێشەیی و ئەفسوناوەیی ، سەرکردەی بکا و هەڵی بسوڕێنێ ،بۆیە ئیزدواجیەت لە خێڵایەتی و نەتەوەیی کە دوو فۆرمیهێندە هاسان نابێ و لە کاتی خۆیدا توخمی زاڵ و سەرەکی ئەو مرۆڤە بە شێوەیەکی نەویست دەرکەوێت ، هەر بۆیە ماسکی خۆ حەشاردان تا سەر نابێ و دژ بەیەکن لەناو خودی هەناوی یەک ئینساندا کارێکی گەرم بووندا ئەو ماسکە هەڵ دەماڵدرێ، راستی ئەو مرۆڤە یاخۆ جڤاتە دەردەکەوێت، بۆیە دوو ئینتیما کە یەکیان لۆکالی و ئەوی دیکە زەمینە فراوانتر لە بۆتەی یەک کایەدا سەرناگرێ ، چەندە خۆی بەرهەم بهێنیتەوەو خۆی نوێ بکاتەوەو ماسک بپۆشێ، بە تایبەت ئینتیمایەک کە رۆژگار قوتی داوەو مۆدیلی نەماوە، لە دنیادا، ئێستا هەنگاو بۆ بەرژەوەندی تەواوی مرۆڤایەتی دەنرێ کەچی ئەقلیەتی لۆکالی خێڵ بریاردەرە لە کوردستان، پێچەوانە رەفتار دەکا. پرسەکە لەوەدایە رۆژگار بە گورجی دەچێتە پێش وئەو ئەقلیەتە دواکەوتووە نامۆدێرنە خۆی حەشار داوە بە ماسکی دیکە ولە بری کۆمەڵگەی کوردستانی بڕیار دەدا دوای ئەوەی بە فلتەری بەرژەوەندییە تایبەتییەکانیدا (خێڵەکی) دا تێپەڕ دەبێ، بڕیارێک بە ئەقلیەتی پێش مۆدێرن لە دونیای شۆڕشی زانیاری وئەقلی دەسکرد، ئەنجام دەدات.

# بەشی چوارەم

## خێڵ و دەوڵەتداری

_خێڵ ودەوڵەتداری دوو ئاڕاستەی پێک ناکۆک.

_ سۆسۆلیژیەتی پێکهاتەی  دەسەڵات.

_ سۆسۆلیژیەتی گروپی دەسەڵات.

_ ئاین و دەسەڵات.

_رووی ناوەوە و دەرەوەی پەیوەندییەکانی دەسەڵاتی خێڵەکی.

# خێڵ ودەوڵەتداری دوو ئاڕاستەی پێک ناکۆک

خێڵ بەردەوام لەشار دەترسێ و دژە یاسا و دەسەڵاتی ناوەندە و لۆکالیەتێکی خوازیارە، خێڵ و دەوڵەت، دوو ئاڕاستەن تێک ناکەنەوەو پێکڕا ناتوانن تاسەر بژین، لەبنەڕەتدا دەوڵەتداری میکانیزمێکی مۆدێرنانەیە و خێڵەکیەتیش پێکهاتەیەکی پێش دەوڵەتدارییە، لەگەڵ ئەوەش لەواقیعی کوردستاندا، دەوڵەتداری ناتوانێ خۆی لە هزری خێڵەکی ببورێ وبەناچاریش بێ وەک هێزێکی فشار خۆی لە بەرامبەریدا، رەپێش دەکاو لە دەروازە سەرەکییەکانی دەوڵەتداریدا بێ سانسۆر دێتە ژووری،هەربۆیە ئەوەی پێی دەگووترێت "دەسەڵاتی کوردی" بە شێوەیەکی زانستی ومۆدێرن بینا نەکراوە، بەڵکوو لەهاوسەنگی هێزەکان هاتۆتە کایەو کە ئەو هاوسەنگییە هێزەش، لەنێو ئەو کۆمەڵگەیدا، لەنگەری گرتووە بەلای خێڵدا، هێزێکی مۆدێرنە سەریهەڵنەداوە وەک فریادڕەس تا بتوانێ لاسەنگییەکەی لە بەرامبەر خێڵ پێ راست کاتەوە. هێزە رادیکاڵەکانی بە ناو ئۆپۆزسیۆن ئەگەر نەچێتە بنباری ئەو رەوشەی کە بە قازانجی خێڵە ئەوا هاوتەریب لەگەڵیدا دەڕوا، دەنا ئەو هێزو کارەکتەرانەی کە لەکوردستان جولە دەکەن، گوزارشت وبەرجەستەی ئەو هزرە دەکەن کە خێڵ هەڵگریەتی وبەپێ ئەقڵیەت و لۆژیکی خێڵ، وڵات بەڕێوە دەبا نەک بەپێی سیاسەتێک کە بینای لەسەر زانست و واقعیەتی کۆمەڵگەیە، بۆیە کاتێ لێکدانەوە بۆ پێکهاتە و رەهەندەکانی کۆمەلایەتی دەسەڵاتی کوردی دەکەین، یاخۆ رەفتارە نامۆدێرنەکانی هەڵدەسەنگێنرێ، دەبێ ماهیەت و توخمە سەرەکییەکانی کە ئەو پێکهاتەی دەسەڵاتی لێ دروست بووە، لەبیر نەکرێن، هەر بۆیە پەیوەندی هاوڵاتیبوون و گرێدراوی بە خاک و نیشتیمان لەلای ئەو دەسەڵاتە، یەکجار فشۆڵ و شلوشۆقە، سەروەری خاک و نەتەوە لەپێشنەیی(ئەولەویەت) نییە، کە دەبوایە بە یاسا بەرجەستەی بکردایەوەو گوزارشتی لێ بکردابوایە، ئەو توخم و هێزانەی ئەو دەسەڵاتە کوردییەیان دروستکردوە،کە گرنگی بە پرۆژەی فراوانکردنی لۆکالیەتی دەدەن بۆ دروستکردنی خێڵستان بەسەر تەواوی کوردستان ، تەنیا بە رواڵەتی باس لەپرۆژەی نەتەوەیی دەکن، بۆ ئەوەی پشک پشکێنەکەی کە لە

ئابووری هەرێم دەست دەکەوێ لەدەستیان نەچێ، چونکە دەوڵەت بە داهات دەبینێ و داهات بە دەوڵەت دادەنێ و ئەو پۆستانەی کە بەناوی کورد داگیریان کردووە و بەدەستیان هێناوە لەهەرێم و عێراقدا، تەوزیفی سەرمایەی سیاسیان بۆ سەرمایەی ئابووری و پشک پشکێنەکە کردوە، خەباتی شاخ و شەهیدان، تاجی سەروەرین،"کەرکوک قودس و دڵی کوردستانە" و "یان حەمرین یان تا مردن ئەجەگین" تەنیا بۆ چیرۆک دروستکردنە، ئێستا تخوبی کوردستان لە شێراوەیەو بەعەرەبکردنیش بەدەوری قەڵای هەولێری و بناری سەفین و شەقڵاوەش بۆتە (شەقلوجە) و لە ئەزمەڕو گۆیژەو و گلەزەرد، چیای شاخکێی دهۆکی دەلال سورر دەخواتەوە.

لەراستیدا ئەو درزە گەورەیەی نێوان نیشتیمان و بێباکی لە فۆرمی دەوڵەتداری لە پەیوەندی هاوڵاتیانی هەرێمی کوردستان و کوردستاندا لەگەڵ دەسەڵاتی خۆماڵی دەوڵەت (حکومەتی بنکە فراوان) و" بیرکردنەوە لە خوێنی رژاو و هەڵەبجە و ئەنفال و تراژیدیەکانی دیکەدا لەخەیاڵدانی مرۆڤی ئێمە هیچ پەیوەستبوونیکی بە خاک ونیشتیمان نەهێشتۆتەوە"{ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/ رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد...ل٢٩٠}، کەوتە ئەو کەلەنەی کە لەنێوان چیرۆکە تراژیدییەکانی دەورانی خەباتی شاخ و ناوشاردا لەگەڵ ئەو هەڵسوکەوت و پێکهاتەی دەوڵەتدارییەی ئەو دەسەڵاتە کوردیەیە، جێگەی مەترسییەو رەنگە کاریگەری بکاتە سەر هەڵوەشانەوەی قەوارەکە نەک تەنیا دەسەڵاتە خێڵەکییەکە.قەوارەش موڵکی هەمووانە وبەخوێن و فرمێسک هاتۆتە دی بەڵام دەسەڵاتی خێڵەکی لەخەڵکی شۆڕشگێری زەوتکراو وماندونەناس بۆ ئەو کاراکتەرانەی خێڵ کە ئێستا لەمەیدانن، بەهاسانی دەستیان کەوتووە و ماندوو بوونی پێویستیان تێدا نەبینیوە، بۆیە دەبێ بزانرێ ئەو دەسەڵاتەی ئێستا موڵکی چ چینێکەو بە هزری کام چین بەڕێوە دەچێ. پاوانخوازی دەسەڵات و گرنگیدان بە لۆکالیەتی جوگرافی و بچوککردنەوەی چیرۆکەکانی تراژیدیای خەبات لە ماوەی سێ دەیەی دەسەڵاتی خێڵەکی کوردیدا پەیوەندی نێوان هاوڵاتی وخاک

لەهەرێمی کوردستاندا، مانای گرنگی دان بە رزگاری و ئازادی بێ مانا دەهێلێتەوە.

## سۆسۆلیژیەتی پێکهاتەی دەسەڵات

دەسەڵاتی هەرێمی کوردستان، لەقەدەرێکی میتافیزیکی دروست نەبووەو لەبۆشاییدا نەهاتۆتە مەیدان، بەڵکوو بەشێوەیەک لە شێوەکان لەئاکامی یەکلابوونەوەی هێزی ئەو پێکهاتانە هاتۆتە ئاراوە و ئۆقرەی لەسەر ئەو هاوکێشەیە وەرگرتووە، کە لەهەندێ حاڵەتدا لەئاکامی گرێبەستی کۆمەڵاتی دەرکەوتووەو لەهەندێ حاڵەتدا لەدەرئەنجامی هاوکێشەی هێز پەیدا بووە، ئەوەی لێرەدا دەکرێ لەسەری بوەستین وزیاتر لێکی دەینەوە، بۆچی هەژمونگەرایی زاڵبوون وخۆسەپاندن و ستەمکاری و درێژەدان بەدەسەڵات و دەسەڵات بوون لەهەموو جومگە سەرەکییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەبێ و هەیە، سەرەڕای دابڕانی پەیوەندییەکانی ئەو پێکهاتەیە لەگەڵ جەماوەری بەرفراوان(خوارەوە) کەچی خۆبەدەستەوەدان وملکەچی ورازیبوون وبێدەنگی هەڵبژاردن وبە پێچەوانە رۆیشتنی لەگەڵ ئاراستەکانی جیهانی لەئیدارەدانی دەوڵەت، لەگەڵ ئەوەش لەتوانایدایە بەردەوام خۆی بەرهەم بهێنێتەوەو جێ پێی خۆش بکات، لەلای دیکەش ئاسۆی سەرهەڵدانی ئاڕاستەیەک کە بتوانێ گۆڕانکاری لەو هاوکێشە کلاسیکییە سی ساڵەی حوکمڕانیەتییە بکات، لەلای دیکە هەموو پێشێلکارییەکی ئەو پرینسیپە سەرەکییانەی کە باون لەنێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەرۆژی روناک دەکرێ ، کەچی ئەو هێزە باڵادەستانەی ئێستای دونیا دەست لەپشتی ئەو دەسەڵاتە دەدەن ورێگری لەهەر گۆڕانکارییەک ئەنجام بدرێ، دەکەن. ئەو پرسیارگەلییە خۆی دەوروژێنێ بەزەقی داخوازی وەڵامدانەوەیەکی باوەڕپێکراوی واقعیانەی پێویستە.

دەسەڵات لەخۆیەوە دروست نەبووە ونابێ ، بەڵکوو ئەو دەسەڵاتە رەهەندێکی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە کە پێگە وزەمینەی بۆ دروستکردوە، کە خەڵک بە ویست وئارەزوو شەوقی خۆیەوە رەزامەندن ئەو هەیمەنەی دەسەڵات وەرگرن بە

جێگەی بەختەوەری خۆیانی دا بنێنن، بەڵکوو لەئاکامی پێویستییەکی رازیبوونی ئەو کۆمەڵگەیە درێژە پێدراوی هەیە، وەک فەیلسوفێکی سەدەی ١٧می هۆڵەندی بارۆخ سیبۆنز دەڵێ" ئارەزوێک هەیە بۆ خزمەتکاری و ملکەچبوونی خەڵک بۆ دەسەڵات"{ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/ رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد .... ل ٣٠٣} ، خەڵکی خوارەوەو بندەست ئارەزوومەندی دەسەڵاتێکی لەو جۆرە دەکەن و پشتیوانی و پێگەی کۆمەڵاتین بۆ هێزە سەردەستە دەسەڵاتدارەکە لەنێوان پەیوەندی وهاوسەنگی هێز جێگۆڕکە ،لە ئاکامی هێز، ئەو پەیوەندییەو رەزامەندییەی دروست بووە نەک وەک هیگلی ئەڵمانی بۆی چووە کە "داننان بە پێگەی یەکتری لە نیوان سەردارو کۆیلەداردا"{ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوە....ل٣٠٣} ، بۆیە کاتێ بخوازرێ لێکدانەوە بۆ سەردار و سەردەستی دەسەڵات بکرێ، پێویستە لە چینی خوارەوەی بندەست دیدەنی ئەنجام بدرێ ، کە بەرگری لەو هاوکێشەیە و چینە سەردەستانە دەکات و بە دەسەڵاتداری خۆی دەزانێ بە باوەڕەوە، خۆی بە چینی خوارەوەی ئەو دەسەڵاتە دادەنێ، لێرەدا میشێل فۆکۆیاما ئەو مەسەلەیە لەسەر پەیوەندی هێزەکان و ویستی تواناکان و هێزدا دەناسێنێ، لەکاتێکدا پیتەر بۆردیو.... بە "پێکداچوونی کایەکان و پەیوەندی نێوانیان دادەنێ."{ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە...ل٣٠٥]، ئەوە دەسەلمێنرێ کە جێگۆڕکێ هەیە لەنێوان چینە سەردەست و خوارەوەی کۆمەڵگەو هەڵبەزو دابەزی تێدا روو دەدات لە یارییەکانی ئەو کێڵگەو بوارەدا.

## ئاین و دەسەڵات

ئایین فاکتەرێکی کۆمەڵایەتی بەهێزی هەیە لەناو کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی تا مەدایەکی بای خۆی مەعریفەی ئاینی ئامانجی سەرەکی کۆمەڵگەو هێزێکی گرنگی جولاندنی کۆمەڵگە دەبێ و کاریگەری زۆری دەکاتە سەر رەفتاری تاک و کۆی کۆمەڵگەو دەبێتە هۆکاری ئەوەی لێکتر نزیکبوونەوەو هاوکاری نێوان کۆمەڵگە بەهێزتر بکا و ئۆقرەیی و بێ کێشەیی لەناو دروست بێ و دەسەڵاتیش هەوڵ دەدا کۆنترۆڵی ئاین بکاو دەستی بەسەردا بگرێ"سیاسییەکان وایان بەباش

زانیوه ئیستغلالی هەستی ئایینی بکەن بۆ بەرژەوەندی بەرنامە سیاسییەکانیان "{صموئیل هنتنگتن(٢٠٠٩) / من نحن المناظرة الكبرى حول امريكا/ت. احمد مختار جمال ....ص٤٦٤}، و بەو جۆرە بەرهەمەی هەندێ لەمەراسیم و بەهاکانی بکاتەوە کە لەگەڵ درێژەدان و بەردەوامی دەسەڵاتەکەی دەگونجێ، بەم شێوەیە بونییەی کۆمەڵایەتی و دەسەڵات پەیوەندییەکی پتەویان لەنێوان هەیە، هێز وبەرژەوەندی لەنگەرگیری تەرازووی ئەو پرۆسەیە رادەگرێ،"ئایین ونەتەوەو یەکێ لەماددەکانی ململانێی فیکری هەر کۆمەڵگەیەکن"{صلاح سالم(١٩٨٩)/ تجليات العقل السياسي و مستقبل النظام العربي ......ص٥}، و بۆیە هزری خێڵ و ئایین بۆ بەهێزکردنی پێگەی یەکتر لە نێو، دەست لەملانەی یەکتر دەکەن لەبەردەم بە مۆدێرنکردن و نوێخوازی لە کۆمەڵگە، بە تایبەتی هزر ودەسەڵاتداریەتی خێڵ بەردەوام پەنا دەباتە بەر ئەو کۆڵەگانەی کە بەردەوامی دەداتە دەسەڵاتەکەی. بۆیە لەبەرژەوەندی خێڵدایە "ئیستغلالی هەستی باوی ئایینی ناو کۆمەڵگە دەکات بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتە سیاسییەکەی"،{ صموئیل ب هنتنگتون (٢٠٠٩)/ من نحن – المناظرة الكبرى حول امريكا _ ترجمته الى العربية احمد مختار جمال / الطبعة الاولى / ........ص ٤٦٤}، یاخۆ هەر وەک حاخامێکی جولەکەی بەریتانی دەڵێ "ئایین دەکەنە تەوەری ململانێکان بۆ درێژەدان بە دەسەڵات."{ صموئیل ب هنتنگتون (٢٠٠٩)/ هەمان سەرچاوە ....ص٤٦٤}، بۆیە ئەوەی لێرەدا دەبێتە کێشە، خودی ئایین نییە بەڵکوو" ئەوەی لە ئایین کێشەو گرفتە، ئەو هێزەیە کەدەستی بەسەر ئاییندا گرتووە"{ئەبوبەکر حەسەن( ٢٠٢١)/ رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد .... ل ٣١٣} ،ئەو هێزەی کە ئایین بەکار دەهێنێ بۆ درێژەدان بە دەسەڵاتی سیاسی وخۆ بەرهەمهێنانەوەی بە شکڵبەندییەکی دیکە،راڤەکردنی بۆ ئایین بەدەر نابێ لە خواستی چینیاتی و پێگەی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەو دەسەڵاتە.

کاتێ دەسەڵات تووشی چەقین (رکود) دەبێ وناتوانی گوزارشت لەداخوازی خەڵک بکاتەوە، هەوڵدەدا بەرێگەی دارشتنەوەو بەرهەمهێنانەوەی خۆی وەک سەدام حوسێن لە دوای شکستەکەی جەنگی کەنداوی دووەم ئەنجامی داو پەنای

بۆ ئایین برد، فیودالیستی وخێڵی کوردیش هەمان شێواز دەگرێتە بەر بۆ بەردەوامی دەسەڵات"کاتێ دەسەڵات بێ توانا دەبێ و لەگوزارشتکردنی خواستی میللەت و چارەکردنی قەیرانەکانی ئەو کۆمەڵگەیە هەوڵ دەدا ئەو کاریگەریانەی کە کۆمەڵگە پێ هێور دەکرێتەوە و ئەو پرۆژە داخوازانەی لەبیر دەباتەوە پەنا بۆ ئایین و داب ونەریتی کۆمەڵایەتی دواکەوتوو دەبا "(صلاح سالم (١٩٨٩)/ تجليات العقل السياسي و مستقبل النظام العربي .....ص ٥} ، لەلای دیکە خێڵ ماسکی نەتەوەیی وئایینی دەبەستێ، وەک موعاویەی کوڕی سوفیان گۆتەنی " رەوایی تەنیا لەهێزی بەردەست وەردەگیرێ"{ صلاح سالم (١٩٨٩)/ هەمان سەرچاوە ...... ص ٧} ، ئەوەش لەهەردوو حاڵەتدا کاتێ دەسەڵات لە جەماوەرو دادوەری ناو کۆمەڵگە دابڕابێ، پەنای بۆ دەبا، هەوڵ دەدا ئەکتیڤی ئەو دیاردانە بکاتەوە کە دەسەڵاتەکەی پێ بەهێز دەبێتەوە بێ ئەوەی راستگۆیی لەگەڵ هەردووکیشیان هەبێ.

## رووی ناوەوەو دەرەوەی دەسەڵاتی خێڵەکی

دەسەڵات هێزی بیناکردنی دەرەکی و ناوەوەشی هەیە،هەر یەکیان لە ناوخۆو دەرەوەدا، رۆڵی خۆی هەیە لەبەرهەمهێنانەوە و دروستکردنی هێز لەنەخشەی داهاتوویدا، کاتێ هێزی ناوخۆ بە توندی و پڕ سۆزەوە کار دەکات بۆ بەرهەمهێنانەوە، رەنگە وەک هێز نەبینرێ تەنیا کاریگەری وکارلێکترکردنەکەی ببینرێ، "لەپەیوەندییەکانی شکڵبەندی واقیعی وبابەتی وفۆرمەلە بووی لەناو پەیوەندییەکانی لکێنراو وابەستە بە دەسەڵاتەوە"{ ئەبوبەکر حەسەن(٢٠٢١)/رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد...... ل ٣٣٩}، بەڵام هێزی ناو هەناوی ئەو پەیوەندییە و ئەو ئیشارەتانەی کە لەدەرەوە دێن، لێرەدا چۆن ئەو جولەو تاوانەیەی ئەو ئیشارەت و لێکەوتەو دەرئەنجامەی لێدەکەوێتە کە ئاوێزانی یەکترو تێکەڵ بە یەک دەبن لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو هێزەیە (ناوەوەو دەرەوە)دا و تەواوکردن و تەکامولی هەردوو لا دەدات، هەر وەک جۆدێت باتلەری خانمە فەیلەسوفی ئەمریکی دەڵێ "هیچ کاتێک دەسەڵات نابێتە دەسەڵات ئەگەر هاتوو لەرووی ئەقلەوە گەشەی نەکردبێت کەویستراو بووە"{ ئەبوبەکر

حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوەی سەرەوە ..... ٤٤٠} ، هەروەها ئەو خانمە ئەمریکییە دەڵێ {دەسەڵات تەنیا چرکەسات و ئامرازی چەسپاندن و ملکەچی پێکردنی ستەمکارانی تاکەکان نییە ، بەڵکوو بیناکەرو داهێنەریشە. تواناو دەسەڵاتگەرێکە لەسوژەکانیدا فورمەڵە دەبێت."{ ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١) / هەمان سەرچاوە.... ل٤٤٢} ، کە تیایدا باس لەکۆیلەیی وئاغایەتی دەکا "لە پرۆسەی سەرداری و ملکەچی بوون لەناوەوەو سەیرکردنی و سەرنجدانی لەدیدگاو تێگەیشتنەکانی فۆکۆیاما بۆ دەزگاگەلییەکانی وەک "خوێندنگەو وگرتووخانەو نەخۆشخانەو.... وفرویدی سایکۆلۆژناس وهیگلی فەیلەسوفی خاوەن میتۆدی دیالکتیکی"{ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوە ......ل ٤٤٢}، کە چۆن بەرهەم دەهێننتەوەو و پەیوەندییەکان و کارلێککردن و ئاوێزان بوون لەگەڵ یەکەی هێزی دەرەوەو ناوەوەی ئەو جەستە نوێیەی کە خۆ بەرهەمدەهێنێتەوەو یاخۆ لە رێگەی هێز وهەژموونگەرایی هێزی چینە سەردەست و باڵا دەستەکان، دێتە ئاراوە، هەر بۆیە ئەو خانمە فەیلەسوفە دەگاتە ئەو باوەڕەی کە جەستەی کۆیلەو ملکەچ بوون بۆ سەرداروچینی سەردەستە بێ ئەوەی ئەو ئاماژەیە رابگەیەنرێ، ملکەچی و ژێردەستی بۆ خۆیان بە ئازادانە بەرهەم دەهێنەوە بۆ بەهێزکردنی سەردارو هێزەکانی سەردەست. لێرەدا ملکەچبوون و ملکەچکردن وەک هۆگرێک و وابەستەبوونی ئارەزوومەندانە وەربگرین، کە هێزێکی دەرەوە خوڵقێنەری ئەو ژێردەستییە ئارەزوومەندانەیە دروست دەکات، زۆریش شادو ئارامە چێژی لێ وەردەگرێ ولەلایەنی روحی کاتێ ئەو ملکەچییە ئەنجام دەدات و ئەگەر رێگری لێ بکرێ و هەوڵی ئازادکردنی بدرێ لەو کۆیلەیەتییە خۆی بەرگری لەو ملکەچییە دەکات، بۆیە مارکس و ئینجلز دەڵێن"زۆر لەکۆیلەکان بۆیان بکرێ چەتر هەڵدەدەن بەسەریاندا تا بەر ئازادبوون نەکەون"، لەلای دیکەش هەلومەرجی وا دروست دەبێ کە ملکەچی تاک و کۆی پێدەکرێت و بە ناچاری قەبووڵی بکەن، کە لە رێگەی کۆمەڵایەتی وفەزای نەفسییەوە خۆی دەخوڵقێنێ،وەک سپینۆزا دەڵێ"خەڵکانێک هەن لە پێناو ژێردەستی و ملکەچبووندا تێدەکۆشن وەک ئەوەی ئارامی وئاسودەیی وئاشتی لەو ژێر دەستیەدا بێت"{ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان

سەرچاوە ... ل٤٤٨}، لێرەدا لەوە ئاگادار دەکرێینەوە کە هێزێک هەیە لەهەندێ حاڵەتدا لەهەناوی کۆیلەدایە وەک نیتچەو هیگل بۆمان شی دەکاتەوە"دۆخێکی بیمارو نەخۆش وململانێی ناوخۆیی دروست دەبێ لەترسی ئەوەی نەوەک ئارەزووێک بۆ دەرچوون دروست بێت"{ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١)/ هەمان سەرچاوە...ل ٤٤٩}، کە هەندێ جار ئەو مانەوە بە کۆیلەتییە دەبێتە یاساو بڕیار و تێکستی فەرمی. لەو یاسایەدا وابەستەیی و گرێدراوی ئارەزومەندانە ملکەچی و هۆگری و وابەستییە ئارەزومەندانەو یاخۆ لە رێچکەی یاسایی وەردەگرێ و بەتایبەتی ئەوەندەی میشێل فۆکۆیاما دەستنیشانی کردوە لەو بارەدا، رادەکێشرێتە سەر پەیوەندی یاسایی وروحییەی نێوان سەرۆک خێڵ ورەمزی کۆمەڵایەتی، کۆیلەو ژێردەستەکاندا،شیکردنەوەی سایکۆلۆژیی ولێکدانەوەی تاک و کۆی نەخۆش لە هەڵبژاردنی پاشکۆیی وشوێنکەوتەیی وهۆگری بوون بە مەدای کۆیلەیی وملکەچی دەردەخات.

## ململانێی چینایەتی داینەمۆی گۆڕانکاریەکانە

تا کارو سەرمایە هەبێ وململانێی چینایەتی وبەرژەوەندخوازی دەمێنێ و گەشە دەکا، لەگەڵ گەشەی کۆمەڵگە، کاتێ برژوا لەئەورپا گەشەی کرد و هەنگاوی نا بەرەو سیستەمی سەرمایەداری، فیودالیست و ئەمیر وپاشاو ئەباتیرەکانی رێگەی پێ نەدان بەشداری دەسەڵات بن و لەهەموو ئیمتیازێکی دەسەڵاتداری بێ بەشیکردن"{محمد فؤاد شكري(٢٠١٧) / الصراع بين البرجوازية و الاقطاع ١٧٨٩_١٨٤٨/ المجلد الاول/ مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة/ القاهرة.......ص١٥}، ئاواش چینی برژوا لەدوای دروست بوونی دەوڵەتی نەتەوەیی رێگری لەفیودالیستەکان کرد و دەرفەتی نەدان بەشداریان هەبێ لەسیاسەت و بینای ئابووری وڵات، بێ بەشکردنیان، تەنانەت لەوەی میراتیشیان بوو، کە لەناوەڕۆکدا بۆ پاوانخوازی بەرژەوەندییەکانی خۆی سنووری سیاسی بۆ کێشان و لەو رێگەیەوە کۆنترۆلی ئابووری کرد، بەم شێوەیە هەستی هاوبەش لە نێوان نەتەوەیەک لە یەکبوونی( زمان و مێژوو و رەچەڵەک، کەلتوورو،.....

)و بەرژەوەندی دەسەڵاتی نویّ وپاراستنی ئابووری نەتەوەیی کە بەرجەستەی بەرژەوەندییەکانی خۆی تیادا دەکرد، دەوڵەتیش لەو حاڵەتەدا " شەخسیەتێکی یاسایی و ماف و ئەرکی خۆی هەیە لە رێگەی میکانیزمەکانی بەڕێوەی دەبا و چاودێری لە ماف و ئەرکی هاوڵاتیان دەکاو کۆمەڵگە رێک دەخا لە بوارە جوداییەکان "{محمد فؤاد شکري(٢٠١٧) / هەمان سەرچاوە ... ص٢١}، هەر بۆیە سەرەڕای نادادوەری برژوا، بەڵام ئەم چینە"هەوڵ دەدا بەشداری زۆرینەی خەڵکی هەبیّ لەدەسەڵاتدا لە ڕێگەی ئازادی سیاسی و فرە حزبیدا بۆ ئەوەی زەمینەسازی بۆ دیموکراسیەت بەجیّ بگەیەنیّ"( جریدة المسار/ الحزب الشیوعي السوري .... شباط ٢٠١٧ ص٧)، دەوڵەتی نەتەوەییش لەبنەڕەتدا یانی ئازادیی ئەو نەتەوەیە لەهەموو بوارەکاندا ...... بەو مانایەش دیّ کە گەلەکەی لەهەموو جۆرە ستەمێکی دەرەکی ئازاد ورزگارکرابیّ"{محمد فؤاد شکري (٢٠١٧) / الصراع بین البرجوازیة والاقطاع ..... ص٢٨}، هەر بۆیە بۆ هەموو وڵات وگەلێک دەستنیشانی "بونیەی ئەو ململانێیە چیناتییە بکریّ کاریگەری فاکتەرە دەرەکییەکان لەسەر ئەو بونییەی ئەو ململانێیە وچۆنیەتی یەکخستنی تواناکان لەسەر بنکەی نیشتیمانپەروەری کە بنەماکەی بەرژەوەندی چیناتییە" {المسار/الحزب الشیوعي السوري.... ص٧}.

لێرەدا رەچاوکردنی ستراککەری (بنیة) کۆمەڵگەو رادەی گەشەکردنی لەبواری ئابووری کۆمەڵایەتی وفەرهەنگی، ....، کارێکی پێویستە لەرەنگدانەوەی لەدەسەڵاتی سیاسیدا، هەر کاتیّ دەسەڵات نامۆ بوو لەبەرژەوەندی گشتی ونەیتوانی بەرجەستەی بەرژەوەندی گەل بکا، ئەوا تواناو هێزی گەڵ بە فیڕۆ دەدا لە پێناو بەرژەوەندی گروپێکی بچوکی نێو دەسەڵات و هەوڵدەدا دابەش بوون و شەڕی ناوخۆیی دروست بکاو هەوڵدەدا پەیوەندی هاوڵاتی لەگەڵ نیشتیمانەکەی بپچڕێنیّ و دەکەوێتە نێو کۆمەڵێک وەهم و هانای نەجات دانی بۆ دوژمنی دەرەکی دەبات "{المسار: هەمان سەرچاوەی سەرەوە... ص٨}، دەبێتە

دەسەڵاتێکی ئولیگاریشی و دەستەیەکی بژاردەی گۆشەگیر ئەو کات گۆڕانکاری دەبێتە حەتمی و پێویست .

وا دەخوازرێ لەسەر شۆڕشگێڕان، کە غافل نەبن لەململانێی چینایەتی وسروشتی ئەو ململانێیە وبەردەوام پێویستە لەبەر چاوی بگرن " هاوکێشەی ئەو ململانێیە بنەمایەک دروست دەکا کە تێگەیشتن دروست بێ لەسەر جۆری پەیوەندییەکانی کۆمەڵگە وکە لەهەژموونگەرایی دەوڵەت بەسەر کۆمەڵگدا رەنگدەداتەوە"{ریتشاد لیتل (٢٠٠٩) / توازن القوى في العلاقات الدولية والاستعارات والاساطير والنماذج/ ترجمة هاني تايري/ دار الكتان العربي _ بيروت- لبنان ......ص ١٢}. لەکوردستان بەهۆی داگیرکاری ودابەشبوون بەسەر چوار دەوڵەت کە سێ نەتەوەیی سەرەکی ناوچەکە پێک دەهێنن، ئەو حاڵەتە رێگری دەکا ، کۆمەڵگەی کوردستانی گەشەیەکی سروشتی بەخۆیەوە ببینێ و بەردەوام داگیرکەر هەوڵی داوە پەیوەندییە پاشەڤەڕۆییەکانی لە خێڵەکییەت و دەمارگرژی ناوچەیی و ئاینی برەو پێ بدەن بۆ ئەوەی بزاڤی سیاسی گەشە نەکا و بەردەوام پاروێکی هاسان بێ بۆ قوتدان، ئەوە بوو لەئاکامی زوڵم و زۆرداری داگیرکەران هەندێ بنەماڵەی فیودالیستی توانیان کۆنترۆڵی ئەو جولانەوە نیشتیمانییە بکا و بۆ بەرژەوەندی چینایەتی خۆیان وەگەڕی خەن وهەندێ سیاسەت بەڕێوە ببەن کە لەبەرژەوەندی گشتی کۆمەڵگەی کوردستان نەبێ هەر بۆیە وەک لە ئەدەبیاتی کلاسیکی مارکسیەت هاتووە " پێویستە دەستنیشانکردنی ئەو هێڵەی نێوان شۆڕشگێڕان و دژەشۆڕش دەستنیشان بکرێ، بۆ سەرکەوتن "، { کاوه نادر قادر/ دور الهويه الوطنية الكوردستانية في استقرار الشرق الاوسط / رسالة ماجستير ٢٠١٨_٢٠١٩ .....ص٤١}، بۆیە ئەگەر جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی بە جۆرێکی کلاسیکی و دواکەوتوویی کار بکاو لە دەورانی جیهانگەری وپۆست پۆست دیموکراسی" ئەو حاڵەتانەی کە سیمای دیموکراسیەت و هێز دەبێ و مافی هاوڵاتی وەک پێویست رێزی لێ

ناگیرێ و دەسەڵاتی ئوستۆکراتی بەهێز دەبێ لەئاکامی زیادبوونی رۆڵی کۆمپانیا فرە ناسنامەکان وبەهێزبوونی رۆڵی ئابووری لە بڕیاری سیاسییدا "تعریف مابعد الديموقراطية _ ويكيپيديا / الموسوعة الحرة)، هەر بۆیە چەند بنەماڵەیەکی فیودالیستی توانیان پێدزە بکەنە نێو جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان و رەگی خۆیان داکوتن لەجومگە سەرەکییەکانی ژیانی سیاسی کوردستاندا هەر سەرکرادایەتی ئەو جولانەوەیە قۆرخ نەکەن بەڵکوو دەست بەسەر هەموو دەسکەوتوو وسامانەکانیدا بگرن" ئامادەن قوربانی بە جەوهەری دۆزەکە بدەن بۆ ئەوەی ئەو دەسکەوت و پێگەیەی بەدەستیان هێناوە لەدەستی نەدەن"{ کاوە نادر قادر / هەمان سەرچاوە ........ ص٤٢ }، بەرەنگاربوونەوەی هزری فیودالیستی لەنێو جولانەوەی نیشتیمانی کوردستانی لەگەڵ سەرهەڵدانی ئەو جولانەوەیە هاتە ئاراوە بەڵام لەسەر دەستی ئەو چینی برژوا بچووکەی کە زۆربەی روناکبیرە شۆڕشگێڕەکان گوزارشتیان لێکردوە، کە دەکرێ گومان لەو بەرخوادانەیان بکەین چونکە تەنیا هەوڵیان داوە لەبنەماکانی هێزی فیودالیست بنبڕ بکەن و خۆیان جێیان بگرنەوە و گۆڕانکاری بۆ پێشخستنی جولانەوەکە ئەنجام بدەن، لەلایەکی دیکە بە پێی ئەو دۆخەی داگیرکارییە، برژوا هەڵویستی جگە یەکلاکەرەوە نەبووە لەگەڵ دەسەڵاتی فیودالی، ئەوا فیودالیستیەت بە هۆی جیهانگەری و شۆڕشی تەکنەلۆژیا وپەیوەندییەکانی لەگەڵ دەسەڵاتی داگیرکەرانی کوردستان ، توانیوەیەتی بە هزری فیودالیستی کاری سەرمایەداری بکا و دەرفەت نەدا بە هاوکاری دەسەڵاتی داگیرکەر، کۆمەڵگەی کوردستانی گەشەیەکی سروشتی بۆ پەیوەندییە سەرمایەدارییەکان لەبواری بەرهەمهێنان بەڕێوەبچێ وکاراکتەری سیاسی نوێ بێنە مەیدان، هەموو دەم دیلی دەستی ئەو زهنیەتە بن ولەتەکاندا بۆ رزگاری و گەشەی کۆمەلایەتی سەرکەوتوو نەبن، ئەو کێشەیەش هی هەموو جولانەوەی رزگاری نیشتیمانییەکانە لە دونیا، برژوای بچووک هەم رۆڵێکی خراپ دەبینێ و هەمیش راڕایە لە هەڵوێست نواندن لەنێوان هێڵی شۆڕشگێڕی ودژە شۆڕش و بەرژەوەندییە تایبەتمەندییەکانی

خۆی، لینین گۆتەنی "برژوای بچووک راڕایە لەنێوان دوو چین و دوو جۆری بەرهەمهێنان" {ایڤان پرۆتیتس ، میخائیل تروتسین / قواعد اللينينية لحياة الحزبية ..... ص٤٨} ، یەکێ لەتایبەتمەندییەکانی فیودالیستی سیاسی پاشکۆییە بۆ ئەوانەی لەخۆی بەهێزترەو رەعیەت خواز دەبێ لەوانەی لە خۆی بێهێزترن، ئەم پاشکۆییە لەسەر بەرنامەی نیشتیمانی ونەتەوەیی رەنگ دەداتەوە و دەسەڵاتداری داگیرکەر تۆمەتباری هەموو جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی بکات بە کرێگیراوی کۆڵنیالیستی و بێگانە و ..... ، لەکاتێکدا ئەوە خەسڵەتی چیناتییە نەک تەواوی جولانەوەی نیشتیمانی "ئەگەر حزب نەتوانێ یەکێتیەکی بابەتیانەی رووداوەکان بخولقێنێ و لێکدانەوەیەکی مەعریفیانەی بۆ رووداوەکان نەکات ناتوانێت کار بۆ گوتارێکی ستراتیژی بکا"{گۆڤاری رۆشەنگەری بۆ لێکۆڵینەوەی فیکری و سیاسی / مەڵبەندی سلێمانی _PUK / ژمارە ٢١ / ل ١٤٢} ، لە کوردستان رێک ئەوهای لێهاتوە ، حزب و حکومەت بۆتە دەزگایەک بۆ ئامانج و ئارەزووەکانی فیودالیست و بەردەوام بەکاری دەهێنن و خۆیان لەسەرووی دەستوورو یاسا دەبن و بە مەزاج کاری پێ دەکەن، بۆیە نەیتوانییە لەماوەی نزیکە سەدەیەک گوزارشت لەستراتیژیەکەی بکا لەرزگاری وسەربەخۆیی خۆی"ستراتیژیەت پێش ئەوەی ئامانج بێ، ئەوا میتۆدێکە بۆ داهاتوو"{کاوە نادر قادر (٢٠١٠)/ بەعێراقیکردنەوە یان قوڵبوونەوەی ناسنامە ...ل ٢٥٢}، بەهۆی کورتبینی و کۆلەواری سیاسی ئەو ئەقڵیەتە سیاسییە بەردەوام لەئاستی ئاستەنگەکانی کە دێنە پێش جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانی نەبووینەو نە توانیویتی بڕیارێکی یەکلاکەرەوە بدەن بۆ رزگاری سەربەخۆیی کوردستان، بەردەوام دیلی ئەجینداى دەرەکین وەک پرۆفیسۆر عەباس وەلی دەڵێ " کۆمەڵێک خەڵک سەرکردایەتی جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستانی دەکەن بێ ئەوەی باوەڕیان بە بیری کوردایەتی هەبێ" عەباس وەلی{ Kurd and their Other/ Dr Abas Valli}، کۆمەڵێک خەڵک بازرگانی بە چارەنووسی پتر لە ٥٠ ملیون کەس دەکەن بۆ بەرژەوەندی

و خواستی خۆیان ، کە ناتوانن خوێندنەوەیەکی بابەتیانەیان هەبێ بۆ رووداوەکان، بەداخەوە تا ئیستا سەرکردەیەکی نیشتیمانی لەباشووری کوردستان هەڵنەکەوتووە وەک بۆ ڤێتنام و جەزائیر و هیند و کەمبۆدیا و کۆریای باکوور هەڵکەوت، هەربۆیە بەردەوام لە وەرچەرخانەکاندا کە پێویستە بەرەنگاربوونەو قارەمانەتی بنوێنن،هیچ دەستپێشخەریەکی بەرخوادانیان لا نییەو خاوەنداریەتی ویستی سەربەخۆی کوردستانی ناکەن و هەست بە کێماسی بێ پشتیوانی دەکەن و دەستیان تێک دەئاڵێ لە بڕیارداندا و هەوڵی راکردن لە لێپرسراوەتی دەدەن و وێڵ دەبن بەدوای رێگەیەکی سازشکاری بۆ رزگارککردنی خۆیان وەک داود ئۆغلو گۆتەنی" نەدەزانن بەردی شەترەنجن یاخۆ گەمەکەری شترەنجەکەن" {احمد داود اغلو(٢٠١١) / العمق الاستراتيجي ....ص ٥٤} ، ئەم سەرکردە حزبیە خێڵەکییە دواکەوتووانە هەوڵی دابەشکردنی دەسەڵات دەدەن نەک دابەشکردنی وڵات " {کاوە نادرقادر/ دور الهوية الوطنية الكوردستانية......... ص٤٦}، ئەم شپرزەیە وبەردەوام تێکشکانەی ئەو جولانەوە لەسەر دەستی ئەو سەرانەو واقیعی تێکۆشان و گۆڕانکاری لەهاوکێشەی خەبات لەگۆڕەپانەکە خۆی فەرز دەکا کە چیتر تەحەمولی ئەو ناکۆکیانە نەکات بەو شێوەی بەڕێوە دەبرێ، بەپێێ یاسای نەفی نەفی مارکسیست وا لە خەڵکی شۆڕشگێڕ دەخوازرێ بە خێرایی خۆی ئامادە بکاو لەدەرەوەی گۆڕانکاری چەندایەتی کار بکاو "هۆشیاری سیاسی پێ بگەیەنێ و هەوڵی جولانەوەیەکی گۆڕانخوازی کۆمەڵایەتی بکات "{ سلامة الكيلة (٢٠١٣)/ الماركسية اليوم .... ص١٣٤}، هەر بۆیە دەڵێین سەربەخۆیی هەر مۆدێل وناو نییە بەڵکوو پڕۆژەیەکی کۆمەڵاتییە بۆ خەبات وبەرخودانی نیشتیمانی کە"بتوانێ دابەشکردنی هێزە کۆمەڵاتییەکان لەنێو ئەو جولانەوەیە رێکخا "{شموئيل هانتنتجتون (٢٠١٥) / النظام السياسي لمجتمعات المتغيرة / ت _ سمية قدو عبود / .... ص١٤}، ئەرێ بۆ لە چارەگی کۆتایی سەدەی رابردوو (سەدەی٢٠) چوارێکی دانیشتوانی دونیا توانیان لە داگیرکاری رزگار بن" {روبەرت یۆنگ (٢٠١٨) / مابعد الكولنيالية

.... ص ٦} ئەی بۆ هەر کوردستانیان وا ژێردەست بمێنەوە، سەرکردەیەک دروست نەبێ هی هەموان بێ وخۆشی بە هی هەموان بزانێ و بۆ ستراتیژیەتی سەربەخۆیی کار بکا بەپێی بەرنامەیەکی داڕێژراو لەلێکدانەوەیەکی واقعیانەی فاکتەرە خۆیی و بابەتییەکان، لەئێستاوە بۆ داهاتوو هەنگاو بنێ، کە پتر پشت بە فاکتەرە ناوخۆییەکان دەبەستێ ودەست "لە چارەسەرییە ریفۆرمخوازییەکان کە هەموو کات کوردستانیان نیوەی ململانێیەکەیان تیادا لەدەست داوە"{کریس کۆچرا /مجلة الدراسات الكوردية في پاريس / العدد الثاني /...... ص٢٨٩} ،لەکۆتایدا دەکرێ بڵێین "ئەو شکست و رووداوە تراژیدیانەی کە بەسەر کوردستانیان دادێت، خەسڵەتی چینیاتی و هزری سیاسی فیودالیستی کوردستان نەک جولانەوەی رزگاری نیشتیمانی کوردستان ، گەل لەسەر پێیەو دۆزەکە رەوایە و دونیاش گۆڕاوە وەک جاران ئابڵوقەی نەخستۆتە سەر دۆزەکە .

لێرەدا دەردەکەوێ کە حزبە کلاسییەکانی کوردستانی ناتوانن سەردەمیانە بیر بکەنەوەو و باش بۆ دوارۆژ کار بکەن و ئیستا بەهۆی کۆمەڵیک هۆکاری دەرەکی و ناوخۆیی گرەو لەلای ئەوانەیە کە پشت بە مەعریفەت و مۆدێرن و زانست دەبەستن لە رێگەی یاسا و عورفە نێودەوڵەتییەکان لەدرێژەدان بە خەبات بۆ گەلەکەیان بە جۆری مۆدێرن لەسەر ئەو ستراتیژییە یەکگرتوەی کوردستانی، هەر بۆیە پێویستە ئەو رەوتە دەست بەخەباتی فیکری و سیاسی بکا لە ناوخۆدا چەندە هەڕەشەو گوڕەشەشیان لەسەر بێ، نابێ کۆڵ بدەن، خۆ بەدەستەوەی واقیع بدەن، بۆ شۆڕشگێڕ ئەوە نییە کە لەگەڵ واقیع بژین بەڵکوو پێویستە واقیع بگۆڕن بۆ حاڵەتی پێشکەوتووتر، لێرەدا ئەو رەوتە لەبەردەم تاقیکردنەوەیەکی زۆر سەخت ودژواردان، ئایا دەتوانن راو بۆچوون و رێچکەی خۆیان زاڵکەن بەسەر جولانەوەی نیشتیمانی و ئەو بوێریەیان تێدا بێ کە خۆ بەدەستەوە نەدەن و لەسەرووی خاوەن بڕیاردەری کوردستان خۆ فەرز بکەن .

## سەرچاوەکان

١_مبادىء علم السياسة (مدخل .... موجز لدراسةالعلوم السياسية) كلية القانون جامعة بغداد.

٢- موريس دوفرجيه / مدخل الى علم السياسة / د. سامي الدروبي_د جمال الأتاسي /دمشق (التحليل النفسي والسياسة.

٣_ كييت جرينت (٢٠١٣) / القيادة / ترجمه للعربية حسين التلاوي / قاهيرة.

٤_ على الحرب (٢٠١٣) / حديث النهايات ... فتوحات العولمة ومأزق الهوية / المركز الثقافي العربي / الطبعة الثالثة.

٥_ فرانسيس فوكوياما (٢٠١٦) / ت. معين الامام ومجاب الامام/ النظام السياسي وانحطاط السياسي/ من الثورة الى الصناعية الى عولمة ديمقراطية /الطبعة الاولى.

٦_أيوب البارزاني (٢٠١٠) / الحركة التحررية الكوردية و صراع القوى - الاقليمية و الدولية ١٩٥٨- ١٩٧٥

٧ _ايڤان برونين وميخائيل ستينتشيف (١٩٧٨) / القواعد اللينية لحياة الحزبية الد اخلية- تحريب ندى الشمالي/مطبعة االرواد للطباعة _ بغداد.

٨_ برهان ابابكر ياسين (٢٠٠٢) / كوردستان في السياسة القوى العظمى ١٩٤١_١٩٤٧ / ترجمة هوراس / الطبعة الاولى / مطبعة هاوار / كوردستان ــدهوك.

**٩_ سلامة كيلة (٢٠١٣) / الماركسية اليوم.. في المنظورات الماركسية الجديدة / الطبعة الاولى / خطوات للنشر والتوزيع.**

**١٠_ عبدالله اوجالان (٢٠١٠) / مانيفست الحضارة الديمقراطية – سوسيولوجيا الحرية / المجلد الثالث/ ترجمته من التركية / زاخو شيار/مطبعة رنج- تموز.**

**١١_روبرت يونغ (٢٠١٨) / ما بعد الكولنيالية / ترجمة عدنان حسن/ دار الحوار للنشر والتوزيع / الطبعة الاولى.**

**١٢_ عبدالله اوجالان (٢٠٠٦) / مانيفست الحضارة الديمقراطية / المدنية الرأسمالية –عصر الالهة غير مقنعة والملوك العراة / المجلد الثاني _ العصرنية الديمقراطية وقضايا تجاوز الحداثة الرأسمالية /ترجمته من التركية – زاخو شيار/ الطبعة الثالثة / منشورات معهد الدراسات الاستراتيجية / الطبعة الاولى.**

**١٣ _ خليل كاردة/ كوردستان پوست / الاقطاعية جزء من المشكلة وليس جزء من الحل / ٢٠١٧/٥/١١.**

**١٤_ تحليل مقال الفلسفي حول الانظمة السياسية/ منتديات الحلقة.**

**١٥___ احمد داود اغلو (٢٠١١) / العمق الاستراتيجي – موقع تركيا ودورها في الساحة الدولية / ترجمة محمد جابر ثلجي وطارق عبدالجليل/ الطبعة الثانية.**

**١٦_ الديمقراطية الاجتماعية/ هل يمكن الاستقرار في ظل الديمقراطية ......المنجز/ ١٢/ابريل/.٢٠٠٥.**

**١٧_حسام ابوداود/ المنظور الفلسفي عند ميشيل فۆكۆياما.. ثوره في النهج / الطبعة الثالثة/ ٣/٦/ ٢٠١٨**

**١٨_د. مولود زايد الطبيب (٢٠٠٧) / علم الاجتماع السياسي /طبعة الاولى / جامعة ٧ من ابريل / الزاوية ليبيا.**

**١٩_د. محمد صبع (١٩٨٩) /مفهوم القبيلة في النظرية العالمية الثالثة/ الطبعة الاولى / المركز العالمي للدراسات والأبحاث العالمية / طررابلس – الجماهيرية الليبية.**

**٢٠_مانويل كاستلز(٢٠١٤)/ سلطة الاتصال ، ترجمة و قديم : محمد حرفوش_ط١ المركز القومي للترجمة ، القاهرة ، مصر.**

**٢١ _ صموئيل ب هنتنگتون (٢٠٠٩)/ من نحن – المناظرة الكبرى حول امريكا _ ترجمته الى العربية احمد مختار جمال / الطبعة الاولى.**

**٢٢_د م حمد عابد الجابري (٢٠٠٠) / العقل السياسي العربي محدداته وتجلياته / مركز الدراسات الوحدة العربية / الطبعة الرابعة / بيروت_ لبنان.**

**٢٣-د. حسين الادرسي (٢٠١٠) / محمد عابد الجابري – مشروع نقد العقل العربي/ الطبعة الاولى – بيروت لبنان.**

**٢٤_ كاستلزمانويل (٢٠١٤) /سلطة الاتصال/ ترجمة وتقديم محمد حرفوش ط١ المركز القومي للترجمة- مصر_ القاهرة.**

**٢٥_ناش كيت (٢٠١٣) / السوسيولوجيا السياسية المعاصرة – العولمة والسياسة والسلطة – ترجمة د. حيدر عاج اسماعيل، ط١_ المنظمة العربية للترجمة – بيروت_ لبنان.**

**٢٦_ بارنى دارن (٢٠١٥) / المجتمع الشبككي / ترجمة: أنور العجماوي- ط١/المركز العربى للأبحاث ودراسات السياسية / بيروت_ لبنان.**

**٢٧- بيان آصف (٢٠١٤) / الحياة السياسية، كيف يغير البسطاء الناس الشرق الأوسط: ترجمة احمد زايد، ط١: المركز القومي للترجمة، / القاهرة _مصر.**

٢٨_تيليغا كريستيان (٢٠١٦) / علم النفس السياسي ورؤى نقدية / ترجمة؛ أسامة الغزولي/ المجلس الوطني للثقافة والفنون والاداب- كويت.

٢٩_عبدالله محمد الغذامي (٢٠٠٩) /القبيلة والقبائيلية او هويات مابعد الحداثة / دار البيضاء – المغرب.

٣٠_ مجموعة من المؤلفين (٢٠١٩) / العشيرة والدولة في بلاد المسلمين / ت: الى العربية _ رياض الكعال ونبيل الخشن / سلسة الترجمان / المركز العربي لابحاث والدراسات السياسية.

٣١_محمد عابد الجابري (١٩٨٢) / فكر ابن خلدون: العصبية والدولة: معالم نظرية خلدونية في التاريخ الإسلامي / دار الطليعة للطباعة والنشر_ بيروت.

٣١-عبدالله حمودي (٢٠١٥) / الحداثة والهوية – سياسة الخطاب والحكم المعرفي حول الدين واللغة – دار البيضاء / مركز الثقافي العربي.

٣٢_ رعد حافظ (٢٠٠٠) / التنشئة الاجتماعية أثرها على سلوك السياسي/ دار وائل للنشر والتوزيع/ عمان.

٣٣_خلدون النقيب (١٩٩٦) /صراح القبيلة والديمقراطية _ حالة الكويت / دار الساقي- لندن وبيروت.

٣٤_د. علي محمد ابراهيم الكردي (٢٠٠١)، / مفهوم القيادة ووظائفه.

٣٥_صلاح سالم (١٩٨٩) / تجليات العقل السياسى ومستقبل النظام العربي.

٣٦_ فردريک انجلس / آصل العائلة والملكية الخاصة والدولة – ت. أحمد عزالعرب / دار الطباعة.

٣٧_محمد فؤاد شكري (٢٠١٧) الصراع بين البرجوازية والاقطاع ١٧٨٩_١٨٤٨(المجلد الأول) / مؤسسة هنداوي للتعليم والثقافة/ القاهرة

## سەرچاوەکان بە کوردی

١_ ئەبوبەکر حەسەن (٢٠٢١) / رەخنە لەئەقڵی سیاسی کورد – خەیاڵدا وقەڵەمڕەوی خێڵ/ چاپی یەکەم.

٢_کاوە نادر قادر (٢٠٢٠) /سیاسەت لە کوردستاندا .... چاپ نەکراوە.

٣_فاروق رەفیق /بت سازی وبت شکێن / رۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە ١٥١-١٥٢

٤- رێبوار سیوەلی (٢٠١٣) / سیاسەت لە قەیراندا– چاپی یەکەم - کوردستان.

٥_کاوە نادر قادر (٢٠١٠) /بەعیراقیکردنەوە یان قوڵبوونەوەی قەیرانی ناسنامە / چاپخانەی منارە_ هەولێر

٦_ئیدریس ئیبراهیم گەڵالی (٢٠٠٣) / سەرکردەو لێکۆلینەوەی سیاسی / سلێمانی

٧_ ئایندەی هێز (٢٠١٤) /هزری بونیاتنان/ کتێبی١/ لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری گولان / کوردستان.

٨_کۆتایی سایکس پیکۆ (٢٠١٤) / هزری بونیاتنان/ کتێبی ٢/ لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاری گولان / کوردستان.

_١ Dr. A. Vali/ the Kurds and their other .

## رۆژنامه و گۆڤارو ئەنتەرنێت

١_الاجتماعية) / دراسة بحث/ جامعة القادسية _ كلية الاداب – قسم علم الاجتماع.

٢ _أ. د، رياض عزيز هادي / مفهوم الدولة ونشوئها عند ابن خلدون /بحث منشور في مجلة العلوم السياسية/ العدد ٣٧.

٣_وديع العبيدي (٢٠١٣) / في علم الاجتماع القبلي / الحوار المتمدن _ العدد-٤٣٤٤_ ٢٠١٤/٤/٢٤.

٤- بنعاس الهواري (٢٠٠٩-٢٠١٠) / المجتمع القبلي المغاربي بين النظريتين لخلدونين والانقسامية، دراسة نظرية والتطبيقية.

٥_القبيلة والسلطة في الشرق الأوسط / حلقة في تلفزيون الجزيرة/ مقدم الحلقة- خالد الحرب مع الضيفين – فالح عبد الجبار وسام الزبيدي/ ٢٠٠٤/٤/٣.

٦_ هند ناظم گزار (٢٠١٨) / دور التوجهات الدينية في البناء الاجتماعي) دراسة الدور التنشئة الدينية في التوجهات.

٧_عبداللة حمودي / الداخلي والخارجي في التنظير طريق تأسيس خطاب انثروبولوجي للظاهرة القبيلة خطوة /نقله من أصل فرنسي المولود الأحمر وراجعه ع حمودي / مستقبل / مجلة العمران – العدد٥_١٩/ شتاء ٢٠١٧.

٨_ د. خالد الهاجري/ الاكاديمية الدولية لانجاز_ IAAالتغير في البناء الاجتماعي للقبيلة في الجزيرة العربية، ٣،١_٢، ٣_٣،٣.

٩_ الشيخ مشعل خالد متعب اهذال/ العشائر ودورها في البناء المجتمع والدولة – بقلم الشيخ مشعل متعب / الشبكة الاخبار العراقية/ ٢٢ أكتوبر ٢٠١٨.

١٠_شريهان حوامدة / القبيلة وأسس تصنيف القرابة في الامثرولوجيا الاجتماعية / موسوعتك بالعربي / ١٤ يناير ٢٠٢١.

١١_عبد الرزاق ابلال – كلية الاداب والعلوم الانسانية، جامعة سيدي محمد بن عبدالله فاس المغرب / الحركات الاجتماعية والتغير السياسي / مجلة العلوم الاجتماعية / العدد ١ أكتوبر.

١٢_ جمعة الزروقي فرج بلعيد (٢٠١٥)/ دور القبيلة في الانظمة السياسية _ كلية الاداب_ جامعة الشرق الاوسط/ اطروحة دكتوراه.

١٣_د.علي بن حمد/ القبيلة و علاقاتها بالتغير الاجتماعي/ جريدة الرياض السعودية / الاثنين ٢٢ ديسمبر/ العدد

.١٤٧٩١

١٤-فخري كريم/ حين تحل القبيلة مكان الدولة/ جريدة المدى / العدد ٣٨٠٦ – ٢٠-ك١ ٢٠١٦.

١٥-يوسف الضمرة / دور الثقافة القبلية في عملية التغير /٤/ ٧/ ٢٠١١/ الجزيرة نيت.

١٦-عبد الرزاق ابلال/ مجلة علوم الاجتماعية / الحركات الاجتماعية والتغير السياسي/ العدد الأول/ ٢٠١٧.

١٧_محمد النعماني/ ثلاثية الدولة والقبيلة والمجتمع المدني- مقارنة سوسيولوجى للدور السياسي للقبيلة في اليمن وتحديد علاقاتها وموقعها بين المجتمع المدنيو المجتمع السياسي/ ٢٠١٦/٤/٢٤.

**١٨_د. مثنى العبيدي/ملامح تصاعد دور القبيلة في الانتخابات التشريعيةالعراقية/ المستقبل للأبحاث والدراسات المتقدمة.**

**١٩_ د. محمد الضويني/ ترجمة: رشا جمال _ بين الأنانية والإنسانية / مختارات من فلسفة الإنسانيية / ٢٠١١/ مؤسسه فلسفة الإنسانيين سويسرا/ الشبكة العربية للأبحاث والنشر./ ترجمة رشا جمال/ بيروت ٢٠١٢**

**٢٠ _د. أحمد زيدان/ رهان االقبيلة في بناء الدولة الوطنية / جريدة الاهرام / ١٦ ديسمبر٢٠١٧.**

**٢١_ كاوه نادر قادر (رسالة ماجستير) / دور الهوية الوطنية الكوردستانية في استقرار الشرق الاوسط/ ................. ٢٠١٨**

**٢٢_ د. على عودة / الحراك الشعبى الواسع والتغير في البلدان العرببية / دراسة في الاسباب والنتائج والتحديات .......**

**٢٣_ أ. عباد محمد/ محاضرات مقياس سوسيولوجيا الرابط الاجتماعي/ قسم علم الاجتماع ٢٠٢٠_٢٠٢١جامعة البويرا.**

**٢٤_د. ابراهيم الحيدري/ القبيلة و الطائفية و المجتمع /ايلاف_ ١٨ى ايلول.٢٠١١**

**٢٥_ فايد العليوى/ القبيلة: التكوين في سياق سياسي..... ٥سبتيمبر ٢٠١٧ /المركز الثقافي للكتاب**

**٢٦_ تعريف القبيلة/ فريق موقع بوابة علم الاجتماع/ ١ فنراير ٢٠٢٠**

**٢٧_ علي الجبلي ()/ القبيلة و المجتمع ، قراءة في أدوار القبيلة.......**

**٢٨_ محمد بن على المحمود/ القبيلة والوعي القبلي}، /جريدة الرياض- ٨- ٨/ ٢٠٢٣**

**٢٩_ لعبيدي لصفر/ اهمية الرجوع ال ابن خلدون في تحليل وتفسير القبيلة /فيلوبريس.**

**٣٠_ د، البشيرعلي الكوت/ الدور السياسي للقبيلة في ليبيا / بحث اكاديمي _ جامعة طرابلس- ليبيا / مجلة العلوم القانونية والسياسية – العدد ١٧/ سنة ٢٠١٨.**

**٣١_ د. محمد صبح (١٩٨٩) / مفهوم القبيلة في النظرية العالمية الثالثة /الطبعة الاولى/المركز العالمي للدراسات والابحاث العالمية / طرابلس – الجماهير الليبية**

**٣٢_ أ.عباد محمد/ محاضرات مقياس سوسيولوجيا الرابط الاجتماعي/ جامعة بويرا}،**

**٣٢_ ويكبيديا/ مقدمة ابن خلدون}**

**٣٣_ لقبيلة والسلطة في الشرق الاوسط / تلفزيون الجزيرة_ حوار – ٣/٤/ ٢٠٠٤**

**٣٤_ د. ابراهيم الحيدري/ القبيلة والطائفية والمجتمع /ايلاف_ ١٨ى ايلول ٢٠١١.**

**٣٥_** مانويل كاستلز **(٢٠١٤) /سلطة الاتصال، ترجمة وتقديم: محمد حرفوش_ ط1، المركز القومي للترجمة، القاهرة، مصر..... ص٤٢٧}،**

**٣٦_ أ. عبد الرزاق أبلال- كلية الاداب والعلوم الإنسانية، جامعة سيدي محمد بن عبدالله، ظهر المهراز-فاس- المغرب/الحركات الاجتماعية والتغير السياسي/ مجلة العلوم الاجتماعة/ ص ١٦٢_العدد ١_اكتوبر ٢٠١٧.**

**٣٧_د. محمد الصبح (١٩٨٩)، مفهوم القبيلة خلال النظرية الثالثة/طرابلس الجماهيرية الليبية ...ص٤٩+٥٠}.**

**٣٨_ {جمعة الزروقي فرج بلعيد (٢٠١٥)/ دور القبيلة في الانظمة السياسية _ كلية الاداب_ جامعة الشرق الاوسط/ اطروحة دكتوراه.**

# Zihniyeta eşîrî

## di nava rêxistinên   kurdistanda

## الذهنية القبلية

## في تنظيمات الكوردستانية

**Kawa Nader Qader**

**2023**

**Hewler_ Kurdistan**